ئاستانە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

# ڕێبازە فەلسەفییە ئیلحادییە ڕۆحییەکان

## ئەزموونە هەنووکەییەکانی

نووسینی: د. فەوز عەبدوللەتیف کامیل کوردی
وەرگێڕانی: سەرهەنگ ئەحمەد فەتاح

د. فەوز عەبدولـلەتیف

دکتۆرە فەوز عەبدولـلەتیف کامل کوردی
لە شاری مەدینەی مونەوەرە لە ساڵی ١٣٨٨ کۆچی لەدایکبووە.
خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بیروباوەڕ و ڕەوت و ڕێبازەکانی سەردەم.
سەرۆک بەشی دیراساتی ئیسلامییە لە کۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی (الملك عبدالعزيز) بەشی ئافرەتان. ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری گۆڤاری (تأصيل المحكمة)ـی سەر بە جەمعییەی سعوودییە بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری، هەروەها ئەندامی کۆمەڵەی زانستی سعودییە بۆ زانستەکانی بیروباوەڕ و ئایینەکان و، توێژەرە لە بوارەکانی بیروباوەڕە هاوردەکراوەکان و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیان. چەندان خولی زانستی پێشکەشکردووە لەسەر بابەتە جیاوازەکان بەتایبەت لەسەر ڕێبازە ئیلحادییە ڕۆحییەکان و، بەشداری دەیان کۆنفرانس و کۆبوونەوەی زانستی کردووە.

**دیارترین نووسراو و بەرهەمەکانی:**

١- المـؤثرات الغيبية في النفس الإنسانية بين الدين و الفلسفة.
٢- أثر الفلسفة الشرقية و العقائد الوثنية في برامج التدريب و الإستشفاء المعاصرة.
٣- المـذاهب الروحية الفلسفية الإلحادية وتطبيقاتها المعاصرة .
٤- أصول الإيمان بالغيب وآثاره.
٥- حركة العصر الجديد: دراسة لجذور الحركة و فكرها العقدي و مخاطرها على الأمة الإسلامية
٦- طرائق تدريس التربية الإسلامية.
٧- المرأة في مناهج التعليم.
٨- العلاج بالطاقة بين العلم والقرآن.
٩- تحقيق العبودية بمعرفة الأسماء والصفات.

# ڕێبــازە فەلســەفییە ئیلحادییە ڕۆحییەکان

و

## جێبەجێکارییەکانی هاوچەرخیان

نـــاوی نـــووســـەر : د. فەوز عەبدوللەتیف کامیل کوردی
نـــاوی وەرگێڕ : سەرهەنگ ئەحمەد فەتاح
دیزاینـــی ناوەوە و بەرگ : ڕێکخراوی ئاستانە
نـــۆبـــەتی چـــاپ : یەکەم ٢٠٢٣
تیـــــــــراژ : ١٠٠٠ دانـــــــە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (١٣٢١) ی ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی ئاستانە ©

# ڕێبازە فەلسەفییە ئیلحادییە ڕۆحییەکان

## (ئەزموونە هەنووکەییەکانی)

نووسینی

**د. فەوز عەبدوللەتیف کامیل کوردی**

وەرگێڕانی

**سەرهەنگ ئەحمەد فەتاح**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی پەیامبەری خۆی نارد بە ڕێنیشاندەری ئایینی حەق؛ بۆ ئەوەی زاڵی بکات بەسەر گشت ئایینەکاندا، گەر چی هاوبەشدانەران پێیان ناخۆش بێت. سەڵات و سەلامی خودا لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و خانەوادە و هاوەڵان و ئەو کەسانەش بە چاکە شوێنیان کەوتوون تاوەکوو ڕۆژی دوایی.

پاشان:

زانراوە خودای باڵادەست پەیامبەری خۆی(ﷺ) هەڵبژاردووە و کردوویەتی بە کۆتاهەمینی پێغەمبەران، پەیامی ئیسلامی لەگەڵ ڕەوانەکردووە کە کۆتا پەیامی خودایە و فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَبتَغِ غَيرَ الإِسلامِ دينًا فَلَن يُقبَلَ مِنهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الخاسِرينَ﴾ [آل عمران:٨٥] «هەر کەسێک بێجگە لە شەریعەتی ئیسلام هەر بەرنامە و ئایینێک هەڵبژێرێت و بیکات بە پەیڕەوی ژیانی، هەرگیز لێی قەبووڵ ناکرێت و لە دواڕۆژدا لەڕیزی خەسارتەمەندانە»، هەروەها فەرموویەتی: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ [المائدە: ٣] «ئەمڕۆ ئایینی ئیسلامم بۆ کامڵ کردن، هەرگیز پێویستتان بە زیادە نابێت بیهێننە ناو ئایینەکەتانەوە، نیعمەت و بەخششی خۆم تەواو ڕژاند بەسەرتاندا و ئیسلامیشم بە بەرنامە و ئایین بۆ هەڵبژاردوون و نابێت هیچ کاتێک لێی لابدەن.» خودا منەتی کردووە بەسەر بەندەکانیدا بەهۆی ئەوەی ئایینەکەی بۆ کامڵ کردوون و نیعمەت و بەخششی خۆی بۆ تەواوکردوون بە ئایینێکی کامڵ کە گونجاوە بۆ گشت کات و شوێنێک، ئایینێک تاکە پەیڕەوە بۆ مرۆڤایەتی کە خودا لێی ڕازی بێت، ئایینێک مایەی کامەرانی دونیا و سەرفەرازی دواڕۆژە، بۆیە

دەستگرتن بەم ئایینەوە مرۆڤەکان دەپارێزێت لە گشت لادان و گومڕاییەک، پەیامهێنی خودا(ﷺ) فەرموویەتی: «تَرَكْتُ فِيكُمْ مَا إِنْ تَمَسَّكْتُمْ بِهِ لَنْ تَضِلُّوا بَعْدِي أَبَداً: كِتَابَ اللّهِ وَسُنَّتِي» «دوو شتم بۆ بەجێهێشتوون ئەگەر دەستی پێوە بگرن، هەرگیز گومڕا نابن، ئەوانیش: قورئان و فەرموودەکانی منن.»[1]

باوەڕبوون بەوەی کامڵی ئیسلام بۆ گشت لایەنەکانی ژیانە یەکێکە لە داخوازییەکانی باوەڕبوون بە پێغەمبەر(ﷺ)، بەردەوام توێژینەوە زانستی و پەروەردەییەکان دەرخەری ئیعجاز و ڕاستییتی و سەرسوڕهێنەری درووشم و سەرچاوە پیرۆزەکانی ئەم ئایینەن، بەڕاستخەرەوەی سوننەتی ئەو پێغەمبەرەن (ﷺ) کە لەخۆیەوە قسان ناکات، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی زیادبوونی ئیمان و جێگیربوونی دڵ و بەرزکردنەوەی هیممەت بۆ تێڕامان و پەیوەستبوون بەم ئایینە پیرۆزەوە. پێشەوا ئیبن قەیم (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: «بەگشتی پێغەمبەر (ﷺ) هەموو خۆشی و کامەرانیی دونیا و دواڕۆژی بۆ هێناون، خودا مرۆڤەکانی بێپێویست کردووە لە غەیری ئەو (ﷺ)، باشە چۆن وا گومان دەبرێت ئەو شەریعەتە کامڵەی کە هاوشێوەی نەهاتووەتە دونیاوە کەموکووڕی تێدابێت و پێویستی بە سیاسەتێکی دەرەکی، یان پێویستی بە قیاس و عەقڵ بێت کامڵی بکات؟! هەرکەسێک ئەم گومانە ببات، وەک ئەو کەسە وایە گومان دەبات خەڵکی پێویستییان بە پێغەمبەرێکی دیکەیە جگە لە پێغەمبەر(ﷺ)! هۆکاری ئەمەش بریتییە لەوەی حەقیقەتی ئەو ئایینەی پێغەمبەر(ﷺ) هێناوییێتی شاراوە بووە لەوانەی ئەو گومانەیان بردووە، هەروەها لاوازییان لەو فەهم و تێگەیشتنەی کە هاوەڵانی لەسەری بوون و ئیکتیفایان پێ کردووە و بێپێویست بوون لە هەر شتێکی دەرەکی، ئەو فەهم و تێگەیشتنەی بەهۆیەوە دڵ و وڵاتانیان پێ ئازاد کرد و پێیان فەرمووین: ئەم پەیمانی پێغەمبەرمانە (ﷺ)،

---

(١) پێشەوا مالیک لە(الموطأ) گێراویەتیەوە بە ژمارەی (٢٦١٨)، ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە لە (السلسلة الصحيحة) بە ژمارەی (١٧٦١).

ئەمە پەیمانی ئێمەیە بۆ ئێوە.»[1]

دەستگرتن بە قورئان و فەرموودە و دیراسەکردنیان و تێڕامان و جێبەجێکردنیان شیفای دڵ و ئەقڵ و ڕۆح و جەستەکانە، ئەم ڕێبازە بۆ ژیان مەنهەجی قەبووڵکراوە لەلای خودا، تەنیا ئەم ڕێبازە ڕێگای ڕاستە بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری، هەروەک چۆن تاکە ئامڕازی گەڕانەوەی مەجد و شکۆ و گەشتنە بە ئومێدەکانمان، پەیامهێنی خودا (ﷺ) فەرموویەتی: «لَقَدْ أَتَيتُكُمْ بِها بَيْضَاءَ نَقِيَّةً» بێگومان ئەو ئایینەم بە سپی و پاکی و دوور لە هەموو خەوشێک بۆ هێناون.[2]

لەم سەردەمەدا شێوازەکانی لادانی موسڵمانان لە توراسە شکۆمەندەکەیان (وەحی خودا) شێوازگەلێکی شاراوەی (باطنی) زۆر ترسناکە، بەڕاشکاوی خەڵکی بانگ ناکەن بۆ وازهێنان لە ئایینەکەیان، بەڵکوو وایان لێ دەکەن هیچ گرنگییەکی پێ نەدەن با لە بەردەستیشیان بێت، بەهۆی ئەوەی سەرقاڵییان دەکەن بە شتانێکی دیکەوە، هەروەها کاردەکەن بۆ پەراوێزخستنی ڕۆڵی وەحی لە کایەکانی ژیان، هەتاکوو وەک چەند پەیامێکی ئەدەبی و ژمارەیەک درووشمی لێ بێت! یان خوارکردنەوەی دەقەکان بۆ گونجاندنیان لەگەڵ واتاگەلێکی باتڵ و بێبنەما، یان بە دوورخستەوەی لە مەکانەتی هیدایەت و ڕێنمایکار بۆ پاشکۆبوون و شوێنکەوتوویی. هەموو ئەمانە وادەکات ئوممەتی ئیسلامی شوناس و شکۆیان لەدەست بدەن و توخمە بنچینەییەکانی هیدایەت و عیززەت و سەرکەوتن و جیاوازبوونیان ون بکەن، ئێمە هەر بەو شێوازەین کە پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "ئێمە ئوممەتێکین خودا بەهۆی ئیسلامەوە بەعیززەت و شکۆداری کردووین، بۆیە هەرگیز جگە لە ئیسلام لە

---

(١) إعلام الموقعين، ابن القيم (٣٧٦/٤).

(٢) پێشەوا ئەبو یەعلا لەموسنەدەکەیدا گێڕاویەتییەوە، پێشەوا هەیثەمیش لە(مجمع الزوائد ١٨٢/١) گێڕاویەتییەوە، چەند فەرموودەیەکی دیکە شاهیدی بۆ دەدەن.

شتێکی دیکەدا بەدوای عیززەت و شکۆدا ناگەڕێین[1]".

مەبەست بەم پەرتووکە وەستانە لە ڕووی ئەو لافاوە ڕاپێچەرەی فەلسەفە و تقووس و نەریت و درووشمی ئایینەکانی ڕۆژهەڵات کە خەریکە جیهان دەگرێتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکەن خەڵکی ڕێبازی ژیانیان لە توراسی ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان و فەلسەفەی بتپەرستان وەربگرن بە گومانی ئەوەی ئەم ڕاهێنان و پراکتیزانە-التطبيقات- بێلایەنن و پەیوەندییان بە سەرچاوەی ئایینییەوە نییە! بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کۆتایی ئەم ڕاهێنان و پراکتیزانە زۆر ترسناکە، وردە وردە باوەڕبوون بە عبوودییەت و بەندایەتی ڕیشەکێش دەکات لە دڵی ئەو کەسانەی پەیڕەوی دەکەن، بە زیادەڕۆییکردن لە بەگەورەدانانی مرۆڤ و هێزی شاراوەی ناو ناخی و هەڵوەشاندنەوەی تایبەتترین واتاکانی بەندایەتی کە پەیوەستبوونی دڵە بە خودا و پاڕانەوەیە لێی و هەستکردن بە لاوازی و بێدەسەڵاتییە، هەروەک چۆن لەمەودوا زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

بانگەشەکردن بۆ ئەم جۆرە تقووس و وەرزشە ڕووکەشەکەی گەڕانە بەدوای دانایی و حیکمەت و وەرگرتنی عیلم و مەعریفەت جا لە هەر سەرچاوە و شوێنێکەوە هاتبێت، ڕواڵەتەکەی بریتییە لە کرانەوە و شارستانییەت، بۆیە خەڵکانێکی زۆر لە موسڵمانان شوێنی کەوتوون و هیچ گوێ نادەن بە ئاگادارکردنەوەیان، بە گومانی ئەوەی بنەمای ئەم ئاگادارکردنەوەیە بیردۆزێکی تەقلیدییە کە بریتییە لە «ترس لە شتە نوێیەکان» و هیچی تر.

بەڵام حەقیقەت ئەوەیە وریاکردنەوەی خەڵکی و دوورخستنەوەیان لەم فەلسەفە و تقووس و وەرزش و وەرگرتنی شیفا لە ڕێگەی نەریتی ئایینەکانی ڕۆژهەڵات تێڕوانینێکی شەرعییە و لەسەر کۆمەڵێک بنەما و بنچینەکانی بیروباوەڕ بونیادنراوە کە ڕووگەی مرۆڤەکان ڕێدەخەن و دەیپارێزن لە لێژی

---

(١) پێشەوا حاکم لە (المستدرك ١/ ١٣٠)ـدا گێڕاویەتییەوە.

و هەڵدێرەکانی ڕێگا لەم ژیانەدا، هەروەها بەدواداچوونی ڕێبازێکە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لە دەقەکانی قورئان و فەرموودەوە وەریانگرتووە و دەستیان پێوە گرتووە، ئاوڕیان نەداوەتەوە بە لای هیچ شتێکی دیکەدا، ئەم وتەیەی خودای گەورەیان جێبەجێ کردووە: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ [الأنعام:١٥٣] «ئەم ئیسلامە ڕێبازی ڕاست و ڕەسەنی منە، دەسا ئێوەیش بەتەواوی شوێنی بکەون، شوێن ڕێچکە و ڕێبازەکانی دیکە مەکەون لەبەرئەوەی دوورتان دەخاتەوە لە ڕێبازی خودا، ئەمە وەسیەت و سپاردەی خودایە بۆتان بۆئەوەی پاریزکار و تەقواکار بن»، لەسەر ئەم ڕێبازە نەوەکانیان پەروەردە کردووە و ئاگاداریان کردوونەتەوە لە پشتتێکردنی، هاوەڵی ڕێزدار عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود (ڕەزای خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "نەیاران لەبەرانبەر ئەم ڕێبازە دەوەستن، شەیتانەکان لەسەری ڕادەوستن، بانگی خەڵکی دەکەن: ئەی بەندەی خودا، وەرە ئەمە ڕێگاکەیە، دەیانەوێت خەڵکی لە ڕێگای خودا بترازێنن. ئێوە دەستگرتوو بن بە پەیامی خوداوە، پەیامی خودا بریتییە لە پەرتوکەکەی".[1] هەروەها هاوەڵی بەڕێز عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (ڕەزای خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "باشە چۆن پرسیار دەکەن لە گاور و جوولەکە لەکاتێکدا ئەو قورئانەی خودا بۆی ڕەوانەکردوون وا لە بەردەستتانە و هیچ کەموکوڕی و نوقسانییەکی تێدا نییە؟! هەروەها خودا پێی ڕاگەیاندوون کە گاور و جوولەکە دەستکاری پەیامی خودایان کرد و بە ویستی خۆیان گۆڕانکارییان تێدا ئەنجام دا، کەچی دەشیان وت: بەم شێوازە لەلایەن خوداوە بۆمان نێردراوە، بۆئەوەی بە نرخ و بەهایەکی کەم بیفرۆشن و کەمێک لە ماڵی دونیا بەدەست بهێنن، باشە ئەو عیلم و زانستەی بۆتان هاتووە واتان لێ ناکات ئیتر پرسیاریان لێ نەکەن؟! نا، بەخوا کەسێکمان

---

(١) پێشەوا ئیبن جەریر لە تەفسیرەکەیدا (٧١/٧) گێڕاویەتیەوە.

نەدی لەوان پرسیار لە ئێوە بکەن دەربارەی ئەوەی بۆتان نێراوە[1]، هەر بۆیە پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خودای لێ بێت) ڕێگری دەکرد لەخەڵکی فەرموودە بگێڕنەوە نەوەک ببێتە هۆی سەرقاڵبوونیان لە قورئانی پیرۆز، باشە ئەگەر بینیبای خەڵکی سەرقاڵی کەفوکوڵی ڕا و بۆچوون و خاشاکی بیر و هزریانن و ئاگایان لە قورئان و فەرموودە نەماوە، ئەو کات هەڵوێستی چۆن دەبوو؟!"[2]

ئەم چالاکییە جۆراوجۆرانەی فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی و جێبەجێکردنی تقووس و درووشمەکانی داگیرکارییەکی هزری نوێیە، بە شێوازێک خۆیان نمایش دەکەن هاونەوابێت لەگەڵ سەردەمی نوێدا، بۆیە لە شێوازی کۆرسی ڕاهێنان و چالاکی ڕۆژانە و شیفاوەرگرتن پێشکەش دەکرێن، لە یەکەم بینیندا وا دێنە پێش چاو زانستێکی نوێ و دۆزینەوەیەکی عیلمی و بیردۆزی پەروەردەیی ڕۆحی و کەرەستەیەکی بێلایەنی سەردەم بن کە یارمەتی چارەسەرکردنی ئاریشەکانی سەردەم دەدەن و هەموو بەربەستەکانی شارستانیێتی ماددی سەردەمییان تێپەڕاندووە کە ژیانی ڕۆژانەی لێڵ و سەغەڵەت کردووە و ژینگەی پیسکردووە و چەندان نەخۆشی جەستەیی و دەروونی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام لە حەقیقەتدا بەو شێوازە ڕووکەشە نییە، بەڵکوو بریتیین لە پەیڕەوێکی تەواو بۆ ژیانکردن لەسەر غەیری ڕێباز و پەیامی پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەش وای کردووە کە زۆر ترسناک بن لەبەرئەوەی ناڕوونی و سەرلێشێواو ڕوودەدات لەلای خەڵکی، هەڵدەخەڵتێن بە ڕووکەشێک بە ئومێدی ئەوەی کامەرانی و لەشساغی بەدەستبێنن، بەڵام سەرەنجامەکەی بریتییە لە وەدەرنانی تایبەتترین واتاکانی بەندایەتی لە دڵ و دەرونیان، ئەو واتایەی لە پێناویدا دروست بوون، خودای بەرز و باڵا فەرموویەتی: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: ٥٦] «جنۆکە و ئادەمیزادم دروست نەکردووە ئیللا بۆ ئەوە نەبێت بم پەرەستن

---

(١) پێشەوا بوخاری گێڕاویەتیەوە بەژمارە(٧٣٦٣) .

(٢) إعلام الموقعين، ابن القيم (٣٧٦/٤).

و گوێڕایەڵ و فەرمانبەردارم بن.» پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) دەفەرمووێت: "هەرکەسێک خۆشحاڵیی هەتاهەتایی دەوێت با پەیوەستی بەندایەتی بێت."[١]

لێرەوە -پاش ئەوەی خودا بۆی ئاسان کردم توێژینەوەی چڕ بۆ بنەما و بنچینەی ئەم ڕاهێنان و فێرکاری و پراکتیزانە بکەم و پەردە لەسەر حەقیقەتەکەیان لابدەم- پێم باش بوو سەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە بخەمە بەردەست موسڵمانان بۆ ناسینی ئەو بنەما هزرییانەی کە لە حەقیقەتدا بریتییە لە فەلسەفەی ئیلحادی و بیروباوەڕی غەنوسییەکان، وەک بەشدارییەک لە مەیدانی بانگەوازی و ئاگادارکردنەوەی گشت موسڵمانان، ئەوانەی ئەم فەلسەفە ئیلحادی و درووشمە غەنوسییانە دەناسن و ئەوانەشی نایان ناسن، ئەوانەی درکیان بە حەقیقەتەکەی کردووە، ئەوانەی تەنیا ڕووکەشەکەی دەبینن، لەبەرئەوەی لەم سەردەمەدا جیهان بەهۆی فراوانی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و سۆشیال میدیاوە لە بەریەککەوتنێکی هزریدایە کە هاوشێوەی نەبووە لە مێژوودا. ئەمەش بووەتە هۆی بەلاڕێدابردنی مرۆڤەکان جارێک بەهۆی «مرۆڤایەتی و دیالۆگی مرۆیی» جارێک بەهۆی «لێبووردەیی جیهانی»، جارێکی دیکە بەهۆی «قەبووڵکردنی بەرانبەرەوە» و چەندان وتەی هەڵخەڵەتێنەری دیکە، هەموو ئەمانە ڕێخۆشکارن بۆ بڵاوکردنەوەی ئەفکار و بیروباوەڕە لاڕێکان و فەلسەفە و چالاکییە جۆراوجۆرەکان.

بابەتەکانی ئەم پەرتووکەم دابەشکردووە بەسەر پێشەکییەک و شەش دەروازە و کۆتاییێک، بەم شێوازەی خوارەوە:

**پێشەکی:** تیایدا باسی بیرۆکەی پەرتووکەکە و مەبەستەکانی دەکەم.

**دەروازەی یەکەم:** ناساندنی ئەم ڕێبازانە و ڕوونکردنەوەی حەقیقەتەکان.

---

(١) مدارج السالكين، ابن القيم (١/٤٢٩)

**دەروازەی دووەم:** ڕوونکردنەوەی سەرەتای سەرهەڵدان و بنچینە هزرییەکان.

**دەروازەی سێیەم:** ڕوونکردنەوەی دیارترین ئەفکار و بیروباوەڕەکان.

**دەروازەی چوارەم:** ڕوونکردنەوەی هەندێک لە شێواز و بەکارهێنانەکانی سەردەم.

**دەروازەی پێنجەم:** ڕوونکردنەوەی پەیوەندییان بە ئایین و ڕێبازە لادەرەکانی دیکەوە.

**دەروازەی شەشەم:** هەڵوێستی ئیسلام لەبەرانبەر ئەم ڕێباز و ڕاهێنان و پراکتیزانە و وەڵامدانەوەی دیارترین گومانەکان.

**کۆتایی:** دیارترین دەرئەنجام و سپاردەکان دەخەمە ڕوو.

لە خودای مەزن داواکارم لەبەر خاتری ناوە جوانەکانی و سیفاتە پیرۆزەکانی حەقمان وەک خۆی نیشان بدات و وامان لێ بکات شوێنی بکەوین، باتڵیشمان وەک خۆی نیشان بدات و وامان لێ بکات لێی دووربکەوینەوە. پەنادەگرم بە خودا لە هەموو فیتنە و گرفت و ئاریشەیەکی دیار و شاراوە، تەنیا ئەوە پشت و پەنا.

فەوز عەبدوللەتیف کوردی

# دەروازەی یەکەم

## ناساندنی ئەم ڕێبازانە و ڕوونکردنەوەی حەقیقەتیان

# دەروازەی یەکەم

## ناساندنی ئەم ڕێبازانە و ڕوونکردنەوەی حەقیقەتیان

ئەم ڕێبازانە ڕێبازگەلێکی هزری و فەلسەفی و ئیلحادیی و ڕۆحیین، پشتیان بەستووە بە تێکەڵکردنی چەمک و مەفاهیمی ئایینە ڕۆژهەڵاتییە بتپەرستەکان و فەلسەفەی ئیلحادی ڕۆژئاوایی، بانگەشە دەکەن بۆ جێبەجێکردنی زۆرێک لە تقووس و درووشمی ئایینەکانی ڕۆژهەڵات و بتپەرستی هیندییە سوورەکان لە بەرگێکی سەردەمیانە و لە شێوازی چالاکی ڕۆژانە و ڕاهێنان و پاراستنی تەندروستی.

**ڕێبازگەلێکی فەلسەفەین:** لەبەرئەوەی لەخۆگری فەلسەفەیەکی گشتین بۆ بوونەوەر (الكون) و ژیان (الحياة) و لێکدانەوەی بابەتە پەنهانییەکان (العالم الغيبي) هەروەها خاوەنی پەیڕەوێکی تەواون بۆ ژیانکردن و ئامانجی بوون و بیروباوەڕیان سەبارەت بە بوون و بەدیهێنەر (الوجود والخالق) و دیاریکردنی پەیوەندی لەنێوان بوونەوەر و بەدیهێنەر (الكون والخالق)دا.

ئەم ڕێبازانە لەخۆگری وەڵامگەلێکی فەلسەفەین دەربارەی پرسیارە وجودییە (الأسئلة الفطرية)کان: من کێم؟ بۆچی دروستکراوم؟ سەرئەنجامم چی دەبێت؟ وەڵامگەلێکی دوور لە نوری وەحی خودایی کە سەرچاوەکەی ئەقڵی سنووردار و لێکدانەوەی خەڵکانێکە نکۆڵی پێغەمبەرایەتی دەکەن.

**ڕێبازگەلێکی ئیلحادین:** لەبەرئەوەی بێباوەڕ بوونە بە خودای حەق، هەرچەندە باوەڕدارن بە کۆمەڵێک خواگەلی درۆینە، دیارترینیان (الكلي الواحد) کە بە دەستەواژەی (خودا ـ الإله) لێکدانەوەی بۆ دەکەن، بەڵکوو هەندێک جار

لێکدانەوەی بە وشەی (اللّٰه) بۆ دەکەن!

باوەڕبوونیان بە خواگەلێک واناکات ئەم فەلسەفەیە لە بازنەی ئیلحاد بچێتە دەرەوە، چونکە ئیلحاد تەنیا نکۆڵیکردنی بوونی خودا نییە ـ وەک بەربڵاوە ـ بەڵکوو نکۆڵیکردنی بوونی حەقیقی خودا و نکۆڵیکردنی هەموو سیفاتە پیرۆزەکانی یان هەندێکی هەر بە ئیلحاد هەژمار دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە دەکرێت وەسف بکرێن بە هاوەڵدانان ـ الشرك ـ بۆ خودا بەهۆی ئەوەی باوەڕیان بە دوو خودایە، هەندێکی دیکەیان باوەڕیان بە خواگەلێک هەیە بە پەیڕەوێکی فەلسەفییەوە وەک لە باسکردنی دیارترین ئەفکار و بیروباوەڕیان زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

**ڕێبازگەلێکی ڕۆحیین:** لەبەرئەوەی گرنگی دەدات بە بابەتە ڕۆحییەکان (Spirituality)[1]، ئەم ڕێبازانە هەموو هەوڵێکی خۆیان خستووەتە کار بۆ پشتیوانی کردن لە بانگەشە ڕۆحییەکانی سەردەم کە وەک پەرچەکردار لەبەرانبەر زیادەڕۆیی و توغیانی هزری ماددی و لێکدانەوەکانی بۆ ژیان و

---

(١) مەبەست لە ڕۆحانییەت لەلای فەیلەسووفان و ئەوانەی نکۆڵی پێغەمبەرایەتی دەکەن بریتییە لە: گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕۆحی باوباپیران و وەرگرتنی وزەی ڕۆحی هەسارە و ئەستێرە و بورجەکان و وزەی شێوە ئەندازەییەکان و کاریگەرییە ڕۆحییەکانی پەیکەرەکان، ئەوەش بەدوای ئەمەدا دێت لە ئیدیعای بانگکردن و ئامادەکردنی ڕۆحەکان، توانای گفتوگۆکردن لەگەڵیان و گەیشتن بە تایبەتمەندییەکانیان بە نیشاندانی توانایی موعجیزەئاسا، وەک ئەوانەی لەسەر یۆگی و هەژارێکی هیندی دەردەکەون کە بە ڕووتی لەسەر ڕووبارێکی بەستوو دەڕوات، یان لەسەر ئاگر و شووشەی نووکداری تیژکراو دەڕوات بەبێ ئەوەی ئازاری پێ بگات. ئەم ڕۆحانییەتە لە ڕاستیدا تاقیکردنەوەی خودا و دەستشلکردنە بۆ بتپەرستەکان بۆ ڕۆچوونیان لە تاوان و گومڕاییان، هەندێجاریش یارمەتییەکە لەلایەن شەیتانەکانەوە دەبێت بەهۆی ئەو سیحر و تەلیسمانەی کە لە هەندێک ڕێوڕەسمیان هەیە و بەهۆی پشتکردنیان لە حەق.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەندێک لەو مومارەسانە کە وا دەردەکەون موعجیزەئاسان، لە حەقیقەتدا بەو شێوازە نین، بەو پێیەی ڕوونکردنەوەی زانستی وردیان هەیە کە خەڵکی بە گشتی نایزانن، هەندێکیان ساختەکاری و فێڵن، یاسای فیزیایی و تایبەتمەندی کیمیایی دەگرنەبەر بۆ ئیدیعای بەدەستهێنانی هێزی سەروو سروشتی بەهۆی یارمەتی ڕۆحانییەتەوە.

مێژوو[1]، هەروەها بەرپەرچدانەوەی هەموو باس و خواسەکانی پشت مادده و سروشت هاتوونەتە ئاراوە هەروەک چۆن گشت هەوڵێکی خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ زیندووکردنەوەی بابەتە ڕۆحییەکانی بتپەرستان کە هۆزەکانی هیندییە سوورەکان و هۆز و خێڵەکانی دورگەی هاوای و شامان و ساحیرەکانی سیبریا و ئوسترالیا و جگە لەمانەش باوەڕیان پێیەتی، ڕۆحانییاتێک لێکدانەوە بۆ غەیب دەکات بە دوو جۆر ڕۆح: ڕۆحی خێر و ڕۆحی شەڕ، چەند ڕێگەیەک دەگرنەبەر لە تقووس و دروشمی ساحیران و ڕەقس و سەما و ئاواز و سروودی بتپەرستان بۆ ڕاکێشانی ڕۆحی خێر و دوورخستنەوەی ڕۆحی شەڕ.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە وەسف دەکرێن بەوەی ڕێبازگەلێکی ماددین: لەبەرئەوەی لێکدانەوەی ماددی بۆ غەیب و پەنهانی دەکەن، بەنموونە: فریشتە و جنۆکە بە هێزی شاراوەی نەفس (قوى النفس الكامنة) لێکدەدەنەوە، بەهەشت و دۆزەخ بە هێمای پاداشت لێکدەدەنەوە کە دەکەوێتە ئەم دونیاوە بەهۆی «کارما» [2] و دۆنادۆنەوە (التناسخ)[3]، خودا بە ئەندێشەی بیرەکی بۆ

---

(١) ئەم بانگەوازانە هەندێکیان ئەو شتانە دەگرنەوە کە پەیوەندی بە سەلماندنی لایەنی ڕۆحییەوە هەیە لە مرۆڤدا و پێویستی گرنگیدان پێی، بەهۆی ئینکاری بەربڵاوی یان نەهێشتنی لایەنی ڕۆحی لەلایەن ڕابەرانی بیری ماتریالیست(مادد)ی و هەندێک قوتابخانەی دەروونناسی ڕەفتارییەوە، هەندێکی دیکەیان ئەمەشی تێپەڕاندووە و هەنگاوی ناوە بۆ زیندووکردنەوەی بتپەرستی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆحەکان، ڕاکێشانی وزەی ڕۆحەکانی باوباپیران و وزەی ڕۆحەکانی هەسارە و خولگەکان و زۆر شتی تر. بڕوانە: الموسوعة الميسرة للأديان (٢/٨٤٦) .

(٢)«کارما» وشەیەکی سانسکریتە کە بە واتای «کردەوە» دێت، «یاسای کارما» یاسای پاداشتی کردەوەکانە لە ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتدا کە دەڵێت: ئەگەر مرۆڤ لە یەکێک لە خولەکانی ژیانیدا ساڵح و چاکەکار بووبێت، ئەوە پاداشتەکەی وەردەگرێت لە خولی داهاتوودا. بەڵام ئەگەر خراپکار بووبێت، لە خولی داهاتوودا سزاکەی وەردەگرێت. بۆیە «کارما» بنەمای عەقیدەی دۆنادۆن(التناسخ)ـە. بڕوانە: منوسمرتي (لا:٦٧٩)، وأديان الهند الكبرى (لا:٦٣)، والبوذية (لا:٢١٩).

(٣) (التناسخ - دۆنادۆن) دووبارە لەدایکبوونەوە: ئاماژەیە بۆ بیروباوەڕێکی هیندی، بە واتای:

هێزی دەرەکی(تصور ذهني لقوة خارجية) یان بە وزەی گەردوونیی باڵا (طاقة كونية عظمى) لێکدەدەنەوە.

ئەم ڕێبازانە لە ڕوویەکەوە نوێن و لە چەند ڕوویەکی دیکەوە دێرینن؛ دێرینن لەبەرئەوەی لە ڕێبازی بتپەرستان و فەلسەفەی ئیلحادی کۆن وەرگیراون کە بە درێژایی مێژوو لە ناوچە جیاوازەکان سەریانهەڵداوە، هەروەها ڕێبازگەلێکی نوێن لەڕووی جێبەجێکردنی هەمەجۆر و ڕێگاکانی نمایشکردنیان کە گونجاوبێت لەگەڵ پێویستیەکانی سەردەم. هەمەجۆری جێبەجێکردنیان لە پۆشاکی ڕاوێژی پزیشکی و چارەسەری جێگرەوە(١) لەبری دەوا و دەرمانی کیمیایی، هەروەها لە شێوازی خولی ڕاهێنان و لەژێر درووشمی بریقەدار و هەڵخەڵەتێنەری وەک:

---

گەڕانەوەی ڕۆح ـ دوای جێهێشتنی جەستە ـ بۆ جیهانی زەمینی لە جەستەیەکی تردا دێت، بۆیە پێی دەوترێت: «سەرگەردانیی ڕۆح»، «دوبارەبوونەوەی لەدایکبوونەوە»، «گەڕانەوە بۆ بەجەستەبوون»، دووبارە لەدایکبوونەوە پەیوەستە بە کارماوە، ئەنجامی کردەوە چاکەکان دووبارە لەدایکبوونەوەیە لە جەستەیەکی بەختەوەر و ژیانێکی ئاسوودە، دەرئەنجامی کارە خراپەکان دووبارە لەدایکبوونەوەیە لە جەستەیەکی نەفرەتلێکراو یان ئەشکەنجەدراو. بڕوانە: أديان الهند الكبرى( لا:٦٣)، والبوذية (لا:٢١٩).

(١) لە ژێر زاراوەی «پزیشکی جێگرەوە»دا، سەرلێشێواوییەکی ترسناک لە سەردەمی مۆدێرن هاتووەتە ئاراوە، دەبینی چارەسەرکردن بە گیادەرمانی و ڕێجیمەکان ـ ئەوەی مەیدانی عەقڵ و تاقیکردنەوەیە ـ تێکەڵکراوە لەگەڵ چارەسەرکردن بە قورئان و ڕوقیەی شەرعی ـ ئەوەی کە حەقیقەتێکی جێگیرە ـ لەلایەکی دیکەوە شیفاوەرگرتن بە تایبەتمەندی ناو و سیفاتەکانی خودا بە ڕێگەیەکی بیدعی، تێکەڵکراوە لەگەڵ شیفاوەرگرتن بە بەرد و ڕەنگ و وەرزشی بودایی و هیندۆسەکان و فەلسەفەکانی تائۆیستەکان و جگە لەمانەش کە بێگومان یان باتڵن یان شیرکن؛ هەموو ئەمانە وادەکات پسپۆڕانی پزیشکی لەگەڵ پسپۆڕانی شەریعەت و بیروباوەڕ پێکەوە ڕووبەڕووی ئەم گومڕاییيانە ببنەوە، حەق لە باتڵ، و شیفاوەرگرتن لە شیرک جیابکەنەوە.

سوپاس بۆ خودا پێش بڵاوبوونەوەی ئەم پەرتووکە، لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخ لەلایەن توێژەر (هەیفا ناصر الرشيد)ەوە بە ناونیشانی: (التطبيقات المعاصرة لفلسفة الاستشفاء الشرقية) نووسراوە و لەلایەن سەنتەری نیشتمانی بۆ پزیشکی تەواوکەر و جێگرەوە لە شانشینی عەرەبی سعودیە بڵاوکرایەوە کە هەنگاوێکی پڕ بەرەکەتە لە ڕوونکردنەوەی حەق و ڕاستی لە درۆ و باتڵ لەم بابەتەدا.

تەندروستی، کامەرانی، سەرکەوتن، ئەرێنی، گۆڕانکاری، دەرخستنی وزە و هێزی بەدیهێنەر، هەموو ئەمانە بوونەتە یارمەتیدەری بڵاوبوونەوە و گەیشتنە بەردەستی زۆربەی خەڵکی.

لە کاتی جێبەجێکردن و نمایشکردندا سروشتە فەلسەفیییەکی ئاشکرانەبووە، هەر لەبەر ئەمەشە زانایان گرنگییەکی ئەوتۆیان پێ نەداوە، هەروەک چۆن مۆرکە بیروباوەڕیەکەی دەرنەکەوتووە، بۆیە پسپۆران و بانگخوازان بەرەنگاری نەبوونەتەوە، بەڵکوو ڕەواجی پێ داروە و بڵاوبووەتەوە لەژێر دروشمی چالاککردنی وزە و گەشەپێدانی بەهرە و توانایی لەسەر پەیوەندی و مامەڵەی دروست لەگەڵ بەرانبەردا کە پێویستە بۆ ئەو کەسانەش کە لە مەیدانی بانگەوازی کاردەکەن. بەم هۆیەوە خەڵکانێک لە نوخبەی ناو موسڵمانان بێ ئاگایانە دەستیانکرد بە فێرکاری و ڕاهێنان، پاشان وایان لێ هات لەڕێگەی ئەوانەوە بانگەشەی بۆ کۆرسی مەشق و ڕاهێنانەکان دەکرا، پاش ئەوەی پێی هەڵخەڵتان و هەوڵیاندا تەبایی بکەن لەنێوان ئەم فێرکاری و ڕاهێنانە فەلسەفەیانە و ڕێنماییەکانی قورئان و سوننەت، هەندێک ئایەت و فەرموودەیان -کە لەواتاکەی تێنەگەیشت بوون- کرد بە بەڵگە بۆ هەندێک لەو حەقەی کە لەناو ئەم ڕاهێنان و پراکتیزانەدا هەیە، دواتر بابەتەکە ئاڵۆزتر بوو لە کەسانێک کە پاش ئەمان هاتن، (لاحول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم.)

بەڵام حەقیقەتی ئەم ڕاهێنان و پراکتیزانە بریتییە لە جێبەجێکردنی کردەیی کۆمەڵێک بنەمای بیروباوەڕی ئایەنەکانی ڕۆژهەڵات لە هندستان و چین و تبت، لە ئایینەکانی هندۆسی و جاینیزم و بودای و تائۆیزم و شینتۆیزم، بتپەرستی شامانیزم و درۆید و هۆنا و ویکا[١] و جگە لەمانەش کە لە چەند لایەنێکەوە

---

(١) ئەم دەستەواژانە ئاماژەن بۆ کۆمەڵێک ئایینی بتپەرست کە ڕێبازی بتپەرستانی مۆدێرن و بزووتنەوەی سەردەمی نوێ بانگەشەیان بۆ دەکەن، هیچ بە هەڵەی نابینن لە جێبەجێکردنی هەر ڕێوڕەسمێک لە هەمان کاتدا پابەندبوون بە بیروباوەڕێکی دیکەی وەک مەسیحییەت و جوولەکە!

پشتبەستوون بە فەلسەفەی (وزەی هێزی ژیان ـ طاقة قوة الحياة) کە ڕووخساری مۆدێرنی بیروباوەڕی یەکێتی بوون(وحدة الوجود)ە، وەک چۆن لەمەودوا زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

هەروەک چۆن پشتبەستن بە فرەڕەهەندی سیستەمی بەبازاڕکردن هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ تێئاڵانی ڕاهێنەران و وازنەهێنانیان لەم کارە هەرچەندە زۆرێکیان لە قۆناغی یەکەمدا هەستیان بە سڵکردنەوە و نائارامی دەکرد[1] بەرانبەر بە هەندێک لە زاراوە و چەمک و فێرکاری و بەرجەستەکردنیان، بەڵام هەتاوەکوو بەرەو قۆناغەکانی دواتر هەنگاویان هەڵدەنا زیاتر باوەڕیان پێ دەکرد و بەرگرییان لێ دەکرد، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەشداربووی ئەم کۆرسانە هەست بەوەهمی سوودبینین و مسۆگەربوونی گۆڕانکاری بکات، جگە لە لایەنی هەڵخەڵەتێنەری سوودە ماددییەکەی، لەسەروو هەموو ئامانەشەوە کاریگەری ترسناکی شوێنەواری شوبهە و گومانەکانە لەسەر بەرچاوڕوونی دڵ، وەک پەیامهێنی ڕاستگۆ (ﷺ) فەرموویەتی: «تُعْرَضُ الْفِتَنُ عَلَى الْقُلُوبِ كَالْحَصِيرِ عُودًا عُودًا، فَأَيُّ قَلْبٍ أُشْرِبَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ، وَأَيُّ قَلْبٍ أَنْكَرَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ بَيْضَاءُ حَتَّى تَصِيرَ عَلَى قَلْبَيْنِ، عَلَى أَبْيَضَ مِثْلِ الصَّفَا فَلَا تَضُرُّهُ فِتْنَةٌ مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ، وَالْآخَرُ أَسْوَدَ مُرْبَادًّا كَالْكُوزِ مُجَخِّيًا ، لَا يَعْرِفُ مَعْرُوفًا، وَلَا يُنْكِرُ مُنْكَرًا، إِلَّا مَا أُشْرِبَ مِنْ هَوَاهُ» «شوبهە و گومانەکان یەک بەدوای یەک بەسەر دڵەکاندا دێن وەک قامیشی یەک بە دوای یەکی ناو حەسیر، هەر دڵێک شوبهە و گومانەکان چووە ناوی و قەبووڵی کرد، خاڵێکی ڕەش لەسەری

---

(١) هەستکردنیان بە نائارامیی بەهۆی پاکی فیترەتیانەوەیە، لەبەرئەوەی ئەوان لەسەر تەوحید پەروەردە بوون، بەردەوام بوونیان لەسەر ئەو فەلسەفانەدا هۆکارەکەی نەزانیینانە بە حەقیقەتەکانی بیری فەلسەفی ڕۆحی و ئاگادارنەبوونیانە بۆ مەترسییە عەقیدەیییەکەی. فریوخواردنیانە بەو شتانەی کە وەک سوود دەیبینن، لەگەڵ هەڵخەڵەتانیان بە دەستکەوتێکی ماددی زۆر، بۆیە پێیان وابوو بابەتەکە ئاسانە و دەتوانن بە جۆرێک «بەئیسلامکردن» زاڵبن بەتایبەت لە کاتێکدا ئەوان ڕاهێنەربن!

دادەنرێت، هەر دڵێک بەرپەرچی دایەوە خاڵێکی سپی لەسەری دادەنرێت، هەتاکوو دڵەکان دەبن بە دوو بەشەوە: دڵانێک بێگەرد و سپی وەک بەرد بەهێزن لە ڕووی شوبهە و گومانەکان و پێیان کاریگەر نابن، دڵانێک ڕەش و دێز وەک گۆزەی سەربەرەوخوارە نە چاکە بە چاکە دەبینێت، نە خراپە بە خراپە دەبینێت ئیللا مەگەر شتێک لەگەڵ هەواو و هەوسی بگونجێت.»[1]

هەموو ئەو کەسانەی گفتوگۆ و موناقەشەیان کردووە لەگەڵ ڕاهێنەرە موسڵمانەکانی بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانی دەماری(NLP)ـکە یەکێکە لە تەکنیکەکانی بڵاوکردنەوەی ئەم فەلسەفانە. یان ڕاهێنەرانی هونەرەکانی دیکەی وەک وزە و ڕیکی و ئەوانی دیکەش هەستیان بە گۆڕان کردووە لە هزر و تێڕوانینیان، ئەم ڕاهێنەرە موسڵمانانە هەموو جارێک دووپاتیان دەکردەوە ئەوان ئاگاداری ئەو مەترسییانەن و نابێت هیچ کەسێک ڕاهێنان بکات ئیللا لەسەر دەستی کەسێک نەبێت پاشخانێکی شەرعی باشی هەبێت بۆئەوەی دەستی بگرێت و بەهەڵدێرا نەچێت، پاشان ئەوەندەی پێنەچوو خودی خۆیان دەستیان دایە ئەو شێوازە ڕاهێنان و پراکتیزانەی کە پێشتر ڕەخنەیان لێ دەگرت و بە مەترسی ناوزەندیان دەکرد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چیرۆکی شەتەحات و لادانە کردەیی و وتەییەکانیان دەبیستین! باشە ئەوان لە کوێن دەربارەی ئەم وتەیەی خودای بەرز و بڵند: ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ﴾ [الأنعام: ١٥٣] «شوێن ڕێچکە و ڕێبازەکان مەکەون لەبەرئەوەی دوورتان دەخاتەوە لە ڕێبازی خودا.»

---

(١) پێشەوا موسلیم گێڕاویەتییەوە بە ژمارەی (١٤٤).

ASTANA

# دەروازەی دووەم

## ڕوونکردنەوەی سەرەتای سەرهەڵدان و ڕیشە هزرییەکان

# دەروازەی دووەم

## ڕوونکردنەوەی سەرەتای سەرهەڵدان و ڕیشە هزرییەکان

ڕیشەی فەلسەفی ئەم ڕێبازە هزرییانەی لەم سەردەمەدا لە سەرانسەری جیهان جێبەجێ دەکرێن لە شێوازی خولی فێرکاری و ڕاهێنان و چالاکی جەستەیی ڕیشەگەلێکی دێرینن لە قووڵایی مێژوودا, لە فەلسەفەی بتپەرست و مولحیدان وەرگیراون و بە چەند شێواز و چەمکێک و بە زمانێکی نوێ و ناواخنێکی بەسەرچووەوە دەخرێنە ڕوو.

لە دەستپێکی ئەم دەروازەیەدا بەکورتی باسی دیارترین ئەو باوەڕانە دەکەین کە لەم سەردەمەدا بانگەشەیان بۆ دەکرێت و شوێنکەوتوویان هەیە.

دەکرێت لە سێ باوەڕی سەرەکیدا کورتیان بکەینەوە:

**یەکەم: بیروباوەڕی ڕاست و دروست (العقيدة الصحيحة)** ئەم بیروباوەڕە بنەمای گشت ئایینە ئاسمانییەکانە. لە ئێستادا، لە دەقەکانی کۆتا پەیامدا بەدەردەکەوێت کە «ئیسلام»ە وپوختەکەی ئەوەیە :ئەم بوونەوەرە تەنیا یەک بەدیهێنەری هەیە، ئەو بەدیهێنەرەش بوونی حەقیقی هەیە، یەکەمینە و هیچ شتێک لە پێش ئەوەوە بوونی نەبووە، هەروەها کۆتایەمینە و خاوەن سیفاتی جوان و پیرۆزە، جیاوازە لە دروستکراوەکانی و بەرز و بڵندە لەسەر عەرش.

سەرچاوەی ئەم باوەڕە هێشتا لە ئایینە ئاسمانییە شێواوەکاندا ماوەتەوە، سەرەڕای ئەو دەستکاری و ناهاوسەنگییە زۆرانەی تووشیان هاتووە. سەبارەت بە دواهەمین ئایین (ئیسلام) کە بە پاراستنی خودا پارێزراوە؛ باوەڕی دروست و ڕەسەن تێیدا ڕوون و ئاشکرایە بەهۆی دەقە پیرۆزەکانی قورئان و سوننەت

پارێزراوە، لە ئیسلامدا گەردوون یەک خودای هەیە، هیچ خودایەک نییە جگە لە ئەو، ئەو خودایەش (اللّٰه)ی شکۆدار و بڵندە، بە حەقیقەت زاتێکی پیرۆزی هەیە کە هیچ زاتێک لەو ناچێت و کۆمەڵێک سیفاتی مەزنی هەیە کە شیاوە لەگەڵ شکۆمەندی و گەورەیی خۆی، دوورە لە هەموو سیفەتە نەشیاو و ناتەواوەکان، خودا هەر هەبووە هیچ شتێک پێش ئەو نەبووە، تەنیا خۆی یەکەمینە، هەر دەشمێنێتەوە، تەنیا خۆی دواهەمینە. هەموو گەردوون -لە بیروباوەڕی ئیسلامیدا- بە هێز و ئیرادەی خودا دروستکراوە، بەپێی وردەکارییەک لە دەقەکاندا ڕوون کراوەتەوە، گەردوون لە خودی خوداوە پەیدا نەبووە بەهۆی فەیز(الفیض)ەوە، یان بەهۆی دەرکەوتن(انبثاق)ەوە، یان بەهۆی دابەشبوونە(انقسام)وە، پاکی و بێگەردی بۆ خودا، هەرگیز خودا نە تێکەڵ بە بوونەوەر دەبێت، نە دەچێتە ناو بوونەوەرەوە: ﴿ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ﴾ [الأنعام:١٠٢] «تەنیا (اللّٰه)یە پەروەردگاری ئێوە، جگە لەو هیچ پەرەستراوێکی دیکە شیاوی پەرستن نییە، بەدیهێنەری هەموو شتێکە، کەواتە تەنیا ئەو زاتە بپەرستن و شوێن بەرنامەی ئەو بکەون.»

**دووەم: بیروباوەڕی بەخوداکردنی سروشت (عقيدة تأليه الطبيعة)** ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە :تێگەیشتنێک لەسەر بنەمای ئەو باوەڕەی کە هەموو بوون (الوجود) یەک شتە بە چاوپۆشی لە جیاوازی لێڕوانین و ناوەکەی، یەکسانە ناوبنرێت: (یەکی گشتگیر ـ كلي واحد)، یان (عەقڵی گشتگیر ـ عقل كلي)، یان (ئاگاهی تەواو ـ وعي كامل)، یان (وزەی کەون ـ طاقة كونية)، یان (هێزی گەورە ـ قوة عظمى)، هەموو ئەو شتانەی بوونیان هەیە تەنیا ڕووکەش و دەرکەوتەی ئەو یەکی گشتگیرەن. ئەم بیروباوەڕە بنەمای ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتە بە ڕەنگە جیاواز و ناوە جۆراوجۆرەکانیانەوە، هەروەها هەمان ئەو باوەڕ و بیرکردنەوەیە زۆرێک لە فەیلەسووفەکانی یۆنان و غەنووسییەکان بانگەشەیان بۆ کردووە.

**سێیەم: بیروباوەڕە نهێنییە ناوەکییەکان (عقائد سرية باطنية)** ئەم

بیروباوەڕانە بەرهەمێکی شێواون کە پشت بە عەقیدەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) دەبەستن، هەروەها لەلایەن هەندێک لە شوێنکەوتووانی ئایینە ئاسمانییەکانەوە هەوڵی تێکەڵکردنی دەدرێت لەگەڵ بیروباوەڕی ڕاست و دروست، یان هیچ نەبێت ڕووکەشێکی عەقیدەی دروستی بۆ سازبکرێت، بۆیە (یەکیەتی بوونی ناوەکی . وحدة وجود باطنیة) چەمک و زاراوەی ئایینی بەکاردەهێنێت، گرنگترینیان خودا (اللّٰه)یە بەڵام لەسەر واتاگەلێکی نهێنی و باطنی و کۆمەڵێک تێڕوانینی ئیلحادی کە لە بیروباوەڕی ڕۆژهەڵات و غەنووسییەت سەرچاوەیان گرتووە. هەندێجار لە شێوەی عەقیدەی (چوونەناو و یەکگرتن . الحلول والاتحاد)[1]خۆیان نیشان دەدەن بەجۆرێک ئەو یەکبوون(الوحدة)ە دابەش دەبێت بۆ دروستکراو (المخلوق) و دروستکار (الخالق) کە یەکدەگرن و لێک جیادەبنەوە، یان فۆڕمەکانی بە چەند ناو و تێگەیشتنی جۆراوجۆرەوە دەردەکەون, لەوانە: (دە عەقڵ . عقول عشرة) لەنێو فەیلەسووفەکانی یۆنان و ئەوانەی دەدرێنە پاڵ ئیسلام، «سەفاریت» لە نێو ڕەوتی کابالای[2] جوولەکەدا، «جۆدیسات» لەنێو غەنووسی مەسیحییەکان و شوێنکەوتووانی هۆنا.

**ئەم بیروباوەڕە نهێنییە ناوەکییانە (السرية الباطنية)** بە شێوەی جۆراوجۆر لەنێو مەزهەبەکانی پەیڕەوانی ئایینە ئاسمانییەکانی وەک: ڕەوتی کابالای جوولەکە،

---

(١) جیاوازی نێوان عەقیدەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) و عەقیدەی تێکەڵبوونی فەلسەفی(الحلول الفلسفي): واتاکەیان زۆر لێکەوە نزیکە، عەقیدەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) یەک بوون(وجود) دەسەلمێنێت کە هەموو شتێکە، هەموو شتێک کە بوونی هەیە بریتییە لە بوون(وجود)ە، لە کاتێکدا عەقیدەی تێکەڵبوونی فەلسەفی(الحلول الفلسفي) باوەڕی بە خودایەک هەیە، بەڵام ئەو خودایە تێکەڵ بە بوونەوەر دەبێت ئەگەر مەرجەکان بێنە جێ و هیچ ڕێگرییەک نەمێنێت.

(٢) گرووپێکی یەهوودییە کە گرنگی بە ڕۆحانییەتی فەلسەفی دەدات بۆ تەفسیری ژیان و بوونەوەر و خودا، پشت بەتەفسیری باطنی تەلموود دەبەستن بۆ برەوپێدانی بیروبۆچوونەکانیان، ئەم گرووپە لەسەدەی دوازدەی زاینی لە ئیسپانیا وەک گرووپێکی باطنی یەهوودی دەرکەوتن . (وەرگێڕ).

غەنووسییەتی مەسیحی، فەیلەسووفە توندڕەوەکان، سۆفییە ڕۆچووەکان - لەنێو موسڵماناندا - دەرکەوتن بۆ ئەوەی لەگەڵ بیروباوەڕەکانیان بگونجێنن، بۆیە گەورەترین مەترسییان لەسەر بیروباوەڕە ئاسمانییەکان دروست کردووە ئەمەش بەهۆی چەواشەکاری و سروشتە ناوەکییەکەی(باطنیەتەکەی)ەوە.

ئەو ڕێبازە فەلسەفییە ئیلیحادییانەی کە ئەم پەرتووکە باسیان لێوە دەکات و ڕوونیان دەکاتەوە بەشێکن لە بیروباوەڕە نهێنییەکان (العقائد السرية)، لەمەودوا تیشک دەخەینە سەر شێوازی زیندووکردنەوە و بڵاوبوونەوەیان لە سەردەمی نوێدا، ڕوون و ئاشکرایە عەقیدەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) ڕەوتێکی بەهێزی سەردەمی نوێیە لە ڕۆژئاوا کە کۆمەڵێک ناوەند و ڕێکخراو دامەزراون بۆ بڵاوکردنەوەی، پشتگیری تەواوی دەکرێت لەلایەن فەیلەسووف و بیرمەندانەوە بە چەندان شێوازی جۆراوجۆر، دواهەمینیان لە سەدەی نۆزدەهەمی زایینی بوو بە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی بیری نوێ (New Thought) کە لەلایەن «فینیاس کویمبی» (١٨٠٣-١٨٦٦)ەوە دامەزرا، دواتریش کۆمەڵەی تیۆسۆفی (Theosophy) لە نیویۆرک کە لەلایەن «مادام بلاڤاتسکی» (١٨٣١-١٨٩١)ەوە دامەزراوە، عەقیدەی یەکیەتی بوون بەتەواوی هێز و بەوپەڕی بەڕاشکاوییەوە ڕێڕەوی دژایەتیکردن و بەرەنگاربوونەوەی بیروباوەڕە ئاسمانییەکانی گرتەبەر، دوژمنایەتی خۆی بۆ ئایین و هەموو ئەو بیرکردنەوانە ئاشکراکرد کە لە ئایینەوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆیە کڵێسا و مەسیحییە موحافیزکارەکان بە تەواوی هێزیانەوە ڕووبەڕووی بوونەوە، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی کاریگەریی بانگەوازەکەی و خەڵک لە بەرانبەریدا بەئاگا هاتنەوە و خۆیان لێ پاراست.

بەڵام ئەم عەقیدەیە (عەقیدەی یەکیەتی بوون ـ وحدة الوجود) لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا جارێکی دیکە بەتوندی سەری هەڵدایەوە، دوای ئەوەی لەلایەن پەیمانگای (ئیسالن ـ Esalen) لە کالیفۆرنیا تەبەنیکرا، کە لەلایەن «مایکل مێرفی» و «ڕیچارد برایس« لە ساڵی ١٩٦١ی زایینی دامەزرا،

ئەم دامەزراوەیە یەکێک بوو لە گەورەترین دامەزراوەکانی توێژینەوە کە دژایەتی باوەڕە ئاسمانییەکانی دەکرد، بەتایبەت لەلایەن هەوادارانی بیری (تیۆسۆفیست Theosophist)ەوە، ناوەندەکە دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەی لە وزە شاراوەکانی مرۆڤ و بەدواگەڕانی ئەو عەقیدە و فەلسەفانەی کە بانگەشەی ئازادکردنی ئەم وزەیە دەکەن لە کۆیلایەتی بیروباوەڕە ئایینییە ناعەقڵانییەکان -بە دەربڕینی ئەوان- لەبەرئەوەی ئەو بیروباوەڕانە وابەستەن بە وەرگرتنی ڕێنمایی لە هێزێکی باڵاوە. ناوەندەکە تایبەتمەند بوو لە بڵاوکردنەوەی بیری ڕۆحانی (Spirituality) و بیروباوەڕی باطنی وەک بەدیل و شوێنگرەوە بۆ ئایین لەنێوان خەڵک بەگشتی و ڕۆشنبیرانیشدا بە چەندین ڕێگەی هاوچەرخ و جەماوەری و کردەیی ڕاستەوخۆ.

ئەم پەیمانگایە بۆ بڵاوکردنەوەی فیکر و بیروباوەڕەکەی زۆر مۆدێلی نوێی بەکارهێناوە، ئەمەش دوای ئەنجامدانی چەندین لێکۆڵینەوە لە تەکنیک و پراکتیک و گریمانەکان) لە توانا و وزە شاراوەکان) بەدرێژایی چل ساڵی ڕابردوو.

لە پەیمانگاکەدا ڕەوتێک لە ژێر ناوی بزووتنەوەی سەردەمی نوێ (New Age Movement)[١] دروست بوو، شوێنکەوتووانی دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی فیکر و هزریان کە باوەڕیان وایە تاکە بیروباوەڕی حەقە[٢] لە جیهاندا،

---

(١) بزووتنەوەیەکە شوێنکەوتووانی بانگەشەی ئەوە دەکەن خاوەنی سەردەمێکی نوێن، هاوشێوەی سەردەمی ڕێنسانس کە دوای سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپادا هات، ئەوان هەوڵدەدەن بیرۆکەی وزەی هێزی ژیان و بەکارهێنانیان بڵاوبکەنەوە بۆ ئاسانکردنی ملکەچبوونی شوێنکەوتووانیان، گرنگی نادەن بە بیروباوەڕی پێشووی شوێنکەوتووانی خۆیان لە ئایینە ئاسمانییەکان یان ئەوانی دیکە؛ چونکە قەناعەتیان وایە کە کات و پراکتیزەی هەمیشەیی مەشقەکانی وزەی هێزی ژیان بەسە بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی نوێ و گۆڕینی بیروباوەڕی کۆن لەنێو فێرخوازاندا.

(٢) ئارەزووی گەیشتن بە حەقیقەت و دڵنیابوون لێی، داواکاریی هەموو کەسێکە بەبێ گوێدانە ئایین و بیروباوەڕەکەی، هەمووانیش لێی وێڵ بوون ئیللا ئەوانە نەبێت کە بە ڕووناکی ئیسلام ڕێنمایی ڕێگەی ڕووناک کردووەتەوە. ستایش بۆ خودا کە ڕێنمایی کردین بۆ ئەم ئایینە مەزنە و ئەگەر خودا ڕێنمایی نەکردینایە، هەرگیز ڕێگەمان نەدەدۆزییەوە.

جەختیان لەوە دەکردەوە سەردەمی وەرگرتن لە سەرچاوەیەکی دەرەکی (اللّٰه) و جێبەجێکردنی فەرمانە دەرەکییەکان (ئایین) سەردەمێکە کۆتایی هاتووە! سەردەمی نوێ گرنگی دەدات بە: تواناکانی مرۆڤ و تایبەتمەندییەکانی سروشت و وزە بێسنوورەکانی عەقڵ، بۆیە گەرەنتی دروستکردنی ژیانی خۆش و داهاتووی گەش دەکات بەو شێوازەی مرۆڤ دەیەوێت، نەک بەو شێوازەی لە سەرچاوە دەرەکییەکانەوە پێی ڕاگەیەندراوە و فەرمانی پێ کراوە!

ڕابەرانی بزووتنەوەکە بینیان بڵاوکردنەوەی ئەم باوەڕە لە شێوازی چالاکی ڕۆژانە و ڕاهێنان و شیفاوەرگرتن ئاسانکاری دەکات بۆ بڵاوبوونەوەی بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری لەگەڵ خەڵکی ئایینخواز، هەروەها بەبێ ئەوەی جەماوەر گرنگی بەو بیروباوەڕانە بدەن کە ئەم ڕاهێنان و چالاکیانە لەخۆیانی گرتووە، پلانەکەیان تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی خێرا بڵاوبوونەوە و جێبەجێکردنی ئەم ڕاهێنان و پراکتیزانە سەرکەوتوو بوو، بێ ئاگا لەوەی جێبەجێکردنیان چ واتا و چەمکێکی بیروباوەڕی لەخۆدەگرن. خەڵکی خەریکی مومارەسەکردنی ئەم کارە بوون بەبێ ئەوەی ئاگادار بن لەوەی ئەمە جێبەجێکردنی تقووس و دروشمی ئایینە باتڵەکانە، پرۆفیسۆری کۆمەڵناسیی ئایینی لە زانکۆیەکی ویلایەتی میشیگانی ئەمریکی(Dr. Dougias, Chung)دەڵێت: "زۆرێک لە خەڵکی ڕۆژانە «چی کونگ»و «تای چی چوان» ئەنجام دەدەن، و «دەرزی

چینی»[١] بەکاردێنن بەبێ ئەوەی بزانن مومارەسەی تائۆیزم ـ الطاوية ـ دەکەن"[٢]

ئەم شێوازە مۆدێرنانەی بزووتنەوەی سەردەمی نوێ کە ئەم فەلسەفەیەی لەڕێیانەوە بڵاوکردووەتەوە لە جێبەجێکردن و مومارەسەوە دەست پێ دەکات و بە تیۆری و بیروباوەڕ کۆتایی دێت، بۆ گەرەنتی ئەوەی مرۆڤەکان بەبێ بیرکردنەوە لە ناوەڕۆک و بەبێ جیاوازی ئایینی بەشداری تێدا بکەن، بەجۆرێک هۆکارێک بێت -بە بۆچوونی ئەوان- بۆ نزیکبوونەوە و لێکچوون و دواتر ئاشتی جیهانی و لێبوردەیی و برایەتی هەمەلایەنە، بەڵام جیاکاری ئایینی -بەو شێوازەی ئەوان ئیدیعای دەکەن- بەدرێژایی مێژوو تەنیا هۆکاری شەڕ و ڕق و کینە بووە. تا ئێستاش پەیمانگای ئیسالن دەیان شێواز و تەکنیک و ڕاهێنان و تقووس و دروشم و پراکتیزە کۆدەکاتەوە کە دەرەنجامی ڕۆحی (وزە، هەوڵ - هیمەت-، جووڵە، ژیانەوە) هەیە، یان شیفاوەرگرتن لە ڕێگەی ئایینەکانی ڕۆژهەڵات و بتپەرستان و بیروباوەڕی شامانیزمەوە. لەلایەن ڕابەرانی بزووتنەوەی سەردەمی نوێ و ئەو دامەزراوانەی کە بۆ بەبازاڕکردن و بەرەوپێشبردنیان لە ناوخۆ و دەرەوەی ئەمریکادا پێکهێنراون -بەناوبانگترینیان دامەزراوەی «فایند هۆرن»ە لە بەریتانیادا- بڵاودەکرێنەوە و بەبازاڕ دەکرێن. ڕاهێنەران لەسەر چەندین ڕێگە

---

(١) ژمارەیەک لە زانایان فەتوای ڕێگەپێدراوی چارەسەرکردنیان بە «دەرزی چینی» دەرکرد، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تەنیا چارەسەرێکە، لەبەرئەوەی حەقیقەتی مەبەستی فەلسەفەکە لە ڕێگاکانی وزەی گەردوونی نەزانراو و باسنەکرابوو، بەڵام دوای ڕوونکردنەوەی ئەم بنەما فەلسەفییە کە دەرچە و ڕێڕەوی وزەی گەردوونی «چاکراکان» پشتی پێدەبەستێت، هەروەها بەپێی فەلسەفەی تائۆیزم ژیان و تەندروستی بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکات؛ ئەو فەتوایە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە لەلایەن پسپۆڕانی شەرعناس و ئەهلی فەتواوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چارەسەرکردن بە دەرزی چینی هەندێک بەشی تێدایە پشت دەبەستێت بە زانستێکی ڕاست و دروست، وەک: شوێنی گرێ دەمارییەکان یان گرێ لیمفاوییەکان، کە دەکرێت جیا بکرێتەوە لەوەی پەیوەستە بە باوەڕ و فەلسەفەی شیرکییانەوە هەیە. خودا خۆی شارەزاترە.

(2) Sourcebook of the World's Religions: An Interfaith Guide to Religion and Spirituality Beversluis, Joel D. ()

و تەکنیکی کاریگەری دروستکردن و گۆڕینی قەناعەتەکان و کۆنترۆڵکردنی جەماوەر بە شێوازی جۆراوجۆر ڕاهێنراون، ڕێگەکان بە گونجان و هۆگری و ئینتیما و لێبوردن و پابەندبوون و سەرکردایەتی دەستپێدەکات و بە داوای یارمەتی کردن لە ڕۆحەکان و وزەی گەردوونی و خوارەوە کۆتایی دێت.

پەیمانگای ئیسالن هێشتا پەرە بە لێکۆڵینەوەکانی دەدات و چوارچێوەی ئەو عەقیدە باطنییە دەگۆڕێت بەپێی ئەوەی لە واقیعی مرۆڤەکاندا دەیبینێت، لە هەمان کاتدا پارێزگاری دەکات لە سەرچاوەی باوەڕی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) و باوەڕبوون بە وزەی شاراوە لە مرۆڤدا کە هیچ سنوورێکی نییە، لەمڕۆدا بە سەرپەرشتی «مایکل مێرفی» -کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پەیمانگاکە- لە هۆڵەکانی پەیمانگا ئەم باوەڕە دووبارە لێکۆلینەوەی لێ دەکرێت و ڕێک دەخرێتەوە، پارچە پارچە دەکرێت و لەگەڵ باوەڕی تێکەڵبوون (عقيدة الحلول) تێکەڵ دەکرێت بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ هزری زۆربەی ئەو خەڵکە بگونجێت کە باوەڕیان بە بوونی خودایەک هەیە.

بەم شێوەیە پەیمانگای ئیسالن بەشداری کرد لە زیندووکردنەوە و بەبازاڕکردن و بڵاوکردنەوەی عەقیدەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) بە ڕێبازێکی نوێ کە لەگەڵ عەقیدەی ڕاست و دروستدا بەریەک ناکەوێت و ڕووبەڕووی نابێتەوە، بەڵکوو لەژێر دروشمی (جووڵەی وزەی شاراوەی مرۆڤ . Human Potential Movement)دا ڕووپامای بۆ دەکات و کێبڕکێی لەگەڵ دەکات بە سەرکردایەتی دامەزرێنەری پەیمانگاکە «کارلۆس کاستانێدا ١٩٢٥-١٩٩٨ ز» کە بە پێغەمبەری ئەم هزرە هەژمار دەکرێت.

لەمڕۆدا ئەم پەیمانگایە نوێنەرایەتی بەشێک لە چالاکییە گەورەکان دەکات کە زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە و دامەزراوە فیکرییەکان بۆ گەڕان بەدوای کاریگەرییە میتافیزیکییەکان لەسەر ئەدای مرۆڤ لێکۆڵینەوەی لێ دەکەن،

ئەم چالاکییانە پشت دەبەستن بە لێکۆڵینەوەی «توانا شاراوەکانی مرۆڤ»، بە پشتگوێخستنی ئەوەی کە ئایینە ئاسمانییەکان چی دەڵێن سەبارەت بە هێزی ڕەهای خودا لە یارمەتیدانی بۆ هەرکەسێک کە بیەوێت و ڕامکردن و موسەخەرکردنی جنۆکە و فریشتەکان و شتانێکی دیکەی جیهانی غەیب؛ چونکە ڕابەرانی ئەم بزووتنەوەیە جن و فریشتەکان بە هێزی دەروونی (القوى النفسانية) لێکدەدەنەوە و زۆربەیان ئەوانەن باوەڕیان بە خودا نییە و ئینکاری پەیامە ئاسمانییەکان دەکەن. بۆیە شتێکی سەیر نییە خەڵکانی کافر و چەواشەکار لەڕادەبەدەر تەعزیمی عەقڵ بکەن و تێیوەگلێنن لە هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی مێتافیزیک (غەیب)، کە حەقیقەت ئەوەیە لەم مەیدانەدا هیچ بوارێکی بۆ نییە، بەڵام ئەوەی سەیرە کۆمەڵێک لە ئەوانەی هەواڵی ڕاستییان لە ئاسمانەوە بۆ هاتووە شوێن گومڕاکان بکەون و لێکدانەوەکانیان قەبووڵ بکەن؛ بەڵکوو تەنانەت مەشق و ڕاهێنانەکانیان دووبارە بکەنەوە! ڕاستی فەرموو ئەو کەسەی کە لە خۆوە قسە ناکات (ﷺ) کاتێک فەرمووی: «لَتَتْبَعُنَّ سَنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، حَذْوَ الْقُذْةِ بِالْقُذْةِ، حَتَّى لَوْ دَخَلُوا جُحْرَ ضَبٍّ لَدَخَلْتُمُوهُ»[1] هەنگاو بە هەنگاو شوێن ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون، تا ئەگەر بچنە کونی بزنمژەوە، ئێوەش دەچینە ناویەوە. هەروەها فەرمووی(ﷺ): «لَنْ تَقُومَ السَّاعَةُ حَتَّى تَأْخُذَ أُمَّتِي بِأَخْذِ الْقُرُونِ قَبْلَهَا، شِبْرًا بِشِبْرٍ، وَذِرَاعًا بِذِرَاعٍ»[2] ڕۆژی دوایی نایەت، هەتاکوو ئومەتەکەم شوێن گەلانی پێش خۆیان نەکەون، باسک بە باسک و بست بە بست.»

بەداخەوە دەبینین زۆرێک لە ڕاهێنەرە موسڵمانەکان کە لەسەر ئەم فێرکاری و پراکتیزەکردنی ئەم ڕێبازانە ڕاهێنراون، هەوڵدەدەن ناوەڕۆکی ئەم فەلسەفانە لەگەڵ ڕاستییەکانی بیروباوەڕی ڕاست و دروست بگونجێنن، سەرئەنجام

---

(١)پێشەوا بوخاری گێڕاویەتییەوە بە ژمارەی (٧٣٢٠).

(٢) پێشەوا بوخاری گێڕاویەتییەوە بە ژمارەی (٧٣١٩).

فکرێکی شێواوی فەلسەفی یان فەلسەفەیەکی بە ئیسلامی کراویان بەدیهێنا! نە ئیسلامی پاکە، نە فکرێکی فەلسەفی یەکلایەنە، بەڵکو لەوە خراپتر و مەترسیدارترە و لەلای خەڵکی تێکەڵ بووە و ڕوون و ئاشکرا نییە؛ ئەمەش لەبەرئەوەی خۆی باتڵە و پۆشاکی حەقی بەبەرداکراوە، دەبینی نزیککردنەوە دەکەن لەنێوان ئەو (اللّٰه)یەی ناسیویانە لە ڕێگەی ئاینەوە، لەگەڵ (گشتی . الكلي) نێو ئایینی بتپەرستان! لێرەوە بوونی خودایەک دەسەلمێنن بەڵام حەقیقەتەکە ناسەلمێنن وەک ئەوەی خودا لەبارەی خۆیەوە فەرموویەتی! بۆیە هەوڵەکانیان بۆ نزیکبوونەوە و تەوفیقکردن زیاتر دووریان دەخاتەوە لە حەق، هاوشێوەی ئەم کارە لە ڕابردوودا وایکرد کۆمەڵێک فەیلەسووفی موسڵمان دووچاری عەقیدەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) بن، پاشان ئینکاری ڕۆژی دوایی و پێغەمبەرایەتی و هەموو غەیب و پەنهانییەکان کە لە ڕێگەی عەقڵەوە درکیان پێ ناکرێت، ئەمەش دەرئەنجامێکی سروشتی هەر کەسێکە کە پێچەوانەی وەسیەت و فەرمانی خودا دەکات: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ [الأنعام:١٥٣] «ئەم ئیسلامە ڕێبازی ڕاست و ڕەسەنی منە، دەسا ئێوەیش بەتەواوی شوێنی بکەون، شوێن ڕێچکە و ڕێبازەکانی دیکە مەکەون لەبەرئەوەی دوورتان دەخاتەوە لە ڕێبازی خودا، ئەمە وەسیەت و سپاردەی خودایە بۆتان بەڵکوو پارێزکار و تەقواکار بن»، پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: «پێچەوانەکردنی فەرمانی خودا سەرەتا مرۆڤ ڕادەکێشێت بۆ بیدعە، پاشان بۆ کوفر، خاوەنەکەی بە ئەندازەی خۆی پشکی هەیە لە وتەی خودای گەورە: ﴿وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلًا﴾ [الفرقان:٢٧] «لەو ڕۆژەدا ستەمکار -لە حەسرەت و پەشیمانی ئەوە کە لە دونیادا گوێرایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) نەبوو- هەردوو دەستی خۆی دەگەزێت و دەڵێت: ئەی خۆزگە! منیش لەگەڵ پەیامبەردا (ﷺ) ڕێگەی ڕاست و ئیمانم

دەگرتە بەر.»[(١)]

بەکورتی: عەقیدەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) و دەرئەنجام و ڕەنگەکانی ڕەگی ئەم چالاکی و ڕاهێنان و فەلسەفە هاوچەرخانەن، ئەو عەقیدەیەش سەرچاوەی ئایینییەکانی ڕۆژهەڵات و هیندستان و چینە، هەروەها سەرچاوەی عەقیدەی فەلسەفی یۆنانی و فارسی کۆنە بە گشتی، وەک چۆن مومارەسەیەکی کردەیی بیری بوونگەرایی (المذهب الوجودي) و عەقیدەی نیچە و عەقیدەی سوودگەرایی(المذهب النفعي)ە، لەمەودوا درێژەی پەیوەندی نێوان ئەم عەقیدانە لەگەڵ پراکتیزە و بەکارهێنانی هاوچەرخیان و ئایین و ڕێبازەکانی دیکە ڕوون دەکەینەوە.

---

(١) اقتضاء الصراط المستقيم لمخالفة أصحاب الجحيم, ابن تيمية (ص:١٥٢).

# دەروازەی سێیەم

## ڕوونکردنەوەی دیارترین ئەفکار و بیروباوەڕەکان

# دەروازەی سێیەم

## ڕوونکردنەوەی دیارترین ئەفکار و بیروباوەڕەکان

ئەم فەلسەفانە بە بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانیانەوە فەلسەفەیەکی تایبەتن بۆ بوون (الوجود) کە سەرچاوەی گرتووە لە تێگەیشتنێکی شێواو بۆ خودی بوون (الوجود) و بەدیهێنەر(الخالق) و گەردوون(الکون) و ژیان(الحیاة)، هاتنەبوونی گەردوون و ماهیەتەکەی و سەرەتا و کۆتایی گەردوون، لەبەرئەوەی ڕابەرانی ئەوانەن نکۆڵی پێغەمبەراتی دەکەن و پشت بە عەقڵی سنووردار و زانستی هەڵەی مرۆڤەکان دەبەستن کە وەریان گرتووە سەرچاوەی باوەڕپێنەکراوەوە لە کتێبەکانی حیکمەت و ئەفسانەکان، پێشتر ڕەگ و ڕیشەی باوەڕەکەیان ڕوون کرایەوە کە مۆدێلێکی دیکەی عەقیدەی یەکیەتی بوون(وحدة الوجود)ە، ئێستاش وردەکاری گرنگترین بیروباوەڕەکان دەخەینەڕوو:

١. باوەڕبوون بەوەی کە هەموو شتێک لە بوون(الوجود)دا کۆی گشتی (الکلي) ـە[1] و هەموو شتێک لە گەردووندا تەجەلی و دەرکەوتنی ئەو (کۆی گشتی)یەیە.

ناوی کۆی گشتی(الکلي) لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و لە بەکارهێنانێکەوە بۆ بەکارهێنانێکی تر جیاوازە، لە ناو فەیلەسووفە یۆنانییەکاندا پێی دەوترا ئەقڵی گشتی(العقل الکلي)، کە بریتییە لە تاو (Tao)

---

(١) هەندێک لە شوێنکەوتووانی ئایینە ئاسمانییەکان کۆی گشتی (الکلي) یان (تاو) و (براهما) بە (خودا) یان (God) لێکدەدەنەوە بەهۆی لێکچوونێکی ڕواڵەتی نێوان هەندێک لەو وەسفانەی شوێنکەوتووانی ئەم ئایینانە (الکلي) پێ وەسفدار دەکەن لەگەڵ هەندێک لە وەسفەکانی خودا لەلای شوێنکەوتووانی ئایینی حەق. ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە کە خەڵک بەلاڕێدا دەبات، ڕەنگە زۆرێک لە توێژەرانیش گرنگی پێ نەدەن.

لە فەلسەفەکانی چین، لە نێو هیندۆسەکاندا بە «براهما» ناسراوە و لەلای مانەوییەکان ڕووناکی باڵا(النور الأعلى)یە.

بەپێی بیروباوەڕی ئەوان هەموو بوونەوەرەکان پەیدا دەبن لەم کۆی گشتی(الكلي)یە بەهۆی درەوشاوەیی(الإشراق)ەوە، یان فەیز(الفيض)ەوە، یان دەرکەوتن(التجلي)ەوە، یان دابەشبوون(انقسام)ەوە، هەروەها ڕۆح و هێز و وزەی گەردوونی لەم کۆ گشتیی(الكلي)ەوە سەرچاوە دەگرن، ئەم وزەیە چەند ناوێکی جیاوازی هەیە، ناوی پرانا(Prana)یە لە نێو هیندۆسەکان و پراکتیزەکەرانی هەناسەدانی قووڵدا، لەلای فیرعەونەکانیش پێی دەوترا کا (Ka)، لە ڕاهێنانەکانی ریکیدا پێی دەوترێت چی(ki)، لە فێرکاری چی کۆنگ، پێی دەوترێت (کیچی Qi-chi)، لەنێو باوەڕدارانی هۆناداش مانا(Mana)ی پێ دەوترێت.[1]

ئەم گشتی(الكلي)یە تەنیایە، نەبینراوە، شێوەی نییە، سەرەتا و کۆتایی نییە، لەوەوە گەردوون لە شێوەی دووانەیی کەمبووەوە و هاوئاهەنگ و گونجاو و پەیدابووە، دواتریش بوونەوەرەکان لێیەوە پەیدا و هەمەچەشن بوون، دووانەیەکان بە پێی فەلسەفەی چینی بە «یین و یانگ» ناودەبرێن، و بە نێر و مێ یان نەرێنی(السالب) و ئەرێنی(الموجب)، یان باش و خراپ وەرگێڕانیان بۆ کراوە!

یەکەمینی ئەو دووانەییە لە ڕووی دروستبوونەوە: دووانەیی بوونە(ثنائية الوجود) لە جیهانی ماددی بەرجەستەکراودا، وە دژە بەرجەستە نەبووەکەی وزەی گەردوونی (الطاقة الكونية) یان ئەسیر(الأثير)ە[2] کە تایبەتمەندییە ڕەسنەکانی

---

(١) بڕوانە: الفلسفة في الهند, علي زيعور (ص:٥٤١), تناسخ الأرواح أصوله وآثاره, محمد الخطيب (ص:١٨).

(٢) دەستەواژەی وزە (الطاقة) و ئەسیر (الأثير) زاراوەی زانستین بەکاردێن بۆ دروستکردنی وەهمی ئەوەی گوایە ئەم بابەتانە تیۆری زانستیین، بۆیە وەک ڕوونکردنەوەیەکی زانستی لە لایەن ماتریالیستەکان (مادديیەکان)ـی ڕۆژئاوا -شوێنکەوتووانی ئەم فەلسەفەیە- بەکاردێت

کۆی گشتی دەپارێزێت، ئەوانیش: (نەبینراوە، شێوەی نییە، کۆتایی نییە).

گەورەترین دووانەی (بەرجەستەبوو): خۆر و مانگە، دوای ئەمان هەسارەکانە؛ بۆیە بەپێی ئەم باوەڕە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر تایبەتمەندی و جۆری هەموو بابەتە بەرجەستەبووەکانی خوارەوە هەبووە بە مرۆڤیشەوە.

ئەم دووانەیە لە هەموو شتێکدا جێگیر و بەردەوامە؛ بۆ نموونە پێستی مرۆڤ لە ڕووی دەرەوە «یانگ» بەسەریدا زاڵە، لە کاتێکدا لە ناوەوەی «یین» زاڵە، بە هەمان شێوە هەموو ئەندامەکانی ناوەوە دەرەوەیان «یانگ» زاڵە، ناوەوەیان «یین» زاڵە، بە هەمان شێوە خواردن و هەموو بوونەوەرەکانی دیکە یان «یین» یان «یانگ» بەسەریدا زاڵە.

فەلسەفەی «یین» و «یانگ» تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی گرنگی ئەو باوەڕەی کە ئەم ڕاهێنان و پراکتیزە هاوچەرخانە و سەرچاوە فەلسەفییەکانیان لەسەری وەستاون، ئەم فەلسەفەیە ئاماژەی ئەو ڕۆڵەیە کە ئەوان باوەڕیان پێیەتی سەبارەت بە هێزە دووانەییە جیاوازەکان لە گەردووندا، «یین» نوێنەرایەتی مانگ و مێینەیی و بێدەنگی و ساردی و ئەرێنی دەکات، «یانگ»یش نوێنەرایەتی خۆر و نێرینەیی و جووڵە و گەرما و نەرێنی دەکات. دەبێت هاوسەنگییەکی تەواو لەنێوان ئەم دوو هێزەدا هەبێت و تەواوکاریی نێوان ئەو دوو دژە جێگیربێت بۆ هاتنەجێی ژیانێکی بەختەوەر و ئاسوودە[1]، هەروەها پێیان وایە هێزەکانی

---

بۆئەوەی پۆشاکی زانستی بکەنەبەر ئەم مەفاهیمە فەلسەفی و ئایینییانە کە لە حەقیقەتدا تەواو جیاوازە لەو ئەسیر(الأثیر) و وزە (الطاقة)یەی پسپۆڕانی فیزیا و وزە دەیزانن!

(١) ئەوانەی فریویان خواردووە بە پراکتیزەکردنی ئەم فەلسەفانە -لە نێو موسڵماناندا- هەوڵدەدەن فەلسەفەی ئەو هێزە دووانەیە لەنێوان کۆی گشتی (الكلي الواحد) و ئیسلام بگونجێنن، بۆیە بانگەشەی ئەوە دەکەن مەبەست پێی ئەو دووانەییەیە خودای باڵادەست لەم ئایەتە پیرۆزدا باسی کردووە ﴿ومن كل شىء خلقنا زوجين﴾ [الذاريات:٤٩]، هەرچەندە جیاوازی نێوان ئەو دوو چەمکە جیاوازی نێوان «تەوحید» و «شیرک»ە، پاشان لەکوێدایە ئەو دووانەییە لەسەر ڕووکەشی پێست و ناوەوەی هەیە؟ باشە بۆچی ئەو دووانەییە بەپێی

«یین» و «یانگ» لە گەردووندا جێگیر نین، بەڵکوو بەردەوام لە گۆڕاندان، ڕەنگە وزەی «یین» لە کاتێکی تردا و لە هەلومەرجێکی دیکەدا ببێتە «یانگ»، ئەمەش بەپێی جووڵەی مانگ و خۆر و هەسارەکان و بەپێی یاساکانی پێنج توخمەکە: دار، ئاگر، زەوی، کانزا و ئاو. هەروەها هەموو ئەو شتانەی لە گەردووندا ڕوودەدەن بە پێی ئەو فەلسەفەیە. پەیوەستە بە هاوسەنگی نێوان «یین» و «یانگ»، یان بەو پێنج توخمەی کە لە شێوەی زنجیرەیەکی تەواوکاردا کاردەکەن، هەر توخمێک «توخمێک» دروست دەکات و توخمێکی دیکە لەناو دەبات لەنێوان خۆیاندا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆئەوەی هاوسەنگییەکی هەمیشەیی لە سروشتدا دروست بکەن.

پێویستە لەسەر مرۆڤ - و هەموو شتێک لە گەردووندا. هەوڵبدەن بۆ هاوسەنگیکردن لەنێوان هەردوو هێزی «یین» و «یانگ»؛ بۆئەوەی هاوئاهەنگی و گونجاوێتی تەواو لە گەردووندا لەگەڵ کۆی گشتی(الكلي) ـدا بەدەست بهێنرێت، ئەمەش بە بایەخدان بە وەرگرتنی وزەی گەردوون بۆ جەستە فەراهەم دێت، هەروەها بە گرنگیدان بە ڕێخۆشکردنی ڕێڕەوەکانی و دڵنیابوون لە ڕۆیشتنی بۆ ناو جەستە لەڕێگەی گرنگیدان بە ڕجێمی خۆراکی کە پشتی بەستووە بە تایبەتمەندی میتافیزیکی خۆراکەکان؛ وەکوو ڕێجیمی ماکرۆبایۆتیک و پراکتیزەکردنی وەرزشە تایبەتەکانی وەک «چی کۆنگ» و «تای چی چوان» «یۆگا» یان چارەسەرەکانی وەک «دەرزی چینی» و «ڕیکی»، یان بە

---

تایبەتمەندی ئەستێرەکان و پێنج توخمەکە دەگۆڕێت، بەجۆرێک کە «یین» دەگۆڕێت «یانگ» و «یانگ» بۆ «یین»! حەقیقەتی ئەو کارانەی ئەوان دەیکەن لە وتەی خودای گەورەدا هاتووە: ﴿یشترون بآیات الله ثمنا قلیلا﴾ مەگەر تۆبە بکەن، خۆ ئەگەر ناوی لێ بنێن بەئیسلامیکردن، (بەئیسلامکردن)، یان بونیادنان و تەئسیڵکردن -بە دەربڕینێکی باشتر- بابەتێکە کە پێویستی بە وردبینی و هۆشیاری و تێگەیشتن هەیە لە بناغەکانی ئەو زانستەی کە مەبەست لێی بونیادنانە و تێگەیشتنێکی تەواو لە زانستە شەرعییەکان و یاساکانی تەفسیر و زمان و زۆر شتی تر.

بەکارهێنانی نهێنی و کۆدی «چاکراکان» و هێماکانیان لە: بۆن و ڕەنگ و بەرد و شێوە ئەندازەیییەکان و ئاواز و سروودی «مانترا».

«یین» و «یانگ» هێزی میتافیزیکین نهێنی و گۆڕانکارییەکانیان لەلایەن کاهین و پسپۆڕانی ئەم فەلسەفە و پراکتیزەکەرانی ڕاهێنان و شێوازەکانی وەک «ماکرۆبایۆتیک» و «ڕیکی» زانراوە و لە توانای زانایانی پزیشکی، یان وزە و هێزی فیزیاییدا نییە.[1]

---

(١) باطنییەکان لەم ئەمڕۆدا بانگەشەی زاراوەی «وزەی گەردوونی» دەکەن، کەسی گوێگر بە واتای «وزە»ی فیزیایی لێی تێدەگات، لە حەقیقەتدا ئەوانیش واتایەکی دیکەیان دەوێت، نەمەبەستیان پێی «وزەی گەرمی»یە، نە «وزەی کارەبا»یە، نەگۆڕانکارییە جۆراوجۆرە فیزیایی و کیمیاییەکانە، جا شاراوەبێت یان جووڵەیی یان ئەرێنی، هەروەها ئەوەش نییە کە پێی دەوترێت (وزەی زیندەیی بەرهەمدار ـ الطاقة الحيوية الإنتاجية) یان «وزەی ڕۆحی»، کە ئێمە وەک چالاکیی بۆ کار، پەرستن، چاوەڕوانی پاداشت، پشت بەستنی تەواو بە خودا و ... هتد تێدەگەین. بەڵکوو ئەو «وزە»یەیان مەبەستە بەپێی چەمکە فەلسەفییەکان کە هێزێکی گەورەیە لە «کۆی گشتی»ەوە سەرچاوە دەگرێت و هەمان هێز و کاریگەری هەیە. سەبارەت بەو کەسانەی کە لە نێو ئایینە ئاسمانییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، لەوانەش هەندێک لە موسڵمانان -خوا هیدایەتیان بدات- بە شێوەیەک لێکدانەوەی بۆ دەکەن دژایەتی باوەڕیان بە خودا نەکات، بۆیە بانگەشەی ئەوە دەکەن وزەیەکی گەورەیە خودا دروستی کردووە لە گەردووندا و کاریگەرییەکی گەورە لەسەر ژیان، تەندروستی، ڕۆحانییەت، هەستەکان، ئەخلاقەکان و مەنهەجی ژیانمان دەبێت! وزەی گەردوونی دابەش دەبێت بەسەر «وزەی ئەرێنی» کە لە خۆشەویستی و ئاشتی و ئارامی و هاوشێوەکانیدا هەیە. «وزەی نەرێنی» کە لە ڕق و ترس و شەڕ و هاوشێوەکانیدا هەیە؛ بۆیە شوێنکەوتووانی داوای پاککردنەوەی ڕۆحەکان و جیهانیش لە «وزەی نەرێنی» دەکەن بە نەهێشتنی ڕق و ترس لە دڵی هەموو خەڵکی. دەبێت دانیشتنەکانی مێدیتەیشنی زاڵ بەکۆمەڵ زیندوو بکرێنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی وزەکانی خۆشەویستی لە گەردووندا کە ململانێی وزەکانی ڕق و کینە دەکات و لەناوی دەبات! هەروەها پێویستە هۆکارەکانی وزەی نەرێنی لەڕەخنە و مشتومڕ و شەڕەکان لەناو ببرێت!

ئەم وزەیەی پێی دەوترێت «وزەی گەردوونی» لەلایەن فیزیازانەکانەوە دانپێنراو نییە، ئەو وزەیەش نییە بە شێوەی مەجاز بە واتای هیممەت بەرزی یان ئیمان بەهێزی و هاوشێوەکانی بەکاردێت. بۆیە زاراوەی «وزەی گەردوونی» پۆشاکێکی زانستییە کراوە بە بەری باتڵدا بۆئەوەی لە خەڵکی بشێوێنن و ڕێگایەکی باطنییە بۆ بڵاوکردنەوەی عەقیدەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) و ڕاهێنان لەسەر بنەماکانی بانگەوازی یەکیەتی ئایینەکان (وحدة الأديان) بە کرداری.

هەروەها بیروباوەڕی شوێنکەوتووانی «یین» و «یانگ» دوور نییە لە بیروباوەڕە دوانەییەکانی وەک مەجووسیەت و مانەویەت و زەردەشتییەت، بەڵام ئەوە هەیە پەیوەندی نێوان دووانەییەکان دژبەیەکن لە بیروباوەڕی مەجووسی و مانەوی و زەردەشتییەکان، بە ناکۆکی و ململانێی «خودای باشە و خودای خراپە»[1] لێکدانەوەی بۆ دەکەن، لە کاتێکدا لە ئایینی طاوی و بودایی و فێرکاری و ڕاهێنانکانیدا بە گونجاوی و تەواوکاریی لێکدانەوەی بۆ کراوە، هەروەها بیروباوەڕێکە لە کۆتاییدا هاوشێوەی تیۆری فەیزی فەلسەفییە (نظرية الفيض الفلسفية)؛ لەبەرئەوەی ناوەڕۆک و مەبەست لە هەموو ئەم ڕەنگ و وێنە و فەلسەفانەدا یەک شتە ئەویش بێباوەڕبوونە بە غەیبی ڕاستەقینە، هەموو بێباوەڕیش لە کۆتاییدا یەک حوکمی هەیە، جا ناوەکان پەیوەندییان بە فەلسەفەی یەکیەتی بوون(وحدة الوجود)ـەوە هەبێت، یان عەقیدەی چوونەناو و یەکگرتن(الحلول والاتحاد)ـەوە هەبێت، یان پەیوەندییان بە فێرکاری و ڕاهێنانەکانی «ڕیکی، چی کۆنگ، ماکرۆبایۆتیک»ـەوە هەبێت.

٢. باوەڕبوون بە جەستەی ئەسیری(الجسم الأثيري)[2] کە یەکێکە لە

---

(١) ئەمە ئەوەیە بەغدادی (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) ئاماژەی پێ کردووە کاتێک باسی لە سەرچاوەی باطنی کرد لە ئیسلامدا: "ئەوانەی بناغەی باطنیەتیان دانا نەوەی مەجووسەکان بوون و مەیلیان بۆ ئایینی باوباپیرانیان هەبوو، بەڵام لە ترسی شمشێری موسڵمانان نەیاندەوێرا ئاشکرای بکەن، خەڵکانێکی کەودەن هەستان بە دانانی بناغەکەی، ئەو کەسەش ئەو بنەمایانەی قەبووڵ بکردایە لە ناخیدا مەجووسیەتی بەباشتر دەزانی، ئایەتەکانی قورئان و سوننەتەکانی پێغەمبەریان (ﷺ) تەئویل دەکرد بە شێوازێک لەگەڵ بناغەکانیان ئەو بنەمایانە هاوئاهەنگ بێت، دووانەییەکان (الثنوية) ئیدیعای ئەوە دەکەن ڕووناکی(النور) و تاریکی(الظلمة) بەدیهێنەری ئەزەلین، ڕووناکی(النور) دروستکەری چاکە و سوودەکانە، تاریکیش(الظلمة) دروستکەری خراپە و زیانە، جەستەکان تێکەڵ بە ڕووناکی و تاریکین و هەریەکەیان چوار سروشت لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە: گەرما، سەرما، تەڕی و وشکی. بۆیە ئەمانەش وەک مەجووسییەکان باوەڕیان بە دوو خودا هەیە." بڕوانە: الفرق بين الفرق، البغدادي (ص:٢٥٣).

(٢) بیرۆکەی جەستەی ئەسیری لە ڕووی زانستییەوە بیرۆکەیەکی هەڵەیە، لە ڕووی

حەوت جەستەکە لە هەموو زیندەوەراندا بوونیان هەیە، لە مرۆڤدا بریتییە لەو جەستەیەی لە بەرجەستەنەبووەوە پەیدا دەبێت، ئەم جەستەیە هەر لە لەدایکبوونیەوە لەگەڵ مرۆڤدا بوونی هەیە و هەمیشە بەیەکەوە گرێدراوە بە پەتێکی زیوی، گرنگترین ئەرکی پەیوەندیکردنە لەگەڵ وزەی گەردوونی(الطاقة الكونية) کە بەشێکە لە فەلسەفە گشتگیرەکەیان بۆ بوون و گەردوون و ژیان و پەیوەندی نێوانیان، وزەی گەردوونی -بەپێی ئەم فەلسەفەیە- یەکەمین دەرکەوتنی کۆی گشتی(الكلي)ە، لەسەر هەمان سیفەتەکانی «نەبینراوە، هاوشێوەی نییە» ماوەتەوە، بۆیە لێی نزیکترە، ئەم وزەیە خاوەن سیفات و تایبەتمەندیی ئیلاهییە، گەردوون و ژیانی بوونەوەرەکان لەسەر ئەم وزەیە وەستاون، ئەم وزەیە تایبەتمەندی تەوژم و جۆشی هەیە، هێزی ژیان و تەندروستی و ڕۆحانیەت و خۆشەویستی و بەختەوەری بە جەستە فیزیکییەکان دەبەخشێت، پشکی مرۆڤیش لەمەدا بە ئەندازەی ئەو تێگەیشتنەیەتی بۆ ئەم فەلسەفەیە، پراکتیزەکردنی ڕاهێنان و فێرکاری و ئەو شێوازی ژیانکردنەی کە هەیەتی، بەشێوازێک وزەی گەردوونی دەڕژێتە ناو جەستە ئەسیرییەکەیەوە و وزەی هێزی ژیانی پێ دەبەخشێت.

٣. باوەڕبوون بە نهێنییەکانی چاکراکان (Chakras) کە دەرچەی

---

ئایینیشەوە ڕەتکراوەتەوە، نە بە قورئان و سوننەت نەسەلمێنراوە، نە بە عەقڵی تەندروست، بانگەشەکەرانی ئەم فەلسەفەیە بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەم جەستەیە بە وێنەی کامێرایەکی تایبەت بە ناوی «کیرلیان» -کە ناوە زانستیەکەی (Aura Imaging Camera) سەلمێنراوە، ئەو کامێرایەی وێنای خاڵیکردنەوەی کارەبایی دەوروبەری جەستە دەکات، کە کاریگەر دەبێت بە شێداری جەستە و پلەی گەرمی و ئارەقە و ... هتد، لەوێدا نە ئاورا(هالة)ی ڕۆحی بوونی هەیە، نە جەستەی ئەسیری. هەروەها بانگەشەی ئەوەیان کردووە بە وێنەی «فیرۆمۆنەکان» سەلمێندراوە کە لە ڕابردووەوە ناسراوە، وێنەی پریشکی «کۆرۆنا» و ئامێری دیاریکردنی دەمار و چەندانی دیکە، بە سوودوەرگرتن لە بێئاگایی خەڵکی لەو ئامێرانە، و حەقیقەتی ئەو شتانەی کە وێنایان دەگرن، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەنجامە ڕواڵەتییەکان بریتییە لە پێوانەکردنی «وزەی گەردوونی» لە جەستەدا یان ئاورا(هالة)ی جەستەی ئەسیری!

پەیوەندیکردنن بەو وزەی گەردوونییەی دەکەوێتە سەر جەستەی ئەسیری. هەر چاکرایەک وەک شوێنی کۆبوونەوە وایە لە سووڕانەوەی خولگەیی لەسەر جەستەیەکی فیزیکی سروشتی. ئەم دەرچانە چەقی وزەی ژیان پێکدەهێنن لەلای هەموو مرۆڤێک، بەپێی باوەڕی لاڕێیان هەر چاکرایەک ڕێڕەوی چوونە ژوورەوەی وزە و جووڵەی چوونە ژوورەوە و دەرچوونی جەستەی فیزیکی و سۆزداری و دەروونی و ڕۆحی دیکەن.

هەروەها پێیان وایە ئەم وزە گەردوونییە کە لە جەستەدا دەڕژێت، چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە :چالاککردنی شوێنەکانی دەوروبەری، و ئەرکی دیکەی تایبەت بۆ تەندروستی ئەندامە سەرەکییەکانی جەستە و حاڵەتە دەروونی و ڕۆحییەکان؛ هەروەها پەیوەندی هەیە بە توانای کۆنترۆڵکردن و کاریگەری دروستکردن لەسەر کەسانی دیکە، هەروەها پێیان وایە هەر چاکرایەک هێما و کۆدی تایبەتی نێر یان مێی هەیە! هێزێکی تایبەت بە خاوەنەکەی دەبەخشێت ئەگەر گرنگی پێبدات، هەروەک چۆن حەزی لە ڕەنگێکی تایبەتە و لە جۆرێک لە بەردی بەنرخ و جۆرێک لە بۆن و گوڵی تایبەتدا دەردەکەوێت، بۆئەوەی بە تەواوی سوود لە هێزی چاکراکە وەربگرێت و بکرێتەوە بۆ وەرگرتنی وزە لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێک ئاواز و سروود(مانترا)[1]ی تایبەت هەیە دەبێت پراکتیزەیان بکات! هەروەها پێیان وایە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی هەر چاکرایەک و ئەو شتانەی خۆشی دەوێت توانای باشتر بە مرۆڤ دەبەخشێت و گونجاوی زیاتر

---

(١) «مانترا» وشەیەکی تایبەتە بە هێمنی دووبارە دەکرێتەوە لە کاتی کردنەوەی هەر «چاکرایەک»، یان لە کاتی مێدیتەیشندا -کە زۆرجار ناوی تاغوتێکی پیرۆزە لەلایان- سوودەکەی ئەوەیە کاردەکات بۆ کۆکردنەوەی وزە وەک ئەوەی عەدەسەیەک بێت، بۆیە مرۆڤ دەتوانێت بە هێزی ئەو وزەیە تەنیا بە سەیرکردن هەڵسوکەوت بکات لە شتە هەستەکی(المحسوس)ـەکان و مەعنەویی (غير المحسوسة)ـەکان! بەڵکوو ئەوانەی کارامەن تێیدا دەتوانن بە مرۆڤ بڵێن: نەخۆش بە و ئەویش نەخۆش دەکەوێت، یان بڵێن: تەندروست بە ئەویش تەندروست دەبێت. بڕوانە: فصل (المانترا) في مذكرة ستة أيام في بيت السلام، مريم نور

لەگەڵ گەردووندا بۆ فەراهەم دێنێت، لێرەوە دەستڕاگەیشتن بە بەختەوەری.

بەپێی باوەڕیان چاکراکان لەگەڵ ڕێڕەوی ئەو وزەیەی پێی دەوترێت نادیات (النادیات) یان زەوالیات(الزوالیات) سیستەمی وزە لە جەستەی ئەسیریدا پێکدێنن، جەستەی ئەسیریش پێکهاتووە لە ژمارەیەک چاکرای سەرەکی و بەدرێژایی ڕێڕەوی کوندالینی (Kundalini) کە لە لوتکەی سەری مرۆڤەوە تا کۆتایی بڕبڕەی پشت درێژ دەبێتەوە. شوێنکەوتووانی ئایینەکانی ڕۆژهەڵات هەندێک جیاوازییان هەیە لە ژماردنی چاکراکاندا و زۆربەی ئەو ڕاهێنان و ئەپلیکەیشنانەی کە دێنە وڵاتمان پشت بە حەوت چاکرا دەبەستن بەپێی توراسی بودایی!

ڕابەرانی ئەم فەلسەفەیە و شوێنکەوتووەکانیان کە لە ڕاهێنان و فێرکارییە هاوچەرخەکانیدا ڕاهێنەرن یان مەشق و ڕاهێنانیان پێ دەکرێت پێیان وایە وزەی گەردوونی بەجۆشەوە لە جەستەدا دەڕژێت بۆئەوەی ژیان و تەندروستی و بەختەوەری ڕۆحانیاتی پێببەخشێت لە ڕێگەی (زەوالیات)ـەوە کە بە تەواوی گونجاو و کارپێکراوە لەسەر ڕێڕەوی دەمارەکان لە جەستەی فیزیکیدا، بۆیە گرنگی بەم خاڵانە دەدەن لە هەموو بەکارهێنان و فێرکارییە تەندروستی و وەرزشییەکان لە چارەسەری چینیدا.

زانینی تایبەتمەندییەکانی چاکراکان و چی پێ پەسەندە لە ڕووی ڕەنگ و بۆن و ئاواز و سروودەکانەوە یارمەتی مرۆڤی ئاسایی دەدات -بەپێی باوەڕی ئەوان- بۆ پاراستنی هاوسەنگی تەندروستی، چاکبوونەوەی لە نەخۆشییە بێچارەکان، سەقامگیری دەروونی، چالاکی عەقڵی، نەشات، متمانە بەخۆبوون و توانای کاریگەری دروستکردن لەسەر کەسانی دیکە[1]. هەر کەسێک ڕەچاوی چاکراکان

---

(١) هەر بۆیە موسڵمانانی هەڵخەڵەتاو بەم فەلسەفانە ڕاهێنانیان پێ دەکرێت بۆ کردنەوەی «چاکراکان» و مەساجکردنی شوێنەکانیان بۆئەوەی وزە لە زۆربەی دانیشتنەکانیاندا بڕژێت. بە نموونە لە کۆرسەکانی گوتاربێژی(الإلقاء)دا دەڵێن: دەبێت قسەکار باوەڕی بە خۆی

بکات دەتوانێت بگات بە مەزنی و «نێرڤانا» ئەم چاکرایانە نهێنی و تایبەتمەندی بەهێزیان هەیە کە بەکارهێنەرەکانیان دەتوانن شتە موعجیزەئاساکان ئەنجام بدەن، وەک: توانای شیفابەخشین تەنیا بە دەست لێدان، کاریگەر نەبوون بە سەرما و گەرما، جووڵاندن و تەسەڕوفکردن بە مرۆڤ و ڕووداوەکان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر! ئەم نهێنییانە تەنیا پیاوانی ئایینی و ئەو کەسانە دەیانزانن کە ڕاهێنانی بەهێز ئەنجام دەدەن و ماوەیەکی درێژ خواردن ناخۆن و خۆڕاگرن لەسەر ڕاهێنانەکانی مێدیتەیشن و تێڕامانی قووڵ[1] (التأمل التجاوزي) و هەناسەدانی گۆڕانکاری(التنفس التحولي) و ئاواز و سروودە تایبەتەکان.

**هەروەها باوەڕیان وایە گەیشتن بە نێرڤانا ئامانجی بوونە، لە نیرڤانادا بەختەوەری دونیا بەدەست دێت بەهۆی ئەو خۆشی و حەوانەوەی بە شوێنکەوتووانی دەیبەخشێت، کە گەرەنتی ڕزگاربوونە لە سەرگەردانیی ڕۆح(جولان الروح)، یان ڕێگای یەکگرتنە لەگەڵ عەقڵی گشتگیر(العقل الكلي) ـدا.**

نێرڤانا ناوێکە بۆ ئەو قۆناغەی کە دەرچوون لە کۆنترۆڵی عەقڵی هۆشیاری (العقل الواعي) تێیدا ڕوودەدات. مرۆڤ بە سەرقاڵبوون بە تەرکیزکردن لە ڕاهێنانە ڕۆحییەکانیدا دەگات بەو قۆناغە، کە شایستەی قۆناغێکی ڕۆحی باڵاتر دەبێت و لە ڕێگەی کۆڵنەدانەوە دەتوانێت بگاتە قۆناغێک تێیدا لەگەڵ کۆی گشتی(الكلي)ـدا یەکبگرێت و وەسفدار ببێت بە کۆمەڵێک سیفات کە تەنیا

---

هەبێت لەگەڵ هێزی کاریگەری لەسەر کەسانی بەرانبەر، ئەمەش بە خێرایی بەدەستدێت بە گرنگیدان بەو چاکرایەی کە لەژێر ناوچەی ناوکدایە و بەرپرسە لە لایەنە دەروونییەکانی مرۆڤ!

(١) تێڕامان (التأمل): بنەماکەی فەلسەفەی ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتە، وەک: بودایی، هندۆسی، تائۆیزم، تێڕامان «مێدیتەیشن» ئەو واتایەی نییە کە بەواتای بەکارهێنانی مێشک و فیکر دێت، بەڵکوو مەبەست بەم تێڕامانە دانیشتن و بێدەنگییەکی تەواو و بەتاڵکردنەوەی عەقڵ و فیکرە لە هەموو بیرکردنەوەیەک! (وەرگێڕ)

بۆ خوداوەندەکانە، ئەمەش لەبەرئەوەیە وزەی کۆی گشتی(الكلي) دەڕژێتە ناویەوە و ئیلهام دەکرێت بۆ حیکمەت و دانایی، هەندێجار پێشبینی دەکات بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو و ئیتڵاع دەکات بەسەر کاروبارەکانی ڕابردوودا.

بەپێی باوەڕی ئەوان، گەیشتن بە نێرڤانا مەزنی و حیکمەت و ڕۆشنفکری بۆ کەسەکە بەدەست دەهێنێت، لە دۆخێکی خۆشی و ڕۆحانیەتدا دەژییێت، لەوانەیە لەو دۆخەدا بێهۆش ببێت و هەندێک جار باسی بابەتە داهاتووەکان یان ڕووداوەکانی ڕابردووی پێش ژیانی خۆی یان پێش تەمەنی هۆشیاری و ئیدراککردن بکات!

نێرڤانا لە بنەمای ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتدا ئەو ئامانجیە بودای و هیندۆسی دەیانەوێت بەدەستی بهێنن لە ڕێگەی دانیشتنی مێدیتەیشنەوە (عیبادەتەوە). هەروەها لە فێرکاری و ڕاهێنانەکانی ئەم ڕێبازە فەلسەفییە ڕۆحییانەدا هەمان ئامانجە! لە خولەکانی ماکرۆبایۆتیکدا پێی دەوترێت قۆناغی مەزنی (السمو). پراکتیزەکەرانی چارەسەری هیپۆتیراپی(التنويم الإيحائي) و بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانی دەماری (NLP)پێی دەڵێن: قۆناغی مەستی، خۆشحاڵی (النشوة، الغشية، Trance)کە تێیدا مامەڵە لەگەڵ نائاگاهی (اللاواعي)دا دەکرێت و باوەڕیان وایە پەیوەندی بەئاگاهی تەواو (الوعي الكامل)ەوە هەیە، لەلای پراکتیزەکارانی «تای چی» و «چی کۆنگ» و بەکارهێنانی وزەی مرۆیی بە قۆناغی بۆشایی یان خاڵیبوون(Emptiness) ناودەبرێت کە هەمان قۆناغی «فەنابوون» یان «مەستبوون»ە لەلای ئەو سۆفیانەی جێگیربووە زۆرێکیان تووشی شەتەحات و لادانێکی وا بوون بەرەو کوفر و عەقیدەی یەکیەتی بوون(وەحدة الوجود) هەنگاویاںناوە. ڕاهێنەری -موسڵمانی- (NLP) و وزە جەختی لەوە کردووەتەوە قۆناغی مەستی (النشوة) هەمان قۆناغی «نێرڤانا»ی بودایی و «فەنابوون»ی سۆفییەکانە، ئەمەش ئامانجێکی خوازراوە! بۆیە دەڵێت: «گەورە زانایانی چینی لە ڕاهێنەرانی «چی کۆنگ» پێیان وایە ئەگەر کەسێک بچێتە حاڵەتێکەوە کە پێی

دەڵێن: خاڵیبوون (Emptiness)، ئەوا دەتوانێت هەموو کێشەیەکی دەروونی و جەستەیی و ڕۆحی چارەسەر بکات. ئەم قۆناغە بریتییە لە ئیکستازی لە هیپنۆزیدا (النشوة في التنويم)، کە فەنابوونە لەلای سۆفیەکان لە ئیسلامدا و نێرڤانایە لەلای بوداییەکان، ئەمەش بریتییە لەو هەستەی باوەڕدار پێدەگات کاتێک شەوانە شەو نوێژ دەکات، ئەو چێژیە لە سوجدە بردن و دووبارەکردنە لە زیکرەکان بەدەستی دێنێت. لەم حاڵەتەدا عەقڵ بە شێوەیەکی هاونەوا بە ڕۆح و جەستەوە گرێدراوە و قۆناغی چاکبوونەوە و بەرنامەسازی و گۆڕانکاری لە لوتکەدایە"(١)

بەپێی باوەڕی پووچی ڕۆژهەڵاتییەکان و تێڕوانینی کورتیان بۆ ژیان و لاڕێ بوونیان لەو ڕێبازەی خودا نێرڤانا بریتییە لە ڕێگای ڕزگاری و ئازادبوون لە دونیا و ئازارەکانی و گەیشتن بە دەربازبوون لە سەرگەردانی ڕۆح.

ئەو موسڵمانانەی کە بەشدار بوون لە فێرکاری و ڕاهێنانەکانی ئەم فەلسەفانەدا، لە ڕوونکردنەوەی گرنگیی نێرڤانا لە سنووری بانگەشەی تەندروستی و بەختەوەری و خۆشەویستیدا دەوەستن، لەوانەیە بانگەشەی ئەوە بکەن ڕێگایەکە بۆ ئارامی و ڕۆحانییەت و بەدەستهێنانی خشوع لە عیبادەتدا!

بەپێی فێرکاری و بەکارهێنانی فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی نێرڤانا، چەند ڕێگەیەکی

---

(١) دليل المستخدم لفن التنويم، د. صلاح راشد (ص:٢٥)، بێگومان ئیماندار هەست بە کاریگەری عیبادەتەکەی دەکات لە چالاکی جەستەی و حەیەویەتی ڕۆحی، بەڵام هۆشی لەدەست نادات و مەبەستیشی نییە بەهۆی عیبادەتەکانیەوە هۆش لە دەست بدات، خۆ ئەگەر حاڵەتێکی واشی بەسەردا بێت ئەو دۆخە دۆخی چاک و پەسەند نییە، لەبەرئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی (ڕەزای خودایان لێ بێت) ئەم حاڵەیان بەسەردا نەهاتووە، بەڵکوو زۆرێک لە ئەهلی تەسەوف، ئەوانەی لە عیبادەت و خەڵوەتیان کاریگەری بوون بە ڕێوڕەسم و فەلسەفەکانی ئایینی هیندۆسی، جێگیربووە لە زۆرێکیان کە حاڵەتی بێئاگاییان بەسەر هاتووە، جا بەهۆی لە هۆشچوون بێت، یان فەنابوون، لەم حاڵەتانەدا لادان و شەتەحاتی زۆریان لێ بینراوە و بیستراوە، وەک: جێگیرکردنی عەقیدەی چوونەناو(الحلول) و تێکەڵبوون (الاتحاد)!

هەیە بۆ گەیشتن پێی کە پشتدەبەستێت بە هاوسەنگیی مرۆڤ لەنێوان هێزەکانی «یین» و «یانگ» لە ژیانی ڕۆژانەیدا، ئەم هاوسەنگییە وەستاوە لەسەر گرتنەبەری ڕێبازێک بۆ ژیانی ڕۆژانە کە دانیشتنەکانی مێدیتەیشنی زاڵ و پراکتیزەکردنی هەناسەدانی گۆڕانکاری(التنفس التحولي) لەخۆدەگرێت، هەروەها سروودی تایبەتی(مانترا)، یان بە پەیڕەوکردنی ڕێجیمێکی توندی وەک ماکرۆبایۆتیک، یان بە ڕێگەی سوودمەندبوون لە تایبەتمەندی و سروشتیی شتەکان بەپێی باوەڕی دەربارەی هێزە فەلەکییەکان و نهێنییەکانی شێوە ئەندازەیییەکان، کۆدی چاکراکان و چەندانی دیکە بۆ گەیشتن بە تەندروستی و بەختەوەری و هێز و نەشات و زاڵبوون بەسەر ئازارەکاندا، ڕەنگە لە داهاتوودا بتوانن بگەنە نەمری و مانەوەی هەتا هەتایی!

بەم شێوەیە پەیوەندی ئەم ڕاهێنان و پراکتیزانەبە ئایینەکانی ڕۆژهەڵات و بتپەرستان و فەلسەفە ئیلحادییەکان ڕوون دەبێتەوە و ڕابەرانی بزووتنەوەی سەردەمی نوێ (New Age movement) بڵاوی دەکەنەوە-لەبەرئەوەی لەگەڵ باوەڕیان بە عەقیدەی یەکیەتی بوون(وحدة الوجود)دا گونجاوە- لەنێو شوێنەکەوتووانی ئایینە ئاسمانییەکان لە ڕێگەی چەواشەکاری و گومانی ئەوەی زانستێکی مرۆیی بێلایەنە، ڕاهێنان و چالاکییەکی ڕۆژانەیە و دەبێتە هۆی نزیکبوونەوە لەنێوان دانیشتووانی زەوی و هەموو بوونەوەرەکانی دیکە، هەروەها کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی برایەتی هەسارەیی! بەڵام حەقیقەتەکە ئەوەیە دروشم و تقووسی ئایینین، بیروباوەڕی شیرکین و توراسی بتپەرستانن کە لە پەرتووکی ئایینەکانی ڕۆژهەڵات و لەسەر دەستی پیاوانی ئایینی و لە پەرستگاکانیانەوە سەرچاوەی گرتووە.

# دەروازەی چوارەم

## ڕوونکردنەوەی هەندێک لە شێواز و بەکارهێنانەکانی سەردەم

ASTANA

# دەروازەی چوارەم

## ڕوونکردنەوەی هەندێک لە شێواز و بەکارهێنانەکانی سەردەم

ئەم فەلسەفانە لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا وەک فێرکاری و ڕاهێنان و وەرزشی تەندروستی و بەختەوەری و ڕێبازێکی مۆدێرنی عەمەلی بۆ گۆڕین و چالاککردنی وزە شاراوەکان، ڕێگەی گەیشتن بە پەیوەندی و کارلێکی نێوان مرۆڤەکان و بڵاوکردنەوەی ئاشتی و لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن دەخرێنەڕوو! وەک ڕێبازگەلێکی فەلسەفی و فیکری و عەقیدەی نیشان نادرێن. ڕاهێنەرە موسڵمانەکان دڵنیایی دەدەنە مەشقکەران لەسەر دەستی خۆیان، یان لەسەر دەستی مامۆستا و ڕاهێنەرە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییەکان -کە هەندێکجار میوانداریيان دەکەن بۆ ڕاهێنان- تایبەتمەندی ئەم وەرزش و ڕێجیم و بەرنامە شیافییانە لە ئەوانی دیکەدا ئەوەیە: پرۆگرامێکی تەواوکارییە و ئامانجەکەی هاونەوابوونی عەقڵ و هۆش و دەروون و ڕۆحە! کاریگەرییەکی خێرا و بەختەوەرییەکی ئێجگار گەورە بۆ مرۆڤ دابین دەکات، هەروەک چۆن **توانای موعجیزەئاسا دەبەخشێت بەو کەسانەی تێیدا کارامەن بۆ دروستکردنی سەرکەوتن و ڕاکێشانی ئەو قەدەر و چارەنووسانەی کە خۆیان دەیانەوێت، هەندێکیان توانایی شیفادانی نەخۆشییەکانی خودی کەسی مەشقکەر دابیندەکات، خۆ ئەگەر مشقکەر بەردەوام بێت لەسەر مەشق و ڕاهێنان دەتوانێت تەنیا بە دەستلێدان شیفای کەسانی دیکەش بدات**[1]. هەروەک چۆن

---

(١) ئەو کەسەی لە سەرچاوەی ئەم بەکارهێنانە وەرزشی و تەندروستییانە بڕوانێت، تێبینی ئەوە دەکات کە لەسەر لێکۆڵینەوەی موعجیزە و کەرامەت بونیادنراون، بەپێی موسەلەماتێک لەلایان -لەکاتێکدا ئینکاری جیهانی غەیب و پێغەمبەرایەتی دەکەن- کە ئەو لێهاتووییەی کەسێک شارەزا بێت، دەتوانێت لەلایەن کەسانی ترەوە لاسایی بکرێت، بۆ نموونە:

ڕاهێنان تێیدا دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی هەلی کاری قازانجدار لە داهاتوودا، بەو پێیەی هەموو جیهانی سەردەم بەرەو ڕاهێنان و پزیشکی جێگرەوە هەنگاو دەنێت.

لە پێشکەشکردنی ئەم بەرنامانەدا -بۆ موسڵمانان- ڕاهێنەر و فێرکارە موسڵمانەکان ڕێبازی موسڵمانانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات پەیڕەو دەکەن کە ئاوێتەیەکیان دروست کردووە لەنێوان ئەو واقیعەی تێیدا لەدایک بوون لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا![1] بۆیە فەلسەفەی وزەی گەردوونی(الطاقة الكونية) دەگونجێنن بۆئەوەی بە ڕواڵەتیش بێت لەگەڵ باوەڕە ئیسلامییە ڕاستەقینەکەدا گونجاو و هاوتەوا بێت، کە بەڕوونی دووپاتی دەکاتەوە بەدیهێنەر تاک و تەنیایە، کەسی لێ نەبووە، لە کەسیش نەبووە، هیچ شتێک هاوشێوەی ئەو نییە، نە فەیز(الفيض) بوونی هەیە، نە دەرچوون(الانبثاق)، نە دابەشبوون(الانقسام)، نە پێکهاتن(التشكل)، نە چوونەناو(الحلول)، نە یەکگرتن(الاتحاد)، نە یەکیەتی بوون لەنێوان بەدیهێنەر(الخالق) و بوونەوەر(المخلوق)دا، دەڵێن خودا هیدایەتیان بدات-: خودا لە گەردووندا وزەیەکی گەردوونی باڵا(طاقة كونية عليا)ی دروست کردووە بەپێی کولتوورە جیاوازەکاندا پێی دەوترێت: عەقڵی گشتی)العقل

شوێنکەوتووانی ئەم فەلسەفانە لێکۆڵینەوە دەکەن لە موعجیزەی شیفادان لەلای پێغەمبەر عیسا و دیاردەی چاکبوونەوەی لەلای بودا، دواتر ڕاهێنانی «ڕیکی»یان لێ پێکهێنا، کە کەسی کارامە وا لێ دەکات ببێتە خاوەن دەستلێدانێکی شیفادەری موعجیزەئاسا!

(١) ئەم موسڵمانانە لە واقیعی وڵاتەکانیاندا کۆمەڵێک بەکارهێنانەکانیان بینیوە لەلایەن بودایی و هیندۆسی و تائۆیستەکان و ئەوانی ترەوە جێبەجێکراوە و هەندێک جوولەکە و گاورەکانیش لەگەڵیاندا بەشدارییان کردووە، بۆیە ئەو موسڵمانانە بەهۆی ناشارەزاییان لە حەقیقەتی ئیسلام، بیریان کردەوە کە دەتوانن موسڵمان بن و باوەڕیان بە خودا و ئەوەی لەلایەن خوداوە هاتووە هەبێت لە ڕووی تیۆرییەوە، لەگەڵ ئەمەشدا چەمکەکانی فەلسەفەی وزە بە شێوەیەکی کردەیی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا جێبەجێ بکەن وەک وەرزش و پاراستنی تەندروستییان! ئەگەر ئەم موسڵمانانە لەبەرئەوەی ناشارەزابوون لە دین و گەورەبوون لە باوەشی ئەو فەلسەفانەدا بیانوویان بۆ بهێنرێتەوە، ئایا ئەوانەی لەسەر تەوحید عەقیدەی دۆستایەتی (الولاء) و خۆبەریکردن (البراء) گەورەبوون بیانوویان بۆ دەهێنرێتەوە؟!

الكلي)، ڕووناکی باڵا(النور الأعلى)، کی(الكي)، چی(التشي)، کا(الكا)، پرانا(البرانا)، مانا، هەندێکیش بە بەرەکەت(البركة) لێکدانەوەکانیان بۆ کردووە لە دەربڕینی ئیسلامیدا! ئەم وزەیە کارەکان نەرم و ئاسان دەکات و هێز و بەرهەمهێنان چەند هێندە دەکات!

هەندێکیان زیاتر بەهەڵدێردا چوون و وتوویانە: خودا وزەیە -پاک و بێگەردی بۆ خودا- ئەم ئایەتەشیان کردووە بەڵگە: ﴿اللَّهُ نورُ السَّماواتِ وَالأَرضِ﴾ [النور:٣٥]، هەروەها وتوویانە: مرۆڤ بەردەوام پێویستی بەو وزەی ژیانە هەیە کە لە خوداوە سەرچاوەی گرتووە و بریتییە لە هێز و قودرەتی خودا -شکۆمەندی بۆ خودا، قەدر و مەکانەتی خودایان نەزانیوە. پێویستی بە ڕژانی هەیە بۆ ناو جەستەی بۆئەوەی بگاتە ئاسوودەیی و دڵنیایی و سەلامەتی لە نەخۆشییە جەستەییە چارەسەرنەکراوەکان و پارێزگاری لە تێکچوونی دەروونی و خەمۆکی!

بەم شێوەیە موسڵمانە ئاساییەکان بەوە قایل دەکەن کە زۆر پێویستیان بە فێربوونی ئەم زانستە و فێرکاری و بەکارهێنانەکانی هەیە کە بە ئامانجەکانیان دەگەیەنێت. هەروەها لە ڕێی پەرستشدا ئاسوودەیی و خشوع و ڕازیبوون لە ژیاندا بەدەست دەهێنن، سەرەڕای ئەو سوودە تەندروستیانەی یارمەتیدەرن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو نەخۆشییە دەروونی و جەستەییانەی لەگەڵ شارستانیەتی ماددیدا هاتوونەتە بوون، هەروەها بەهۆی بەکارهێنانی کارگە و ماددە کیمیاییەکان لە خواردن و دەرمان و پیسبوونی ژینگەیی بە هۆکاری شەڕ و چەکی وێرانکەر و پیشەسازی و چەندان هۆکاری دیکەوە؛ هەموو ئەمانە وا دەکەن مەشق پێ کراوان لە حاڵەتێکی دڵەڕاوکێدا بن و هەست بە پێویستی چارەسەرێک بکەن کە دڵنیابن لە نەبوونی زیان و کاریگەری دوور، وەک ڕاهێنەران بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەمەش تەنیا لەم ڕاهێنانە ڕۆژهەڵاتییە کۆنانەدا وجوودیان هەیە کە نهێنییەکانی گەردوون و ژیانیان زانیوە لە ڕێگەی فەلسەفەی وزەی گەردوونییەوە!

زۆربەی فێرکاری و شێوازی بەکارهێنانە هاوچەرخەکانی ئەم فەلسەفە ئایینیانە لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە بۆمان نێردراون -سەرەڕای ئەوەی ڕەچەڵەکیان ڕۆژهەڵاتییە، وەک پێشتر ڕوونکرایەوە هیچ شوێنی سەرسوڕمان نییە کە زۆرێک لە ڕۆژئاواییەکان باوەشیان بۆ کردەوە و شوێنی کەوتن لەبەرئەوەی ئەو ڕۆحانییەتەیان تێدا دۆزیوەتەوە کە ئەوان تینووی بوون پاش ئەوەی بۆ چەند سەدەیەک لە هزری ماتریالیزم (الفكر المادي)دا نقووم بوون و لە ئایینە شێواوەکەیاندا هیچ شتێک نەبوو کێڵگەی دەروونیان تێرئاو بکات و برسێتی ڕۆحیان تێر بکات، جگە لە کارامەییان لە بواری بازاڕکردن و هێزی ڕیکلامکردنیان، هەروەها پێگەی زانستی و ئابووریيان کە وایکردووە هەر شتێک لەلای ئەوانەوە دەربکرێت بازاڕی گەرم بێت و بەلەبەرچاوگرتنی کاریگەریی باڵادەست و دۆڕاوەکان وەک لە تیۆرە ناسراوەکەی کۆمەڵناسیدا باسکراوە.[(١)]

بەکارهێنانی فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی لە وڵاتانی موسڵمان و لەناو جەماوەر و خەڵکی نوخبەشدا بەربڵاو بووە، لەڕووکەشدا وا دیارە -بۆ کەسانی ناشارەزا- تەنیا ڕاهێنان و چالاکی ڕۆژانەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە فیکر و عەقیدەوە نییە.

دوو ڕێگەی سەرەکی گیراوەتەبەر بۆ بڵاوکردنەوەیان:

**ڕێگەی یەکەم:** شێوازی هۆشیاریی گشتی کۆمەڵگە سەبارەت بە کێشەکانی سەردەم و بانگەشەی دابینکردنی چارەسەری خێرا و دڵنیا لەڕێگەی ئەنجامدانی خولی پەروەردەیی و ڕاهێنان بەهاوکاری ناوەندە جۆراوجۆرەکانی ڕاهێنان و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان و هاوکارەکانەوە؛ وەک هەنگاوێکی کۆمەڵایەتی بەرەو ڕێگەی تەندروستی، ئاسوودەیی، گۆڕانکاری، خۆپاراستن لە نەخۆشییە جەستەیی و دەروونییەکانی ئەم سەردەمە، هەروەها هەنگاوێک بۆ چالاککردنی

---

(١) بڕوانە: مقدمة ابن خلدون (الفصل الثالث والعشرون في أن المغلوب مولع أبدا بالاقتداء بالغالب في شعاره وزيه ونحلته وسائر أحواله وعوائده) . (وەرگێڕ).

تواناکان و دۆزینەوەی وزەکان.

**ڕێگەی دووەم:** شێوازی چارەسەرکردن و شیفاوەرگرتن لە نۆرینگە تایبەتەکان، یان لە ڕێگەی گۆمەڵگەی پزیشکی بەدیلەوە، ئەمەش دوای دروستکردنی ترس لە پزیشک و دەرمانی تەقلیدی، زیادەڕۆیکردن لە مەترسیی کاریگەرییە لاوەکییەکانی دەرمانەکان، تەرکیزکردن لەسەر هەڵەی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان، بانگەشەی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانەی کە لەنێو خەڵکدا بەربڵاوە و چارەسەری پزیشکییان نەزانراوە، یان چارەسەرە پزیشکییەکەی درێژخایەنە و کاریگەری لاوەکی یان دارایی پڕوکێنەری هەیە لەسەر نەخۆشەکە، وەک: تەنگەنەفەسی، قەڵەوی، شێرپەنجە، شەکرە، نەخۆشی ڕۆماتیزم، و چەندان کێشە و نەخۆشی دیکەی دەروونی وەک: هەستکردن بە ترس، هەستکردن بە بێزاری و شکست، هەستکردن بە دڵەڕاوکێ و هتد، هەرچەندە توێژینەوە زانستییەکان بانگەشەکانیان ڕەتدەکەنەوە، بەڵام خواست لەسەریان زیاد دەکات بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکە جیاوازەکانی ڕازیکردن و پشتبەستنیان بە کاریگەریی هیپنۆتیراپی(التنويم الإيحائي) لە زۆربەی بەکارهێنانەکانیاندا و هۆکارەکانی تر کە لە سەرەوە باسمان کرد.

ئەمەی خوارەوە کورتە باسێکی هەندێک لەو کۆرسانەیە[1] کە لە وڵاتانی ئیسلامدا پێشکەش دەکرێن لە ڕێگەی خول و چالاکی و مەشق و ڕاهێنانەوە:

---

(١) ئەم وەسف و ڕوونکردنەوەیە لەسەر بنەمای واقیعی ڕاهێنانەکانیان کە بۆ موسڵمانان دەکرێتەوە، ڕاهێنانەکان دەقاودەق لە پڕۆگرامی ئەو خولانەی کە فێرخوازان وەریدەگرن و لە واقیعی خولەکانەوە وەرگیراون.

## ١ـ خولەکانی ماکرۆبایۆتیک:

بریتیین لە چەند خولێکی پەروەردەیی و ڕاهێنان کە فەلسەفەی ماکرۆبایۆتیک دەناسێنن، ئەو فەلسەفەیەی لە فەلسەفەی «ئایینی تائۆیزم و فەلسەفەی یۆنانی و ئایینی بودایی زین[1]»ەوە وەرگیراوە کە باوەڕیان بە کۆی گشتی(الکلي الواحد) هەیە و دەڵێن: هەموو بوونەوەرەکان بە شێوەیەکی دووانەیی دژبەیەک و گونجاو «یین» و «یانگ» لەو (الکلي الواحد)ەوە پەیدا بوون، لەسەر بنەمای تێگەیشتن لەم فەلسەفەیە و تێگەیشتن لە چۆنیەتی دروستبوونی بوونەوەرەکان و ڕێکوپێکیی هێزەکانی «یین» و «یانگ» لە هەموو بوونەوەرەکاندا و گرنگی گەیشتن بە گونجاویی و هاوئاهەنگی تاوەکوو هەموو(الکل) بگەڕێتەوە بۆ یەک، بۆئەوەی گەردوون هاوئاهەنگ بێت لە یەک یەکدا، بەشێوازێک نە جیاوازی لەنێوان بەدیهێنەر(الخالق) و بوونەوەر(المخلوق)دا بمێنێت، نە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، نە لەنێوان ڕووەک و بێرۆح، نە لەنێوان ڕەگەز و ڕەگەزێکی دیکە، نە لەنێوان ئایینێک و ئایینێکی دیکە! لە جیهانێکدا کە بە ئاشتی و خۆشەویستی دەورە دراوە و یەک بیرکردنەوە حوکمڕانی دەکات کە پشتی بەستووە بە فەلسەفەی هاوئاهەنگی «یین» و «یانگ» لە پێناو یەکبوونی جیهان!

فەلسەفەی ماکرۆبایۆتیک لە وڵاتانی موسڵماندا بە شێوەیەک دەخرێتەڕوو کە بیروباوەڕی جەماوەر لەبەرچاو بگرێت؛ لەبەرئەوەی ڕێبازەکەی ڕێبازێکی ناوەکی(باطنی)یە و هۆشداری دەدات لە بەریەککەوتن لەگەڵ بیروباوەڕی حەقی ئایینە ئاسمانییەکان، بۆیە لەم کۆرسانە تەنیا جەخت لە هۆشیاری خۆراکی دەکرێتەوە، لە هەمان کاتدا فێرخوازان ئاگادار دەکەنەوە لە پێویستی گرنگیدان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ سیستەمی گەردوون بە تێگەیشتن لە فەلسەفەی دوانەیی دژیەکی «یین» و «یانگ»، پابەندبوون بەو ڕێجیمە ستانداردەی پشتی

---

(١) بەشێکە لەگرووپی ماهایانای ئایینی بودایی کە گرنگی زۆر دەدەن بە مێدیتەیشنی قووڵ. (وەرگێڕ)

پێ دەبەستن، لەگەڵ هەوڵێکی شێواو بۆ بەئیسلامیکردنی ئەم فەلسەفە ئیلحادییە بە خوارکردنەوەی ملی بەڵگەکان و ئاراستەکردنی گوزارشتەکانیان بە ویستی خۆیان. ڕاهێنەرانی موسڵمان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە چەمکی دووانەیی «یین» و «یانگ» مەبەست پێی ئەوە دوانەییە(الزوجیة) جێگیرەیە لە بوونەوەرەکاندا بوونی هەیە و واتای ئەم وتەیەی خودای گەورەیە: ﴿وَمِن كُلِّ شَيۡءٍ خَلَقۡنَا زَوۡجَيۡنِ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾ [الذاريات:٤٩]، «لەهەموو شتێک جووت(دووانە)مان دروستکردووە، بۆئەوەی بیربکەنەوە و پەندی لێ وەربگرن»، هەموو شتەکان پێکهاتوون لە: نێر و مێ، ئەرێنی و نەرێنی، سپی و ڕەش، گەرم و سارد، تەڕ و وشک[١]، گۆڕانی هێزەکانی «یین» و «یانگ» بەپێی هێزی پێنج توخمەکە: ئاو، کانزا، ئاگر، دار و زەوی، هەروەها بەپێی کاریگەری هەسارەکان و ڕۆحانییەتیان (نێر) دەبێتە (مێ)!، (مێ) دەبێتە (نێر)!، (ئەرێنی) دەبێتە (نەرێنی)، (نەرێنی) دەبێتە (ئەرێنی)![٢]، پێشەوا ئیبن تەیمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) بەسەرسوڕمانەوە دەربارەی هاووێنەی ئەم کارانە دەفەرمووێت: "ئینجا سەیرە ئەم موتەکەلیمانە -کە ئیدیعای ڕاستییەکانی بابەتە زانستی و ئایینییەکان دەکەن- پێچەوانەکاری سوننەت و ئیجماعن و هەریەکێکیان فەرموودەیەکی هەڵبەستراو(موضوع)، یان موجمەلێک کە لە واتاکەی تێنەگەیشتووە دەکەن بە بەڵگە، هەرکاتێک وتەیەکی موجمەل بدۆزێتەوە بەپێی تێگەیشتنی خۆی لێکدانەوەی بۆ دەکات و دەیکاتە بەڵگە بۆ بۆچوونەکەی خۆی."[٣]

بەربڵاوترین فێرکاریی بەکارهێنانی ماکرۆبایۆتیک بریتییە لە خۆراکی

---

(١) سەرنج دەدرێت ئەم وتەیە لەسەرەتادا وەک حەق دەردەکەوێت! بە هەمان شێوە هەموو ئەو گومانانەی کە باتڵن، پۆشاکی حەقیان لەبەر دەکرێت، بۆیە لە خەڵک تێکەڵ دەبن.

(٢) سەرنج بدە جیاوازی نێوان ئەو واتا ڕوونەی ئێمە لەبارەی دووانەیی (الزوجیة) و نێر و مێ دەیزانین، هەروەها سەرنج بدە ئەو واتا باتڵەی کە وەک واتای حەق خۆی نیشان دەدات بۆئەوەی خەڵکی چەواشە بکات.

(٣) مجموع الفتاوى، ابن تيمية (٨٢/٤)

ماکرۆبایۆتیکی، کە ئەو چێژە پێکدەهێنێت خەڵک سەرسام دەکات و ڕایاندەکێشێت بۆئەوەی بچنە ناو ئەم فەلسەفەوە و وەریبگرن، وەک ئەوەی وێنەیەکی دووبارەبووەوەی ئەو بانگەوازە بێت کە لەلایەن گرووپێکی کۆنەوە تەبەنیکراوە، خەلیفە مەهدییش وەسیەتی بۆ هادی کوڕی کرد شەڕیان لەگەڵدا بکات و فەرمووی: "ئەگەر فەرمانڕەوایت گرتە دەست، ئەوە خۆت تەرخان بکە بۆ ئەم گرووپە، لەبەرئەوەی گرووپێکە خەڵک بانگهێشت دەکات بۆ ڕوکەشێکی جوان، وەک: دوورکەوتنەوە لە خراپە و زوهد لە دونیا و کارکردن بۆ قیامەت، پاشان دەیانگەیەنن بە قەدەغەکردنی گۆشت، دەست نەدان لە ئاوی پاک، نەکوشتنی مێرووی زیانبەخش وەک وەرع و خۆپارێزی، پاشان دەیانبەنە دەرەوە بۆ پەرستنی دوو پەرستراو: یەکێکیان ڕووناکی و ئەوی تریان تاریکی."[١]

یەکەم شت لە ماکرۆبایۆتیک داوا دەکرێت ڕجیمی خۆراکییە، کە زیاتر دانەوێڵە، گەڵای سەوزەوات، ڕەگی ڕووەک، و قەوزەی دەریایی بەپێی تایبەتمەندییە میتافیزیکییە نهێنییەکانی خۆراکەکان بەکاردێن. دواتر داوای دوورکەوتنەوە لە خواردنی ئاژەڵان و بەرهەمە شیرەمەنیەکانیان دەکەن، هەروەها دوورکەوتنەوە لە هەنگوین و میوە و پابەندبوون بە میسۆ(المیزو)[٢]وە، پاشان پابەندبوون بە فەلسەفەی دووانەیی دژیەکی «یین» و «یانگ» لە هەموو بابەتەکانی ژیاندا.

سیستەمی خۆراکی ماکرۆبایۆتیک لەلایەن فەیلەسووفی ژاپۆنی «جۆرج ئۆشاوا» پەرەی پێ درا، لەم کارەیدا ڕێنماییەکانی ئایینی بودای زین و ئایینی

---

(١) تاریخ الطبري, ابن جریر الطبري (٨/ ٢٢٠).

(٢) جۆرە جۆیەکە بۆ ماوەی سێ ساڵ یان زیاتر لە ژێر زەویدا دەهێڵرێتەوە، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تایبەتمەندییەکی جەستەی مرۆڤ و تەندروستی و ڕۆحانییەت تێدەپەڕێنێت بۆ پاراستنی ماڵەکەی لە تیشکی ئەتۆمی ئەگەر جیهان بەر شەڕێکی لەم جۆرە بکەوێت! بڕوانە: الماکروبیوتیک، خالد الترکي (ص:٢٨).

مەسیحی لەگەڵ هەندێک تایبەتمەندیی پزیشکی ڕۆژئاوا تێکەڵ کردووە. بێگومان سیستەمەکەی پرۆگرامێکی سودبەخشی خواردن لەخۆ دەگرێت، وەک: گرنگیدان بە جۆری خواردن، بەرەنگاربوونەوەی چڵێسی، گرنگیی جوینی خواردن بە باشی[١] و شتی تر کە ئەتەکێت و ئادابی زانراون. بەهۆی ئەم سوودانەوە پۆشاکی حەقیقەتیان بەسەر جەستەی باتڵدا پۆشی. بۆیە لەلای زۆرێک لەوانەی ڕێنماییەکانی پێغەمبەریان (ﷺ) سەبارەت بە خواردن و خواردنەوە نەدەزانی تێکەڵ بوون، یان کەسانێک پێیان وابوو ئەم پرۆگرامە و ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە یەک سەرچاوەوە هاتوون، یان بە ئیعجازی زانستی لە قەڵەمیاندا! هەروەک هەمان حاڵەت پێشتر لەلایەن فەیلەسووفانی موسڵمانەوە ڕوویداوە بەرانبەر کتێبەکانی لۆژیک(مەنطق)ی یۆنانی، پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) دەربارەیان فەرموویەتی: "لەنێویاندا ئەو کەسانەش هەبوون کە مەبەستیان نەبووە پەیڕەوی لە هەموو شتێکی بکەن، بەڵکوو شتگەلێکیان لێ وەرگرتووە پاشان پێیان وابووە هەمووی لەگەڵ ئیسلامدا دەگونجێت و پشتگیری لێ دەکات. بەڵام لە حەقیقەتدا زۆرێکی لەگەڵ ئیسلامدا ناکۆکە و پشتی تێ دەکات و لەناوی دەبات ..."[٢]

بۆیە کاتەکانیان تەرخانکرد بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی دەقەکان و ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە خواردن لەژێر کاریگەری ئەم پرۆگرامەدا، بێ ئاگا یان بە ئەنقەست پشتگوێخستنی پێکدادانی فەلسەفیی بنەماکانی«یین» و «یانگ» لەگەڵ بیروباوەڕی موسڵمانان و ئەو بابەتانەی

---

(١) بە زیادەڕەوییەکی زۆر سەیرەوە، بۆ نموونە لە پرسی گرنگیدان بە جوین، خولی تایبەتی ماکرۆبایۆتیک بۆ ڕاهێنان لەسەر جوین ئەنجام دەدرێت، کە تیایدا فێرخوازان ڕێگەیان پێ نادرێت پاروەکە قووت بدەن پێش جوینی (٤٠ بۆ ٦٠) جار بۆ ئەو فێرخوازەي دوورە لە نەخۆشی، بەڵام ئەو کەسەی نەخۆشە -جا هەر نەخۆشییەکی هەیە- دەبێت بەلایەنی کەمەوە (٢٠٠) جار بجوێت پێش ئەوەی قووتی بدات!

(٢) مجموع الفتاوى، ابن تيمية (٤/٢٦٦).

لە عەقیدەی: «پێنج توخمەکە»، «حەوت جەستە»، «سیستەمی وزە» و «چاکراکان»دا هەن، جگە لە ڕێنماییەکانی دوور کەوتنەوە لە شیرەمەنی و گۆشت. حەرامکردن دەبێت بەپێی شەریعەتی خودا بێت، گۆشت باش و سوودبەخشە، شیر بەرەکەتدارە، هەنگوینیش سوودبەخشە و بەشێک لە شیفای تێدایە. هەموو ئەمانە بەپێی یاسای: نە زیادەڕەوی کردن و نە وازهێنان و کەمتەرخەمی، یەک لەسەر سێ بۆ خواردن، یەک لەسەر سێ بۆ خواردنەوە، و یەک لەسەر سێ بۆ هەناسەدان. لەگەڵ هەموو ئەتەکێت و ئادابەکانی خواردن لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەر(ﷺ).[1]

خولەکانی ماکرۆبایۆتیک لە ڕێجیم و هۆشیاری تەندروستی تێدەپەڕێت بۆئەوەی هەموو ژیان بگرێتەوە، ڕاهێنانی هەناسەدانی گۆڕانکاری(التنفس التحولي) و ڕاهێنانی حەسانەوە و مێدیتەیشنی زاڵ(التأمل التجاوزي) پێشکەش دەکەن، هەروەها بانگەشەی فێربوونی کارامەیی و ڕاهێنان دەکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ «سیستەمی وزە» و «چاکراکان» لە ڕێگەی «ڕیکی» و «چی کۆنگ» و «یۆگا» و ئەوانی ترەوە، لەگەڵ گرنگیدان بە تایبەتمەندییە ڕۆحی و سروشتی هەموو بوونەوەرەکان؛ بە نموونە :مۆم -وەک ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن- خۆشەویستی دەهێنێت، بەردی کەهرەمان(Amber) متمانە بەخۆبوون دەهێنێت، ڕەنگی سەوز شیفای نەخۆشی گورچیلە دەدات و ڕاهێنانی مانترا «ئۆم ... ئۆم ... ئۆم»[2] دەتوانێت ئەم نەخۆشییە یان ئەو نەخۆشییە چارەسەر بکات ـوەک ئەوان گومانیان وایە.

---

(١) بڕوانە: مقدمة بين الطب النبوي والماكروبيوتيك، د. أسامة صديق مأمون, بۆئەوەی هەوڵی سەرسوڕهێنەر ببینیت دەربارەی سەرخستنی فەلسەفە بەهۆی دەقە ئایینییەکانەوە.

(٢) «ئۆم» ناوی تاغوتێکی هیندۆسییە! کەواتە بزانە فێرخوازانی موسڵمان چۆن پەنادەگرن بە بت و تاغوتەکان لەو کۆرسانەدا بە شێوەیەکی کردەیی و نازانن کە چۆن پراکتیزەی چ کارێکی ترسناک دەکەن، (لا حول ولا قوة إلا بالله).

ڕابەرانی فەلسەفی ماکرۆبایۆتیک لە ڕێگەی ڕاهێنان و بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانییەوە بانگەواز بۆ بیرۆکەی «زەوی دایکمانە» دەکەن، وەک هەموو ئایینەکانی تری زەوی سەنتەری (Earth Centered Religions) کە بریتیین لە کۆمەڵە ئایینێکی بتپەرستی لە دەوری تەقدیسکردنی زەوی دەسووڕێنەوە، وەک: ئایینی هۆنا، شامانیزم، درۆیدیزم، و چەندانی دیکە. هەموویان هاوبەشی ئەو باوەڕەن کە زەوی ڕۆحێکی گەورەی هەیە؛ بۆیە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی «پێنج توخمەکە» بەپێی جیاوازی کولتووریان تەقدیس دەکەن، هەروەها تەقدیسی ڕۆحە نزمەکان دەکەن کە تێیدا نیشتەجێن، وەک چۆن داوای سوودوەرگرتن لە تایبەتمەندییەکانی «وزەی گەردوونی» و سروشتی میتافیزیکیی شتەکان دەکەن، لەبەرئەوەی باوەڕیان وایە هەموو بوون (الوجود) دەرکەوتەی یەک ڕاستییە (حقیقة واحدة).

هەروەها لە ژێر چەتری ماکرۆبایۆتیکدا پڕوپاگەندە بۆ بەرنامەیەکی تایبەت دەکرێت بۆ دیزاینکردنی ماڵ و باڵەخانەکان بە شێوەیەک بەپێی فەلسەفەی چینی پێی دەوترێت «فۆنگ شۆ»، بەپێی ئایینی هیندۆسی پێی دەوترێت «ستهاپایتا ڤێدا» (Sthapaita Veda)، و لە فێرکاری فەلسەفەی فیرعەونی بە «بایۆ جیۆمەتری» ناسراوە، ئەم پرۆگرامە شێوازەکانی دیزاین و ڕازاندنەوە و دیکۆر لەخۆدەگرێت لەسەر بنەمای بەکارهێنانی تایبەتمەندییە ڕۆحییەکانی بەرد و پەیکەرەکان. بۆ نموونە پەیکەری «دوو شێری پەرستگا» بۆ پاراستن بەکاردێنن! پەیکەری «بۆقێکی سێ قاچ» بۆ هێنانی دەوڵەمەندی و سەروەت و سامان بەکاردێنن! شێوە ئەندازەییەکان و تایبەتمەندییەکانیان بۆ هێنانی وزەی ئەرێنی و «وزەی خۆشەویستی و ئاشتی» و دەرکردنی نەرێنی «ڕق و کینە» بەکاردێن! لەگەڵ بەکارهێنانی هەڕەمەکان کە باوەڕیان وایە وەک ئاریەل کاردەکەن بۆ هێنانی وزەی «چی» یان «پرانا» یان «کا»ی گەردوونی.

کاتێک ئەم بتپەرستییانە لەلایەن دیزاینەرانی موسڵمانەوە بەئیسلامی

دەکرێن -هەندێکیان- پەیکەرەکان لادەبەن و چەند چەمکێکی ئیسلامی بۆ زیاد دەکەن. وەک گرنگیدان بە ئاراستەی قیبلە لە دیزاینکردنی حەمامەکان، لە دانانی قەرەوێڵەی نووستن، یان لە ئاراستەی کەلوپەلەکان، شوێنی دەرگاکان و بەکارهێنانی نهێنی ژمارە و شێوە ئەندازەییەکان؛ وەک بەکارهێنانی تایبەتمەندییەکانی شێوەی شەشپاڵوو (خشتەک)ی هاوشێوەی کەعبە بۆ ڕاکێشانی وزەی دڵنیاکردنەوە و ڕۆحانییەت بۆ ناو ماڵ![1]

کەواتە ماکرۆبایۆتیک فەلسەفەیەکی گشتگیرە و چەندین جۆری مومارەسەکردنی شیرک و بتپەرستی و سیحر و فێڵکردن لەخۆ دەگرێت کە لە بتپەرستانی کۆن و نوێوە وەرگیراون، لەگەڵ ئەمەشدا لەلایەن زۆرێک لەوانەی بە چاکەکار و ڕاساڵ دەردەکەون بانگەشەی بۆ دەکرێت لە وڵاتانی موسڵمان، و هەڵخەڵەتاون بە هەندێک لەو سوودانەی لە پەیڕەوکردنی پرۆگرامی ڕێجیمەکەی بەدەستیان هێناوە، هەرچەندە زۆرێک لە توێژینەوە زانستییەکان زیانی پابەندبوون بە ڕێجیمی ماکرۆبایۆتیکیان لەسەر تەندروستی و دەروون و عەقڵ و جەستە لە داهاتوودا سەلماندووە[2]، بەهۆی نەبوونی هاوسەنگییەکی

---

(١) هەموو موسڵمانێک دەزانرێت کەعبە ماڵێکە لە دۆڵێکی بێ ڕووەک و گژوگیا، خوای گەورە بە شکۆ و گەورەییەوە پاراستوویەتی، بۆیە هەرکەسێک دێتە سەردانی بە ملکەچبوون و حەز و شەوقەوە دێتە خزمەتی، خەڵکیش بە خۆشەویستی و حەسرەتێکەوە بەبێ پاڵنەرێکی دونیایی دێنە خزمەتی لە هەموو سووچێکی ئەم دونیایەوە. کەعبە تایبەتمەندییەکی هەیە هیچ شتێکی دیکە لەم دونیایە ئەو تایبەتمەندییەی نییە، ئەمەش فەیلەسووف و هاوشێوەکانی تووشی سەرسووڕمان کردووە، چونکە پێیان وایە دونیا کاریگەرە بە جووڵەی بورجەکان، هەروەها هەموو ئەو شتانەی دروستکراون و ماونەتەوە، ئەوە لەسەر بورجێکی خۆشبەخت دروستکراون، بۆیە لەسەر بورجەکەی کەعبە سەریان سوڕما، چونکە لە فۆرمەکانی فەلەکناسیدا چییان نەدۆزییەوە کە ئەو جۆرە بەختەوەری و شکۆمەندی و گەورەیی و باڵادەستی و هەمیشەییە لەخۆ بگرێت. بڕوانە: النبوات، ابن تیمیة (١/٥٠١) .

(٢) گۆڤاری خۆراک ئەنجامی توێژینەوەکانی لەسەر پابەندبووانی پرۆگرامی خۆراکی ماکرۆبایۆتیک بڵاوکردووەتەوە، بەشێک لەو توێژینەوەیە دەڵێت: منداڵانی ئەو کەسانەی پابەندی ماکرۆبایۆتیک دەبن تووشی ئێسکەنەرمە و ئیفلیجی دەبن. ئەو هەرزەکارانەی پابەندی

دروست لە ڕێجیمکەدا لەنێوان گرووپە خۆراکییەکاندا کە ڕاستییە زانستییەکان و پەیڕەوە تاقیکردنەوەیییەکان ئاماژە بە گرنگییەکەی دەکەن، بەو شێوازەی لەگەڵ ئادابەکانی خواردن و خواردنەوەکاندا دەگونجێت کە لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە، بەڵام شەیتان ئەو ڕێژە کەمەی سوودی ماکرۆبایۆتیکی بۆ ڕازاندنەوە! خۆ ئەگەر بیانزانیبا بە سادەیی کۆنترۆڵکردنی خواردنەکانیان و پەیڕەوکردنی هەر ڕێجیمێک لەگەڵ پابەندبوون بە وەرزشکردن بێگومان کاریگەری لەسەر تەندروستی هەیە، پاشان چالاکی و مێشک سافی و دەروون ئارامییان پێ دەبەخشێت، چ جای ئەوەی وەک موسڵمانان لەگەڵ ئەم کارانەدا نزا و پاڕانەوە و نوێژەکان کۆبکەنەوە!

پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "هەموو ئەو شتانەی وا گومان دەکرێت کاریگەرییان لەسەر جیهان هەیە و لە شەریعەتدا قەدەغەکراون؛ وەکوو ڕێڕەوی فەلەکناسی (میریدانی فەلەکی) و ئاڕاستە سروشتییەکان و هاوشێوەکانیان، زیانەکانیان زیاترە لە قازانجەکانیان تەنانەت لە خودی هەمان شتدا، چونکە زۆرجار ئەم بابەتانە تەنیا بۆ کاروباری دونیا بەکاردێت، دەگمەنە کەسێک بەهۆیەوە بابەتی دونیاییش بەدەستبێنێت، ئیللا دەرئەنجامێکی خراپی هەیە لە دونیادا، جگە لە قیامەت، شکستی ژمارەی ئەو خەڵکەی ئەم هۆکارانە بەکاردێنن چەند هێندەی ئەو کەسانەن سەرکەوتوو دەبن، پاشان ئەندازەیەک ناڕەحەتی و زیانی تێدایە خودا خۆی دەزانێت چەندە، ئەم هۆکارانە لە خودی خۆیاندا زیانبەخشن و ئەنجامیش بەدەست نایەت لە ڕێیانەوە زۆر بەزەحمەت نەبێت، ئەگەریش بەدەست بێت ئەوە زیانەکانی

---

پرۆگرامی ماکرۆبایۆتیک دەبن تووشی کەمخوێنی زیانبەخش دەبن، هەروەها پابەندبووانی ڕجێمی خۆراکی ماکرۆبایۆتیک تووشی نەخۆشی زەهایمەر دەبن. کۆمەڵەی شێرپەنجەی ئەمریکییش باسی لە مردنی ١٩ تووشبووی شێرپەنجە کردووە کە بۆ چارەسەرکردن تەنیا پشتیان بە خۆراکی ماکرۆبایۆتیک بەستووە بە گومانی ئەوەی چارەسەرێکە بۆ ئەوان، سەرئەنجام هەموویان گیانیان لەدەستداوە و هیچ حاڵەتێکی چاکبوونەوە تۆمار نەکراوە.

زیاترە لە سوودەکەی."[١]

خوێنەری ئازیز دەتوانیت ڕەفتاری هەندێک لە موسڵمانان بەراورد بکەیت لە تێگەیشتنیان بۆ ماکرۆبایۆتیک و ئیدیعاکردنی ئەوەی زانستێکی بێلایەنە و موسڵمانان دەتوانن سوودی لێ وەربگرن، هەرچەندە لەسەر بنەمای تایبەتمەندی میتافیزیکی خۆراکی «یین» و «یانگ» دامەزراوە بەپێی فەلسەفەیەکی گشتگیر بۆ گەردوون و ژیان. لەگەڵ ئەوەی موسڵمانان لە چەند لقێکی زانستی کشتوکاڵدا کردوویانە کە یەکێکە لە زانستە کۆن و بێلایەنەکان؛ وەک زانستی فەلەکناسی و ئەندازەیی و هاوشێوەکانی، بەڵام ئەوەی تێدابوو جەوهەرەکەی لە ڕوانگەی چاندن و گەشەکردنی ڕووەک و لایەنی تایبەتمەندی و ڕۆحانییەت و لێکچوونی لەگەڵ ڕۆحانییەتی هەسارەکان و پێکهاتە و چوارچێوە بەکارهێنراوەکانی و ... هتد، هەموو ئەمانەی لەخۆگرتبوو، موسڵمانان لەم زانستەدا ئەوەی بەڕاستی بێلایەن بوو لەڕووی چاندن و گەشەپێدان و چارەسەرکردنەوە وەریانگرت و پشتیان لە هەموو ئەو قسە و باسانەی دیکە کرد و بە سیحر و تەڵەکەبازی و فاڵچێیتی لەقەڵەمیان دا.[٢]

## ٢ـ خولەکانی ڕیکی:

بریتیین لە خولگەلێکی پەروەردەیی و چارەسەریی لەسەر ئاستی پلەبەندی بەڕێوە دەچن، ڕیکی لە یابان لەسەر دەستی «میکاوا یۆسوی» سەری هەڵدا، بنەماکەی لێکۆڵینەوە بوو لە موعجیزەی چاکبوونەوە (شیفابەخشین) لە ئایینی مەسیحییەت و بودا، میکاوا بۆ ماوەی ٢١ ڕۆژ لە تەنیایی و بەڕۆژووبوون کاری لەسەر کرد، پاشان کۆتایی بە دوورەپەرێزییەکەی هێنا و کۆمەڵێک بنەمای

(١) اقتضاء الصراط المستقيم, ابن تيمية (ص:٢١١).

(٢) بڕوانە: مقدمة ابن خلدون (ص:٤٦٥).

کردەیی دارشت، ئەو بانگەشەی ئەوەی کرد توانیویەتی لە ڕێگەی ئەم ڕاهێنانە ڕۆحییە قورسەوە، وزەی دەرزی گەردوونی(طاقة الإبر الكونية) لەناو ناخیدا بڕژێنێت، دواتر لە خانە(صومعة)کەی هاتە دەرەوە بۆئەوەی چارەسەری کەسانی دیکە بکات و فێری ڕیکییان بکات!

وشەی «ڕی» واتە: وزەی هێزی ژیان لە جەستەدا کە لە سیستەمی وزەدا لە جەستەی ئەسیریدا هەیە، وشەی «کی» واتە: وزەی گەردوونی (وزەی چاکبوونەوە).

ڕاهێنانەکانی ڕیکی کردنەوەی چاکراکان بۆ مشقکەرانی نێر و مێ لەخۆدەگرێت بەهۆی مەساج و ڕاهێنانی تایبەت لەلایەن پسپۆڕێکی وزەوە! پاشان ڕاهێنان دەکرێت لەسەر ڕێڕەوی وزە لە جەستەی ئەسیریدا بۆ دڵنیابوون لە ڕژانی تەواوی وزە لە جەستەدا، ڕاهێنەران بانگهێشتی فێرخوازان دەکەن بۆ بەشداریکردن لە خولی هەناسەدانی گۆڕانکاری(التنفس التحولي)، و مێدیتەیشنی بەرزبووەوە (التأمل الارتقائي) بۆئەوەی بە تەواوی سوودمەند بن، لە دۆخێکی ئارامدا، لە ڕووناکییەکی نزمدا، لە کەشێکی حەساوەی تەواودا، مەشقیان پێ دەکەن لەسەر هەندێک لە فێرکاری و ڕاهێنانەکان، مشقکەر گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامانی جەستەی دەکات، ئەندام بە ئەندام، بە دەنگێکی نزم و هێواش پێی دەڵێت: حاڵت چۆنە سییەکانم، ئایا دڵخۆش و تەندروستن؟ گەدەم تۆ حاڵت چۆنە، ئایا دڵخۆش و تەندروستیت؟ جگەرم تۆ حاڵت چۆنە، ئایا دڵخۆش و تەندروستیت؟ ... بە چاوی داخراو و سەرنج خستنەسەر دەنگی هەناسەهەڵمژین و هەناسەدانەوە، وێناکردنی ئەندامەکە و بیرکردنەوە لە ڕەنگەکەی و دەوروبەری، هەروەها پاراستنی هەستی ئارامی و خۆشەویستی بۆ هەموو مرۆڤەکان و هەموو زەوی بەبێ جیاوازی، هەروەها سڕینەوەی هەموو وزە نەرێنییەکان(الطاقة السلبية) لە جەستەدا بۆئەوەی مرۆڤ لەگەڵ جەستەی خۆی گونجاو و هاوئاهەنگ بێت و «وزەی گەردوونی» بەئاسانی بڕژێتە ناوی،

لێرەوە هەست بە باشتربوونی گشتی دەکات لە تەندروستی و چالاکی و بەرزی ڕۆحیدا! لەگەڵ ڕاهێنانی ڕۆژانە و خۆڕازندنەوە بەوەی پێی دەڵێن: ئایدیاڵی ڕیکی(Reiki Ideals)، بەهۆی ئەمەوە مرۆڤ دەبێتە کەسێکی خاوەن ڕۆحێکی باڵا. ئەمەش وای لێ دەکات بە خشوع و دڵنیایی نوێژەکانی بکات، بە تایبەت ئەگەر گرنگی بە «چاکرا» باڵاکانی تایبەت بە ڕۆحانییەت بدات، هەروەک چۆن تەندروستی باش دەبێت بەبێ دەرمان و نەشتەرگەری، زۆرجار پێویستی بە دەرمان نابێت؛ چونکە جەستەی بووەتە هاوڕێی و هاونەوا لەگەڵ عەقڵ و ڕۆح و نەفسیدا، ڕەوشتەکانی باڵا و ڕازاوە دەبێت بەهۆی کاریگەریی ڕاهێنانەکان لەسەر ئارەزووی تووڕەبوون و ڕزگارکردنی جەستەی لە وزە نەرێنییەکانی وەک ڕق و کینە و ئەوانی دیکە. هێدی هێدی کەسی مەشقکەر زیاتر ڕۆحانی و باڵا و ئاشتیخواز دەبێت و خۆشەویستی بۆ هەموو مرۆڤەکان زیاد دەکات، بێ گوێدانە نەتەوە و ڕەنگ و ئایینە جیاوازەکانیان، هەروەها دەبێتە خاوەنی وزەیەکی سەرسوڕهێنەر کە وای لێ دەکات بە دەستلێدانێک شیفای نەخۆشەکان بدات، یان لە ڕێگەی وزەیەکی بەهێز کە لە دوورەوە بۆ نەخۆشەکەی دەنێرێت شیفای بدات، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، یان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، بە مەرجێک ڕێککەوتن لەسەر کاتەی کرابێت و ڕاهێنەر ناوی نەخۆش و ناوی دایکی بزانێت!

## ٣. خولەکانی چی کۆنگ:

کۆرسەکانی چی کۆنگ دیسان ڕاهێنانی چینی لەخۆدەگرن، پشت بە فەلسەفەی «وزەی گەردوونی» دەبەستن، کە لە ڕێگەیەوە «وزەی چی» گەردوونی دەڕژێنرێتە ناو جەستەی ئەسیری مرۆڤ -بەپێی باوەڕ و ئیدیعای ئەوان- بۆئەوەی لەگەڵ جەستەکانی دیکەیدا بگونجێت و هاونەوا بێت لەگەڵ وزەی گەردوونی.

خولەکانی چی کۆنگ لە چەند ئاستێکدا پێشکەش دەکرێن، هەر ئاستێکیش لە چەند قۆناغێک پێکدێت، بۆ هەریەکەیان ڕاهێنانی تایبەت هەیە کە دەست پێ دەکات بە دیراسەی جەستەی ئەسیری و دەستنیشانکردنی شوێنی چاکراکان و هێدی هێدی پراکتیزەکردنی مەساجێکی تەواو بۆ جەستە بەدرێژایی ڕۆژەکان، لەگەڵ تێگەیشتن لە فەلسەفەی دووانەی پێچەوانەی هاوسەنگی «یین» و «یانگ» لە هەمان کاتدا پابەندنبوون بە ڕجێمی و ئەتەکێتی ماکرۆبایۆتیکی خۆراکی.

پاشان مەشقکەر ڕاهێنانی هێمنکەرەوەی «فان سونگ کۆنگ» لە ڕووناکییەکی کز و ئارام و دەنگێکی یەک ئاواز و ڕێکخستنی هەناسەدان لەگەڵ چڕکردنەوەی مێدیتەیشنی ناوەوە، بەشێوازێک تەنیا دەنگی ڕاهێنەر و دەنگی هەناسەدانی خۆی ببیستێت، پاشان مەشقە وەرزشییە بێدەنگەکانی «کۆنگ چی فا» بکات، لەگەڵ گرنگی هەستکردن بە ئاشتی و خۆشەویستی بۆ هەموو جیهان و دەرکردنی وزەی نەرێنی لە جەستە و داخوازی وزەی گەردوونی لە سەرەوە، دەبێت خەیاڵی ئەم وزە گەردوونییە بکات کاتێک بە توندی لە دەرچەی سەرەوەی سەری(چاکرا)دا دەچێتە ژوورەوە، هەروەها چاوەکانی دابخات و بە شێوازێکی بازنەیی چاوی -بەداخراوی- بجووڵێنێت، لەگەڵ جووڵەکردن بە تەرکیز و دانانی دەست لە دەرچەیەکەوە بۆ دەرچەیەکی تری دەرچەکانی وزەی «چاکراکان» و خەیاڵکردنی ئەندامی هەر چاکرایەک لەگەڵ دەوروبەرەکەی و پڕبوونی بە «وزەی چی» لەکاتی هەناسە هەڵمژیندا، لەگەڵ هەموو هەستە ئەرێنییەکان، هەروەها دەرکردنی وزە نەرێنییەکان لەگەڵ هەناسەدانەوە، بەڵام دەبێت ئاگاداربێت لەکاتی مەشقی دڵ و مێشک نابێت خەیاڵی ئەوە بکات «وزەی چی» بەرەو ڕوویان بڕوات لەبەرئەوەی مەترسیدارە و زیانیان پێدەگەیەنێت!

ئەمە مەشق و ڕاهێنانەکانی بەشی یەکەمی قۆناغی یەکەمی ئاستەکانی

خولی «چی کۆنگ»ەکە کۆمەڵێک ژن و پیاوی ترساو دەربارەی تەندروستی و نەخۆشییە چارەسەرنەکراوەکان و نەخۆشییەکانی پیری و ژمارەیەک بانگخواز و پەروەردەکاری نێر و مێ بەشداری تێدا دەکەن بە مەبەستی چالاککردنی وزە و هەستکردن بە ڕۆحانییەت بۆ بەردەوامبوونی ژیان لەسەر ڕێگای سەختی پەروەردە و بانگخوازی بێئاگا لە داخوازی وتەی خودا: ﴿اهدِنَا الصِّراطَ المُستَقيمَ ۝ صِراطَ الَّذينَ أَنعَمتَ عَلَيهِم غَيرِ المَغضوبِ عَلَيهِم وَلَا الضّالّينَ﴾ [الفاتحة:٥-٧]، «خودایە ڕێنماییمان بکە بۆ ڕێبازە ڕاستەکەی خۆت و بەهەمیشەیی سەقامگیر و دامەزراومان بکە. ڕێبازی ئەوانەی ناز و نیعمەت و بەخششی خۆتت بەسەردا ڕشتوون - لە پەیامبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان - نەک ڕێبازی ئەوانەی خەشم و قینی تۆیان بەسەردا ڕژا وەک گەلی یەهوود، نەک ڕێبازی ئەوانەش کە گومڕاو سەرلێشێواو بوون، وەک گاوران.»

ڕاهێنەران بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لەگەڵ بەردەوامبوونی ڕاهێنان و بەرەوپێشچوونی ئاستەکانی ڕاهێنان جەستە تەندروست دەبێت، ڕۆحانییەت بەرز و ڕەوشت جوان و ڕازاوەتر و عەقڵ چالاک و بیرتیژ دەبێت! "ئەوەی ڕاهێنەرە موسڵمانەکان لە تەواوکاری ئەم فەلسەفە درۆینەیە نایڵێن ئەوەیە کە: داهاتوو)قەدەر) پارێزراو دەبێت، بۆیە چانسی گەیشتن بە خۆشبەختییەک کە نەفس و عەقڵ و ڕۆح نوقم دەبێت تێیدا زیاد دەکات، بەجۆرێک خاوەنەکەی لە ڕق و کینە، مشتومڕ و جیدال و، شەڕ و پێکەوە نەگونجان دوور دەکەوێتەوە. وای لێ دەکات تەقەبولی هەموو براکانی لە مرۆڤایەتیدا بکات، بەڵکوو براکانی لە هەسارەی زەویدا و هەموو بوونەوەران لەسەر زەوی، تەنانەت برا گەردوونییەکانی لە هەسارەکان و ئەستێرەکان و ڕۆحەکان!"

### ٤. خولەکانی وزەی مرۆیی:

ئەم کۆرسانە لەسەر تەکنیکەکانی «بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانی دەماری» (NLP)یان بە شێوازی سەربەخۆ پێشکەش دەکرێن، خولەکانی وزەی مرۆیی پێکدێن لە ڕوونکردنەوەی وردی جەستەی ئەسیری، سیستەمی وزە، مێشک، دابەشبوونی ئاگاهی و نائاگاهی، هەروەها ڕاهێنانی خەیاڵکردن، حەسانەوە، سەرنجدانی «چاوی سێیەم» -کە لەنێوانی برۆکانە- و وەرگرتنی وزەی ئەرێنی سروشت(الطاقة الطبيعة الإيجابية) لە گەردوون و هەستکردن بە ڕژانی بۆ ناو جەستە لەخۆدەگرن. بەپێی بانگەشەی ئەوان، دەکرێت لە دوورەوە بە هەمان تەرکیز ئەم وزەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە ڕەوانە بکرێت و وا خەیاڵ بکرێت وەک تیشکێکی سپی دەگات بە هەرکەسێک کە بیەوێت، لەگەڵ گرنگیی نەهێشتن و دوورخستنەوەی هەموو بیرکردنەوە و دەنگ و مرۆڤێک لە دەوروبەری ئەو کەسەی کە تیشکەکەی ڕەوانەکردووە! هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەتوانرێت وزەی ئەرێنی لەنێوان دەستدا کۆبکرێتەوە بۆ دروستکردنی «تۆپی خۆشەویستی» و فڕێدانی بە لەسەرخۆیی بۆ هەرکەسێک کە بمانەوێت، پاشان دەیبینین ئەو کەسە بەهۆی هێزی وزەی خۆشەویستی ئەرێنی گەردوونییەوە بۆ لای ئێمە ڕادەکێشرێت!

لەلایەکی دیکەوە جەخت دەکەنەوە لەسەر پێویستی ڕاهێنان لەگەڵ ڕاهێنەرێکی بە ئەزموونی وزە و لە شوێنێکدا ڕۆحەکان ئاسوودە بن، لەبەرئەوەی ئەم کۆرسانە کۆمەڵە تەکنیکێکی مەترسیدارن، ئەگەر بڕی وزە لە سنووری توانای زیاتر بێت، لەوانەیە ببێتە هۆی زیانی تەندروستی و دەروونی بۆ فێرخوازەکە! ئیدیعای ئەوە دەکەن کەسانێک هەن تووشی ئیفلیجی بوون بەهۆی تەوژمی ناهاوسەنگی وزەی گەردوونی لە جەستەیاندا کاتێک بە تەنیا هەوڵیان داوە ئەم تەکنیکە مەترسیدارانە بەکاربهێنن!

## ٥. خولەکانی مێدیتەیشنی زاڵ و بەرزبووەوە:

ئەم خولانە پشت دەبەستن بە ڕاهێنانی هەناسەدانی قووڵ، کە ئامانجیان هێنانی وزەی (پرانا - prana)یە بۆ ناو لەش (سک)، هەناسەدانەکەش لە ڕێگەی دەمەوە ئەنجام دەدرێت نەک لە ڕێگەی لووتەوە -چونکە دەم گەورەترە و کەمتر تووشی گیران دەبێت!- لەگەڵ داخستنی چاو، جووڵاندنی گلێنەکانی بە شێوازی بازنەیی، تەرکیزکردنی بیر و هۆش لەسەر پرۆسەی هەناسە هەڵمژین و هەناسەدان. هەروەها پێویستە لەسەر دەستی ڕاهێنەرێکی شارەزا ئەنجام بدرێت بۆ ڕێکخستنی کاتی هەناسە هەڵمژینی و هەناسەدان و کاتی گۆڕینی لە دەمەوە بۆ لووت، پاشان ئاڵوگۆڕی نێوان کونەکانی لووت بۆ دڵنیابوون لە خۆراکدانی هاوسەنگ بۆ دوو بەشەکەی مێشک لە «وزەی گەردوونی پرانا» بە جۆرێک هیچ زیانێکی تەندروستی ترسناک ڕوونەدات.

هەروەک چۆن خولەکانی مێدیتەیشن پشت بە ڕاهێنانەکانی حەسانەوە (الاسترخاء) دەبەستن لە ڕێگەی بیرکردنەوە لە خود و ناخ و گەیشتن بە خۆشی(النشوة) و «نێرڤانا» و هاوئاهەنگی لەگەڵ «وزەی گەردوونی»، خولەکانی مێدیتەیشنی بەرزبووەوە بریتین لە: مەشق و ڕاهێنانی ڕۆحی کە سەرچاوەیان بریتییە لە ئایینەکانی ڕۆژهەڵات و مومارەسەی ئایینی هیندۆسی، کەلە ساڵی ١٩٥٥ی زایینی «ماهاریشی یۆگی» -ئەو کەسە بوو ئیدیعای بوون بە خودای هیندۆسی کرد- شێوازی هاوچەرخی داهێنا، دەستەواژەی (TM) کورتکراوەی (Transcendental Meditation)ە کە بە واتای مێدیتەیشنی زاڵ(باڵا) دێت و لە جیهاندا بە ناوی «ماهاریشی یۆگی»ەوە ناسراوە. دادگای ویلایەتی نیوجرسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٧ی زایینیدا وەک مومارەسەی ئایینی پۆلێنی کرد و خوێندن و مەشق و ڕاهێنانەکانی لە قوتابخانە حوکوومییەکان قەدەغە کرد.

مێدیتەیشنی بەرزبووەوە ومارەسە و کردارێکە ئامانج لێی مەزنی و بڵندیی و گەیشتن بە حەسانەوەی تەواوە، پاشان «نێرڤانا»، مەبەست بە (بەرزبووەوە) تێپەڕاندنی سروشتی مرۆڤ بوون و گەشتنە بە سروشت و سیفاتی خواوەندەکان -وەک ئەوان ئیدیعای دەکەن-.

کۆرسەکانی پشت دەبەستێت بە شارەزابوون و ماستەرکردن لە هەناسەدانی قووڵ لەگەڵ گرنگیدان بە سەیرکردنی هەندێک شێوەی ئەندازەیی و هێما و ئەستێرەکان (هێمای چاکراکان) و خەیاڵکردنی تێکەڵبوون لەگەڵیان لەکاتی وتنەوەی سروود یان گوێگرتن لە ئاوازەکان بە ڕامان و ئارامییەوە، زۆرێک لەم سروودانە پەناگرتنە بە تاغووتەکان وەک «ئۆم ... ئۆم ... ئۆم ...» شێوازەکانی مێدیتەیشنی تێپەڕاندن و بەرزبووەوە لە وڵاتی موسڵمانان هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ ئەم شێوازە شیرکییە ئیللا هەندێک هەوڵی بەئیسلامیکردن نەبێت، بەنموونە: دەستەواژەی «ئۆم ... ئۆم ... ئۆم ...» دەگۆڕن بە دەستەواژەیەک کە واتای نییە لەم چوارچێوەیەدا، بەنموونە دەڵێن: «بەڕو ... بەڕو ... بەڕو ...»، یان دەیگۆڕن بۆ وشەیەک واتایەکی ڕۆحی هەیە لەلای موسڵمانان (اللّٰه ... اللّٰه ... اللّٰه ...) یان (أحد ... أحد... أحد ...).

بە فێڵ و چەواشەکاری یان بە نەزانی ئیدیعای ئەوە دەکەن پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی ئەم «مانتر»یەیان زانیوە، بیلالی حەبەشی (ڕەزای خودای لەسەر بێت) کاتێک سزا دەدرا لەلایەن بێباوەڕانەوە لە گەرمای شاری مەککە بەردەوام ئەم مانترایەی دووبارە دەکردەوە، ئەمە وایکرد وزەی گەردوونی بەدەستبهێنێت و بەرگەی ئەو ئەشکەنجە و ئازارە بگرێت.[1]

---

(١) مقالة لمدربة برمجة عصبية بعنوان: بلال بن رباح (Transendental Meditation) مقتبسة من كتاب أحد المفكرين الغربيين، د، بینسۆن (p.cit.op.Benson) .

## ٦- خولەکانی بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانی دەماری (NLP):

بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانی دەماری کورتکراوەکەی بە زمانی ئینگلیزی بریتییە لە (NLP)، ئەم پڕۆگرامە تێکەڵەیەکە لە فەلسەفە و بیروباوەڕ و مومارەسەی نامۆ، تەکنیکەکانی ئامانجیان دووبارە داڕشتنەوەی وێنەی واقیع (بیروباوەڕ، تێگەیشتن، تێڕوانین، خوو و تواناکان)ە لە مێشکی مرۆڤدا، بە جۆرێک کاریگەری لە مرۆڤ و مێشکی بکات و لە کردارەکانیدا ڕەنگ بداتەوە. ڕاهێنەر (وایت وودسمۆڵ - wyatt Woodsmall) دەڵێت: "(NLP)لە کۆمەڵێک توخم پێکهاتووە، حەقیقەت ئەوەیە هیچ شتێکی نوێ لە (NLP)دا نییە، هەندێک شتمان وەرگرت کە لە شوێنێکدا سەرکەتووبوو، شتانێکی دیکە کە لە شوێنێکی تردا سەرکەتووبوو، بەم شێوازە [هەموویمان کۆکردەوە و ئەم پڕۆگرامەمان لێ دروستکرد.]"[(١)] ڕووکەشی تەکنیکەکانی بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانیی دەماری ئامانجیان پەرەپێدانی توانای تاکەکەسە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دیکە و پەرەپێدانی توانای لاساییکردنەوەی کەسانی سەرکەوتووە، بەڵام ناواخنەکەی تەرکیز دەخاتە سەر هیپنۆزەکردن(خەواندن)ی عەقڵی هۆشیار (Hypnotize the conscious mind) بەهۆی هێنانەکایەی حاڵەتە گۆڕاوەکانی هۆشیاری لەپێناو چاندنی بیرۆکەی «ئەرێنی یان نەرێنی» لەو شتەی کە پێی دەڵێن: «نائاگاهی» دوور لە کۆنترۆڵی عەقڵ. لەنێو مرۆڤە ڕۆژئاواییەکانیدا، داکۆکیکارانی بتپەرستیی نوێ، گرنگیی دەرچوون لە هۆشیاری وریا (ئاگەدارکەر) بۆ هۆشیاری بێئاگا باس دەکەن، کە وا دەکات ڕۆح هەست بە ئارامی و دڵنیایی و تێکەڵبوون لەگەڵ ئاگایی تەواو (العوعي التام) لە گەردووندا بکات!

لە هەندێک ئاستی پێشکەوتوودا -لە بەشێک لە قوتابخانەکانی بەرنامەڕێژکردندا- پشت بە فەلسەفەی «وزە» و سیستەمی «ئەسیر»ییەکەی

---

(١) مذكرة الدبلوم الشامل في البرمجة اللغوية العصبية .

دەبەسترێت، ڕاهێنان لەسەر مەشقەکانی هەناسەدان و مێدیتەیشن دەکرێت بۆ چالاککردنی و سوود وەرگرتن لێی، هەروەها لەنێو سیستەمی بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانی دەماری خولی ڕۆشتن لەسەر پشکۆ (المشي علی الجمر) و چارەسەریی هێڵی کات (TLT) هەیە.

لەگەڵ ئەمەشدا کۆرسەکانی (NLP) دەروازەیەک پێکدێنن بۆ چوونە ناو خولەکانی دیکە کە پشت بە فەلسەفەی وزەی گەردوونی (الطاقة الكونية) دەبەستن لەنێو زنجیرە تەکنیکەکانی بزووتنەوەی سەردەمی نوێ و بتپەرستی هاوچەرخ. بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانی دەماری یەکێکە لە تەکنیکەکانی چالاککردنی وزە شاراوەکان (الطاقات الكامنة)، و تەکنیکەکان یەکخراون بۆ کاراکردنی تەواوی «وزەی مرۆیی» بەهۆی پاککردنەوەی وەرگرتنی «وزەی گەردوونی»، بۆیە فێرخوازان ئامادەباش دەکات بۆ خولەکانی بەکارهێنانی وزە و هێزی خوارەوە(القوی السفلية) لە ڕێگەی فێربوونی هۆنا، شامانیزم، تارۆ و ئەوانی تر.

کریستین هۆڵبۆم لە وتارێکدا بە ناونیشانی «چارەسەرکردن بە پزیشکی وزە و شامانیزم و بەرنامەسازی زمانەوانی دەماری» لە گۆڤاری «ئەنکۆر پۆینت»ی تایبەت بە (NLP) لە ئابی ١٩٩٨دا بڵاوکرایەوە، دەڵێت: "پزیشکی وزە لەسەر بنەمای نەخۆشیناسی بونیادنەنراوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای ئەم پرسیارانەی خوارەوە بونیادنراوە: پەیامت لە ژیاندا چییە؟ بۆچی لەم ژیانە و لەم جەستەیەدا بوونت هەیە؟ هیواکانت چین و چۆن دەتوانیت بەدەستیان بهێنیت؟" ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ناوی پزیشکی و دەرمان و چارەسەر و چاکبوونەوە جگە لە ناوێکی ساختە و هەڵخەڵەتێنەر هیچی تر نییە، ڕووکەشەکەی ئەوەیە کە خەڵک دەیزانن و ناواخنیشی فەلسەفەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە.

گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە ئەوەی باسکرا لە دیارترین ڕاهێنان و

فێرکاری و پراکتیزەکردنی فەلسەفەی ڕۆژهەڵات لە وڵاتانی جیهاندا بە جیهانی ئیسلامیشەوە و هەر ئەوەندە نییە، بەڵکوو دەیان ڕاهێنان و فێرکاری و بەکارهێنان بە بەردەوامی بەرهەم دەهێنرێن بۆئەوەی لەگەڵ هەموو سەلیقە و حەز و ئارەزوو و پێداویستییەکدا بگونجێت و وەک پرۆگرامی بێلایەن پێشکەش دەکرێن: خولی فێرکاری و ڕاهێنان، عیلاج و چارەسەروەرگرتن، مەشق و چالاکی، بە ئامانجی هاوسەنگییەکی تەواو لەنێوان جەستە، و ڕۆح و عەقڵ، و نەفس و گەردوون.

مامۆستایەکی -موسڵمانی- ڕیکی دەڵێت: "مەشق بکە تا لەگەڵ عەقڵی گشتگیر)العقل الكلي) یەکدەگریت لەکاتێکدا «ڕیکی» لەناو تۆدا دەجۆشێت و هەڵدەقوڵێت."[1] ڕاهێنەری -موسڵمانی- (NPL) و «وزە» پشتڕاستی دەکاتەوە کە قۆناغی ئیکستازی لە حەسانەوەدا لە خەواندنی ئاماژەدار (Hypnotherapist) قۆناغی نیرڤانایە کە بوداییەک پێی دەگات، دەڵێت: "ئەم قۆناغە بریتییە لە ئیکستازی لەهیپنۆزیدا (النشوة في التنويم)، کە «فەنابوون»ە بەگوێرەی سۆفیەکان لە ئیسلامدا و «نیرڤانا»یە لەلای بوداییەکان، ئەمەش بریتییە لەو هەستەی باوەڕدار پێی دەگات کاتێک شەوانە شەو نوێژ دەکات، ئەو چێژیە لە سوجدە بردن و دووبارەکردنەوەی زیکرەکان بەدەستی دێنێت. لەم حاڵەتەدا عەقڵ بە شێوەیەکی هاونەوا بە ڕۆح و جەستەوە گرێدراون و قۆناغی چاکبوونەوە و بەرنامەسازی و گۆڕانکاری لە لوتکەدایە."[2]

لەو شتانەی لە کتێبی هەناسەدانی گۆڕانکاریدا هاتووە -کە لەلایەن ژنەوەرگێڕی موسڵمانەوە وەرگێڕانی بۆ کراوە: "قۆناغی کۆتایی لە دانیشتنی هەناسەداندا بەرزبوونەوە بۆ ئاستە بەرزەکانی درککردن و هۆشیاری بەرجەستە دەکات و دەتوانرێت لە ڕێگەی دوعای ئاگاهی و ئەو بۆشاییە ژیانییەی کە بەهۆی

---

(١) مذكرة المستوى الأول ريكي دي جو, للمدرب: طلال خياط .

(٢) دليل المستخدم لفن التنويم، د. صلاح الراشد (ص:٢٥) .

هەناسەدانەوە دروست دەبێت بگات بەم قۆناغە. گومانی تێدا نییە نەفسی خۆت لە حاڵەتی پشوودان و مێدیتەیشنێکی قووڵدا دەبینیتەوە، تەنانەت ڕەنگە ئەزموونێکی ڕۆحی ناوازە ببینی."[١]

پسپۆڕی وزە و ماکرۆبایۆتیک -کە کەسێکی موسڵمانە- لە ناساندنی کتێبە وەرگێڕدراوەکەی بە ناوی «زانستی نۆ وزە»دا دەڵێت: "لەم کتێبەدا بۆت دەردەکەوێت سەر بە چ جۆرە ئەستێرەیەکیت، لەگەڵ کام جۆری کەسەکاندا زیاتر گونجاویت، کێ هاوبەشی نموونەیی تۆیە، هەروەها بۆت دەردەکەوێت کام بوارەی کار یان پیشە باشترینە بۆت، کەی و بە چ ئاراستەیەک گەشت دەکەیت یان نا، هەروەها کام ساڵ و مانگ باشترینە بۆئەوەی خەونەکەت بەدی بهێنیت."[٢]

خۆ ئەم شەویش هەر وەک دوێنێ شەو وایە![٣] پێشتر فەخرەدینی ڕازی بانگەشەی ئەم فەلسەفانەی دەکرد و پەرتووکی (الرسائل العلائية في الاختيارات السماوية) و (السر المكتوم في مخاطبة النجوم)ی نووسی کە پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) دەربارەیان فەرموویەتی: "ئەمانە بژاردەی گومڕاکانن لەبری نوێژی ئیستیخارە کە پێغەمبەر(ﷺ) موسڵمانانی فێرکردووە، ئەهلی ئەستێرەکانیش بژاردەی خۆیان هەیە."[٤]، دەربارەی حەقیقەتی ئەم کارانە و ئەو مەترسییەی کە لەسەر موسڵمانان دروستی دەکەن فەرموویەتی: "بە هەمان شێوەش لەناو ئیسلامدا شیرکیان قەدەغە نەدەکرد و تەنیا تەوحیدیان

---

(١) التنفس أسلوب لحياهجديده، جوديت كرافيتز، ترجمة وإعداد، نورة الشهيل (ص: ١٥-٢٢).

(٢) بڕوانە: غلاف كتاب: علم الطاقات التسع، د. يوسف البدر

(٣)پەندێکی عەرەبییە بەکاردێت بۆ دەرخستنی لێکچوونی نێوان دوو بابەت یان دوو کردار یان وتە. (وەرگێڕ).

(٤) مجموع الفتاوى، ابن تيمية (١٣/١٨٠) .

واجب کرد، بەڵکوو ڕەوایەتییان بە شیرک داوە، یان فەرمانیان پێکردووە، یان تەوحیدیان واجب نەکردووە... هەموو شیرکێک لە دونیادا بەهۆی هاوشێوەی ئەم بۆچوونانە هاتووەتە بوون، چونکە کارەکەیان بونیادناوە لەسەر ئەوەی لە ڕۆح و جەستەدا هێز و سروشتی تایبەت هەیە، دروستکردنی تەڵاسیم و بت و عیبادەتکردنیان سوود دەگەیەنێت و زیانەکان دوور دەخاتەوە، بۆیە ئەوانەن لە حەقیقەتدا فەرمان بە شیرک دەکەن و خۆشیان ئەنجامی دەدەن و هەریەکێک لەوان فەرمانی بە شیرک نەکات، لەبەرانبەردا قەدەغەشی ناکات."(١)

پێویستە ئەوەشمان لەیاد بێت شوێنکەوتووانی هەموو ئایین و فەلسەفەیەک بەدوای شێوازێکی باشی ژیاندا دەگەڕێن کە بەهۆیەوە بە تەندروستی و بەختەوەری و ڕۆحانییەت بژین. ئەو کەسەی لەخۆیەوە قسەناکات (ﷺ) نموونەیەکی ئەم ژیانەی بۆ موسڵمانان خستەوەتەڕوو، بۆئەوەی موسڵمانان بەدوای گومانسازان نەکەون و سەرسام نەبن بەو شتانەی ئیدیعای سوود و کەڵکیان لێ دەکرێت.

دەربارەی ئەم واتایە پێشەوا زەهەبی (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "باشترین ڕێباز ڕێبازی موحەممەدە (ﷺ) کە بریتییە لە بەکارهێنانی شتە پاک و بەسوودەکان، بەجێهێنانی حەز و ئارەزووە ڕێگە پێدراوەکان بەبێ زیادەڕۆیی: ئافرەت، گۆشت، شیرینی، هەنگوین، ئاوی سارد، بۆنی خۆش و میسک لە خۆشەویسترین شتەکان بوون لەلای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) باشترین و خۆشەویسترین دروستکراوە لەلای خودا، پاشان عابدی دوور لە عیلم و زانست هەرکاتێک زوهدی هەبوو خۆی برسی و یەکلایی کردەوە و دوورەپەرێز بوو لە خەڵک، گۆشت و میوەکانی نەخوارد، تەنیا نانە وشکە و شلەی پڕ لە بەهارات و هاوشێوەکانی خوارد، ئەوا هەستەکانی ڕوون و ناسک

---

(١) مجموع الفتاوى، ابن تيمية (٣٤/٩) .

دەبن، پەیوەستی ویست و ورتەورتی نەفسی دەبێت، گوێی لە دەنگ و قسانێک دەبێت بەهۆی برسییەتی و شەونخوونییەوە کە هیچ بنەمایەکی نییە ... بەڵکوو شەیتان چووتە ناو سکیەوە و هاتووەتە دەرەوە، ئیتر وا گومان دەکات گەشتووە بە مەبەست و گفتوگۆی لەگەڵ کراوە و مەکانەتی بەرزبووەتەوە، لێرەوە شەیتان زەفەری پێ دەبات و ختوورە و وەسوەسەی بۆ دروست دەکات ... جاری وایە دەگاتە دۆخێک پێی وایە بووەتە وەلی و دۆستی خودا و کەرامەتی پێ بەخشراوە."[١]

سەبارەت بە شێوازەکانی شیفاوەرگرتن کە ئەم پرۆگرامانە لە شێوەی دانیشتنەکانی چارەسەرکردندا پێشکەشی دەکەن ژمارەیان زۆرە، لەوانە:

شیفاوەرگرتن بەهۆی «وزەی گەردوونی»، یان وەرگرتنی «وزەی هێزی ژیان»: کۆرسەکانی عیلاجوەرگرتن بەهۆی «ڕیکی»، «وزە»، «چی کۆنگ»، «یۆگا»[٢]، «هەناسەدانی قووڵ»، «مێدیتەیشنی زاڵ و بەرزبووەوە» و «چارەسەر بە هێڵی کاتی».

یان ڕەچەتەی شیفاوەرگرتن:

. چاکبوونەوە بە تایبەتمەندی بەردی بەنرخ و ڕەنگ و بۆنەکان بەپێی نهێنی چاکراکان و ڕەنگ و وزەکانیان.

. چاکبوونەوە بە تایبەتمەندی ڕۆحی شوێنەکان، و گوڵ و مۆم و ئایکۆنەکان، و جگە لەمانەش (فۆنگ شۆی).[٣]

---

(١) نزهة الفضلاء (ص:٨٧٤).

(٢) یۆگا: واتە تێکەڵبوون و یەکگرتن، لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوە کە ڕۆح بەشێکە لە ئیلاهـ و لە جەستەدا زیندانی کراوە. ئامانجی یۆگی ڕزگارکردنی ڕۆحە لە جەستە بۆئەوەی پەیوەندی بە «براهما» یان «ڕۆحی گەردوونی»ەوە بکات و یەک بگرێت لەگەڵی.

(٣) بڕوانە: ژمارەکانی گۆڤاری (الطریق إلی الطب البدیل) بۆئەوەی بزانیت چۆن ئیدیعای بتپەرستی دەکرێت لەژێر ناوی تەندروستی و بەختەوەری و هتد، بۆنموونە: لە ژمارەی

. چارەسەرکردن بە تایبەتمەندی سەرنجڕاکێشی شێوە ئەندازەییەکان و هەرەمەکان (بایۆگۆماتری).

. چاکبوونەوە بە ڕجێمی خۆراکی[1]، وەک ڕجێمی (ئایورڤێدا Ayurveda) - کە لە فێرکارییەکانی ڤێدای هیندۆسی وەرگیراوە و خواردنی گۆشتی ئاژەڵ حەرام دەکات، یان ڕجێمی سیستەمی ماکرۆبایۆتیک کە لە فێرکارییەکانی ئایینی بودا وەرگیراوە و هەنگوین و شیرەمەنی و گۆشت حەرام دەکات، چەمکی ڕێجیم تێدەپەڕێنێت بۆ پێکهێنانی پەیڕەوێکی تەواو بۆ ژیان لەسەر بنەمای فەلسەفەی ئیلحادیی وزە.

. چاکبوونەوە بە ئامرازەکانی وزەی «ملوانکەی وزە، دیسکی وزە، پێنووسی وزە» کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت وزەی کەسی لەبەرکەر پاک دەکاتەوە و تەندروستی پێ دەبەخشێت، پێی دەڵێن «وزەی ئەرێنی»!

هەروەها چەندین بەکارهێنانی پزیشکی چینی[2] شاراوەنییە کە پزیشکی لە

---

دەرچووی مانگی ئابی (٢٠٠٣) هاتووە باس لە کاریگەری پەیکەری ڕۆحی بە گوێرەی «فۆنگ شۆی» کراوە، وتراوە: پەیکەری مروای دروستکراو لە دار لەماڵەکاندا ڕاکێشەرێکی گرنگە بۆ تەبایی و خۆشەویستی و گونجان لەنێوان ژن و مێرد! (لا:٦٩). هەروەها لە ژمارەی مانگی ئایاری (٢٠٠٣)دا باس لە کاریگەری گوڵەکان کراوە لە چارەسەرکردنی کێشەکان بەپێی فەلسەفەی «فۆنگ شۆی»: گوڵی (الفاوانیا peony) چانسی پەیوەندی و هاوسەرگیری بۆ کچان زیاد دەکات! (لا:٥٣).

(١) ڕێجیم بنەمایەکی پزیشکییە، بۆیە زۆرێک لە ڕێجیمە تەندروستییە خۆراکییەکان لە ئایینەکەماندا ڕێگەپێدراوە، لێرەدا مەبەستمان ئەو ڕێجیمانەیە کە ڕەچەڵەکێکی ئایینییان هەیە، پشتبەستووە بەو حەرام و حەڵاڵەی لە ئایینەکانیان بۆیان دیاری کراوە و فەرمانەکانی پەرتووکە پیرۆزەکانیانی لەسەرە، حەرام و حەڵاڵ و واجب و سوننەت و مەکروهـ سەرچاوەکەی شەریعەتی ئیسلامە لەلای ئێمە، لەلای ئەوانیش کتێبە پیرۆزەکانیانە.

(٢) چارەسەر بە پزیشکی چینی چارەسەرێکی دێرینە و پێکهاتەکانی پزیشکی باوەڕپێکراوی تێدایە، وەک: چارەسەری گیایی و مەساج و هتد. بەڵام تێکەڵ بە چەواشەکاری و خورافات و تێکەڵ بە بیروباوەڕ و فەلسەفەی وزە بووە، بۆیە زۆرێک لە بەکارهێنانەکانی لەسەر باوەڕیان بە جیهانی غەیب بونیادناوە، لەوانە «سیستەمی وزە»، «جەستەی ئەسیری»، «چاکراکان» و

چین زۆر تێکەڵە لەگەڵ فەلسەفەی وزە، وەک «چاکبوونەوە بە دەرزی چینی» و «کەڵەشاخی چینی».[(١)]

ئەم شێوازانە تەنیا بەشێکن لەو شتانەی کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەناو موسڵماناندا بڵاوبوونەتەوە بە سوود وەرگرتن لە پەرۆشی خەڵک بۆ کۆمەکی و تەندروستییەکی باشتر، عادەتەن خەڵکی بە شێوازێکی گشتی باوەڕیان بە دەجەل و ساختەکاری و فێڵ و درۆ هەیە، پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "دەروازەی درۆکردن لە ڕووداوە گەردوونییەکان لە کۆنەوە زۆر زیاتر لە بابەتە ئایینییەکان؛ چونکە ئەوانەی فەزڵی دونیا دەدەن بەسەر دواڕۆژدا زیاتر پەرۆشی ئەم کارانەن، هەرچەندە شوێنکەوتووانی ئایینیش شوێنی ئەو کارانە دەکەون، بەڵام پەرۆشی و شوێنکەوتنیان بۆ ئایین بەهێزترە، ئەوانەی شوێن دونیا کەوتوون پێوەری (نوور و ڕووناکی) جیاکارییان لەنێوان حەق و باتڵدا لەلا نییە وەک شوێنکەوتووانی ئایین. هەر لەبەر ئەمەشە درۆزنەکان لە ڕووداوە گەردوونییەکان زۆر بوون، پارە و سامانێکی ئێجگار زۆر بەم ناوەوە خەرجکرا و بەناڕەوا خورا، زۆر ڕۆح بەهۆیەوە کوژران لەوانەی تامەزرۆی دەسەڵات و هاوشێوەکانی بوون لە: خۆشبەختی و تەندروستی، هەربۆیە درۆکانیان هەمەچەشن دەکەن و پشت بە قۆڵبڕی و ساختەکاری دەبەستن. هەندێک جار بە ئیحالەکردنیان بۆ جووڵە و فۆرمە فیزیکییە ئیلاهییەکان لە جووڵەی هەسارە و ئەستێرەکان، نەیزەک، هەورەبروسکە، ڕەشەبا و هتد، هەندێکجاریش بە

---

ئەوانی دیکە.

(١) «کەڵەشاخ» چارەسەرێکی دێرینە و پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە فەرمووده صحیحەکاندا باسی کردووە. کەڵەشاخی چینی تێکەڵە بە باوەڕیان دەربارەی بنەمای «ڕێڕەوی وزەی گەردوونی» لەسەر «جەستەی ئەسیری» و بە لەبەرچاوگرتنی «وزەی ڕۆحی» ئەستێرە و بورجەکان و تایبەتمەندییەکانی بۆ دیاریکردنی کاتەکانی کەڵەشاخەکە. بە پێچەوانەی ئەو کەڵەشاخە ناسراوەی سەردەمی پێغەمبەرەوە (ﷺ)، نە پەیوەندییەکی بە «ڕێگاکانی وزە»وە هەیە، نە بە فەلسەفە ئیلحادیەکەیەوە.

ئاماژەدان بەو جووڵە و شێوازانەی خۆیان دروستی دەکەن."[١]

لە کاتی وەرگرتنی ئەم چارەسەرانە یان ئەنجامدانی ڕاهێنانی ئەم فێرکاری و مەشقانە، ڕەنگە سوودی جەستەیی، یان دەروونی، یان ڕۆحی بۆ ئەو کەسانە دروست ببێت، بە کۆدەنگی ژیرەکان ئەمەش بەس نییە بۆ ئەوەی وەک هۆکاری بۆ ئەو سوودە هەژمار بکرێن،و بکرێنە ڕێگەیەکی پەسەند، چونکە بابەتی هۆکار و بزوێنەری هۆکارەکان (السبب والمسببات) خەڵکی بەگشتی بەلاڕێدا دەچن تێیدا و حەق ناپێکن. پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "بەدەستهێنانی سوودێک کە وا بیر دەکرێتەوە هۆکارێکی ناشەرعی هەیە، ڕەنگە هۆکاری حاڵی کەسەکە و دڵسۆزی و ڕاستگۆی بێت لەو کاتەدا، یان ڕەنگە تەنیا بەهۆی ڕەحمەتی خوداوە بێت، یان ڕەنگە بابەتێک بێت کە خودا بڕیاری لەسەر دابێت نەک لەبەر هۆکارێک، یان ڕەنگە تاقیکردنەوە بێت، ئەگەر گەیشتن بە خوازراو هاوکات بێت لەگەڵ هۆکاری ناشەرعی ئەوە تاقیکردنەوەیە، چونکە دەزانین کافران وەڵامیان دەدرێتەوە و بارانیان بۆ دەبارێت، سەردەخرێن، یارمەتی دەدرێن، ئازاردەچێژن و ڕۆزی دەدرێن هەرچەندە هاوار لە بتەکان دەکەن و عیبادەتیان بۆ دەکەن: ﴿كُلًّا نُمِدُّ هَٰؤُلَاءِ وَهَٰؤُلَاءِ مِنْ عَطَاءِ رَبِّكَ ۚ وَمَا كَانَ عَطَاءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا﴾[٢] [الإسراء:٢٠] هۆکارەکانی هاتنەجێبوونی خوازراوەکان شتگەلێکن ژماردنیان درێژە دەکێشێت، بەڵام ئەوەی واجبە ئەوەیە دەبێت خەڵک شوێن ئەو شتانە بکەون کە خودا پێغەمبەرانی پێ ناردووە و دەبێت بزانن کە سوود و خۆشبەختی دونیا و قیامەت لەخۆدەگرێت.[٣]

---

(١) مجموع الفتاوى، ابن تيمية (٤/٨٠) .

(٢) (هەر یەک لەو دوو کۆمەڵە(کۆمەڵی باوەڕداران و کۆمەڵی کافران) ئەوەی قیامەتی دەوێت و ئەوەش دونیای دەوێت لەبەخشش و ڕۆزی خودا بەهرەوەرن، لەم دونیایە ڕۆزی و بەخشینی خودا لە هیچ کەس قەدەغەکراو نییە).

(٣) اقتضاء الصراط المستقيم، ابن تيمية (ص:١٨٦) .

# دەروازەی پێنجەم

## ڕوونکردنەوەی پەیوەندییان بە ئایین و ڕێبازە لادەرەکانی دیکەوە

# دەروازەی پێنجەم

## ڕوونکردنەوەی پەیوەندییان بە ئایین و ڕێبازە لادەرەکانی دیکەوە

ئەم ڕاهێنان و بەکارهێنان و بیرۆکە هەناردەکراوانە پەیوەندییان بە ئایین و ڕێبازە جۆراوجۆرەکانەوە هەیە، بەو پێیەی تێکەڵەیەکی هەڵبژێردراوی ئایینەکانی ڕۆژهەڵات و بتپەرستان و فەلسەفەی ئیلحادی کۆن و نوێیە، لە شێوەی تەکنیک و قاڵبی کارپێکراوی پراکتیکی هاوچەرخدا، ئەمانەی خوارەوە چەند پێناسەیەکی کورتن بۆ دیارترین بنەماکان کە فەلسەفە و دروشم و تقووسی ئەم پراکیزانەی لێ وەرگیراون:

١. **ئایینی تائۆیست، ئایینی چینی کۆن:** ئەم ئایینە لەسەر عەقیدەی «وزەی گەردوونی» بونیادنراوە و لەسەر بنەمای دووانەی «یانگ» کە لە کۆی تاو (الکلي الطاو) سەرچاوە دەگرن، زۆر گرنگی دەدەن بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگیی لەنێوان دووانەییەکان لە سیستەمی ژیان و خواردن و مێدیتەیشن بۆئەوەی تەمەن درێژی یان نەمری بەتەواوی گونجان و هاوئاهەنگی لەگەڵ «تاو»دا بێتەجێ.[1]

٢. **ئایینی هیندۆسی:** یەکێکە لە ئایینە کۆنەکانی هیندستان، ئەم ئایینە لەسەر فرەیی خوداوەند و زۆری پیرۆزییەکان بونیادنراوە، بەو پێیەی باوەڕی بە چوونەناوی (الحلول) ڕۆحی گشتی پیرۆز (الروح المقدسة الكلية) هەیە لە هەموو شتێکدا، بەپێی ڕاهێنانە ڕۆحییەکان مرۆڤیش بە هەمان شێوە پیرۆز دەبێت و چێژ لە توانا موعجیزەئاساکان وەردەگرێت لەسەر بنەمای باوەڕیان بە یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) پەیوەندی نێوان پیرۆزیی و گەردوون وەک پەیوەندی نێوان

---

(١) بڕوانە: الملل والنحل، الشهرستاني (٢/١٢٤) .

پریشکی ئاگر و سەرچاوەکەی ئاگر وایە، هەروەها باوەڕیان بە پاداشتە بەپێی سیستەمی «کارما» کە عەقیدەیەکە لەسەر بنەمای لەدایکبوونەوەی ڕۆحەکان (تناسخ الأرواح) دامەزراوە.(١)

**٣. ئایینی بودا:** فەلسەفەیەکە وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە چینایەتی هیندۆسی سەری هەڵدا و سیستەم و ڕێوڕەسمی تایبەتی خۆی هەیە کە بە ئەندازەیەکی زۆر لە ئایینەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات دەچێت، بەڵام ئایینی بودا کەوتووەتە ژێر کاریگەری هەندێک بیروباوەڕی مەسیحییەت. ئەم ئایینە زۆر جەخت لەسەر گرنگی مێدیتەیشن و گفتوگۆکردن لەگەڵ خەیاڵ دەکاتەوە بۆ گەشتن بە «نێرڤانا»؛ کاتێک مرۆڤ گەشت بە نێرڤانا، ئیتر نوورانی و بەرچاوڕوون دەبێت و لە «کارما»و لە سەرگەردانی ڕۆح و لەدایکبوونەوەی(تناسخ الأرواح) ڕزگاری دەبێت. شوێنکەوتووانی ڕووەکخۆرن و هەموو بەرهەمە ئاژەڵییەکان قەدەغە دەکەن، یان واجبی دەکەن بەڕۆژوو بن و دوورەپەرێز بن لێیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.(٢)

**٤. ئایینی شینتۆ:** تێکەڵەیەکە لە بیروباوەڕ و تقووس و ڕێوڕەسم و ئەخلاقیات، هەروەها فەلسەفەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود - Pantheism) دەگرێتەبەر، زێدەڕۆیی دەکات لە بەرزکردنەوەی تواناکانی مرۆڤ و ڕۆحی باوباپیران بە پیرۆز دادەنێت و باوەڕی بە لەدایکبوونەوەی ڕۆحەکان (تناسخ الأرواح) هەیە.(٣)

**٥. ئایینی مەهاریشی:** بریتییە لە ئایینی هیندۆسی لە پۆشاکێکی نوێدا، دوای ئەوەی ئەم ئایینە ڕووی لە ئەمریکا و ئەورووپا کرد، شێوازێکی مۆدێرنی لە ئەفکار و بیروباوەڕ گرتەبەر بەڵام حەقیقەتەکە هیندۆسییەکەی نەشاردەوە و

---

(١) بڕوانە: الملل والنحل، الشهرستاني (١٢٤/٢) والموسوعة الميسرة (٧٣٨/٢).

(٢) بڕوانە: الموسوعة الميسرة (٧٦٨/٢).

(٣) بڕوانە: الموسوعة الميسرة (٦٦٥/٢).

جەخت لە ڕێوڕەسمەکانی هیندۆسی دەکاتەوە بەڵام بە شێوازێکی مۆدێرن، لەوانە مێدیتەیشنە بەرزبووەوە و زاڵ کە وەک ڕێگەیەک بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری ڕۆحی و گەیشتن بە ئیدراکی بێسنوور پێشکەشی ڕۆژئاواییەکانی دەکات، دامەزرێنەرەکەی «مەهاریشی یۆگی» بانگەشەی هاوپەیمانی مەعریفی (التحالف المعرفي) و زانستی زیرەکی داهێنەر)علم الذكاء الخلاق) دەکات بە گومانی ئەوەی توانایەکی وا دەبەخشێت بە شوێنکەوتووانی کە توانای هێنانەدی گۆڕانکاری ئەرێنییان هەبێت لە هەموو کات و شوێنێکدا.(١)

**٦. کۆمەڵەی ئایینە مۆدێرنەکانی ڕۆژئاوا:** وەک یەکتاپەرستانی ڕزگاریخواز (الموحدين الخلاصيين - Salvationist monotheists) و مرۆڤدۆستانی عالمانی (الإنسانيين العلمانيين - secular humanists )(٢) و شوێنکەوتووانی عەقیدەی ساینتۆلۆژیا (العلمولوجيا - Scientology) و بزووتنەوەی سەردەمی نوێ، ئەو ئایینانەی کە بە تەواوی بانگەواز دەکەن بۆ نکۆڵیکردن لە بەدیهێنەر (الخالق)، باوەڕبوون بە هێزی گەردوونی بەڕێوەبەر (قوة كونية مدبرة) یان یەکی گشتگیر (كلي واحد) و پەیڕەوکردنی عەقیدەی یەکیەتی بوون (Pantheism) و پشتکردن لە ئایین بەهۆی ڕۆحانیەتی ڕۆژهەڵاتییەوە.

**٧. ئایینەکانی هیندییە سوورەکان:** بریتیین لە کۆمەڵە ئایینێکی بتپەرستی کە ڕێوڕەسمی تایبەت و سروود و سەمای ئایینییان هەیە، پشت بە بەکارهێنانی هێزەکانی خوارەوە(القوى السفلية) و سیحر دەبەستن، هەروەها هەر هۆزێک باوەڕی سەرکردەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە خاوەنی هێزی موعجیزەئاسا و زانینی غەیب و نهێنییەکانی چاکبوونەوەیە، وەک: درۆیدەکان، ویکا، و ... هتد.

---

(١) بڕوانە: الموسوعة الميسرة (٧٨١/٢).

(٢) ئەم دەستەواژانە هەندێک واتا و چەمکیان ڕەنگە لەو چەمکانە بچێت کە پێشتر بە عەقیدەی «عەلمانیەت» و «مرۆڤگەری» ناسرابوو، بەڵام ئەمڕۆ بوون بە بزووتنەوە و ڕێکخراوێکی ئایینی، نەک تەنیا ئاراستەی فیکری بن.

**٨. شامانیزمی مۆدێرن:** لە بنەمادا ئایینێکی بتپەرستییە، ڕێوڕەسمی جۆراوجۆری تێکەڵ بە سیحری هەیە، باوەڕی بە ڕۆحی چاک و ڕۆحی خراپە هەیە لە پشت هەموو نەخۆشییەک یان ڕووداوێک کە لە گەردووندا ڕوودەدات، هەروەها شامان (قەشە یان ساحیری خێڵ) توانای موعجیزەئاسای هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆحەکاندا! شامانیزم لە دوورگەکانی ڕۆژهەڵاتی بالی و ئوستralیا و لەنێو هۆزە بتپەرستەکانی سیبیریادا بەربڵاوە. شامانیزم لە سەردەمی هاوچەرخدا لە شێوەی خولی فێرکاری و ڕاهێنان پێشکەش دەکرێت کە بانگەشەی پەرەپێدانی لێهاتوویی سوودوەرگرتن لە هێزە شاراوەکان(القوى الخفية) دەکات، لە تەرکیزەوە دەست پێ دەکات، پاشان چالاککردنی هێزە شاراوەکانی ناو ناخ، پاشان ڕاکێشانی وزەی گەردوونی(الطاقة الكونية) و وزەی خوارەوە(الطاقة السفلية)، یەکێک لە پێشەنگ و ڕابەرانی (ڕیچارد باندلەر - Richard Bandler)ە کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پڕۆگرامی «بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانی دەماری - NLP».

**٩. ئایینی هۆنا:** ئایینی خەڵکی دوورگەکانی هاوایە، یەکێکە لەو ئایینە بتپەرستانەی کە پشت بە فەلسەفەی وزەی گەردوونی(الطاقة الكونية) دەبەستێت کە گوایە لەڕێگەی دە خوداوەندەوە، وەردەگیرێت و مرۆڤەکان بە هۆکاری یەکەمەوە (السبب الأول) دەبەستێتەوە کە لێی دروست بوون. ڕابەرایەتی بانگەوازەکەی دەکرێت لەم سەردەمەدا لەلایەن (تاد جەیمس - Tad James)ـەوە کە خاوەنی یەکێک لە قوتابخانە بەناوبانگەکانی (بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانی دەماری -NLP)یە، بە شێوازی خول و لە چەند ئاستێکدا هزر و بیرکردنەوەکانی دەخوێندرێت، بەشداربوو تێیدا فێری تقووس و ڕێوڕەسم و سروودی بتپەرستی و سیحر دەبێت، داوای پارمەتی لە جنۆکە دەکرێت بە ناوی چالاککردنی هێزە شاراوەکانی نەفس و بەستنەوەی بە هێزە گەردوونییەکان.

**دیارترین ئەو عەقیدە و بیروباوەڕانەی ئەم پرۆگرامی فێرکاری و پراکتیزانانەی لەسەر بونیادنراوە:**

**١. عەقیدەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود Pantheism):** عەقیدەیەکی ئیلحادییە ئایینەکانی هیندستان و چین بانگەشەی بۆ دەکەن و باوەڕی سۆفییە زێدەڕۆکانیشە، لەسەر ئەم عەقیدەیە فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆژئاوایی هاوچەرخ بونیادنراوە. پوختەکەی: جیهان و چی لەناودایە دەرکەوتنی هەمیشەیی ئەو بوونەیە هەر هەبووە و ئێستاش هەیە، بوونیش یەکە -کە خودایە بەپێی ئایینە ئاسمانییەکان و گشتی(الكلي)یە لەلای مولحیدان- و هەموو بوونەوەرەکان فۆرم و سیفاتەکانی ئەو بوونەن، ئەم باوەڕە درێژکراوەی عەقیدەی تێکەڵبوون -الحلول-ە و وێنەیەکی نوێبووەوەی ئیلحادە.[1]

**٢. تیۆری فەیز(الفيض)ی فەلسەفی:** شوێنکەوتووانی باوەڕیان بە عەقڵێکی گشتگیری کاریگەر(عقل كلي فعال) هەیە کە دە عەقڵەکەی(عقول عشرة) لێ هەڵقوولاوە و ئەستێرەکان و گەردوون بەڕێوەدەبات. ئەم عەقیدەیە بە فۆڕمی جیاواز لە هەموو ئایینە ئیلحادییەکاندا بوونی هەیە، و پەیوەندییەکی ئاشکرای لەگەڵ عەقیدەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) و بیرۆکەی یەکیەتی شایەتحاڵ(وحدة الشهود)دا هەیە.

**٣. تیۆری حەوت جەستەکە و جەستەی ئەسیری و چاکراکان:** فەلسەفەیەکی ئایینی ڕۆژهەڵاتییە و بنەمای فەلسەفەی وزەی گشتگیر (الطاقة الكلية)یە کەلە گشتی تاک (الكلي الواحد)ەوە پەیدابووە، زۆر پێویستە ئەو وزە گشتگیرە (الطاقة الكلية) یەک بگرێت لەگەڵ وزەی مرۆیی کە لە جەستەی مرۆڤدا بوونی هەیە لە ڕێگەی چاکراکانەوە کە لە جەستەی ئەسیریدا هەن؛ بۆ دڵنیابوون لە تەندروستی و هاوئاهەنگی لەگەڵ گەردوون و یەکیەتی دەروون و جەستە و ڕۆحی مرۆڤ.

---

(١) بڕوانە: الموسوعة الميسرة (١١٧٨/٢).

**هەروەها کەوتوونەتە ژێر کاریگەری زۆرێک لە ڕێبازە هزرییە ئیلحادییەکان کە لە ڕۆژئاوا بڵاوبوونەتەوە لەوانە:**

**١. ڕێبازی بوونگەرایی:** ڕێبازێکی فەلسەفییە کە چەندین ئاراستە و قوتابخانەی جۆراوجۆری هەیە، بە گشتی زێدەڕۆیی دەکەن لە بەهای مرۆڤ و جەختکردنەوەی تاکڕەویی، شوێنکەوتووانی دەڵێن: کار دەکەین بۆ گەڕاندنەوەی کۆی بایەخ و گرنگی مرۆڤ. باوەڕیان وایە ئایینە ئاسمانییەکان ئاستەنگن لەبەردەم مرۆڤدا و ڕێگە نادەن بەرەو داهاتوویەکی گەش هەنگاو بنێت.[١]

**٢. ڕێبازی سوودگەرا:** ڕێبازێکە سوودی تاک و کۆمەڵگە دەکاتە پێوەرێک بۆ ڕەفتار و ئەخلاق و قبووڵکردن و ڕەتکردنەوە.[٢]

**٣. ڕێبازی هێز و دەسەڵات (ڕێبازی نیچە):** ڕێبازێکە لە ڕێگەی فەلسەفەکەیەوە هەوڵی دروستکردنی «مرۆڤی باڵادەست» دەدات کە دەبێت لە خۆی بڕوانێت و هێز و دەسەڵاتەکانی بدۆزێتەوە، نیچە وتوویەتی: "هەموو خوداوەندەکان مردن، هیچ هیوایەک نەماوە جگە لە دەرکەوتنی مرۆڤی باڵادەست، کەواتە با ویستی ئێمەش ئەمە بێت."[٣] ئای چ قسە و وتەیەکی ترسناک و ناقۆڵایان لە دەم دەرچووە، هەروەها وتوویەتی: "ئایا دەتوانن خودایەک دروست بکەن؟ [بێگومان نەخێر] کەواتە واز لە باسکردنی هەموو خوداوەندەکان بێنن، هیچ بژاردەیەکت نییە جگە لە دروستکردنی مرۆڤی باڵادەست."

مرۆڤی باڵا بە بڕوای نیچە ئەو کەسەیە کە کۆمەڵێک سیفاتی تەواوی تێدا دێتەجێ وەک: هێز و ئەخلاق و ئارامی، ئەو کەسەیە کە بە دەسەڵاتی خۆی بەسەر

---

(١) بڕوانە: الموسوعة الميسرة (٢/٨٢٨).

(٢) بڕوانە: الموسوعة الميسرة (٢/٨١٨).

(٣) هەموو قسەکانی لەسەر ئەم لایەنە لە پەرتووکی (ملحدون محدثون ومعاصرون)ی (رمسيس عوض)دا هاتووە، (لا:٢٢-٢٥).

سروشتدا حوکم دەکات و تەندروست باش و بەهێزە. بەکورتی پێناسەکەی نیچە بریتییە لە: ئەو کەسەی فۆڕمی سروشتی خۆی گۆڕی، و کۆنترۆڵی نەفسی خۆی کرد, ئەو کەسەی ئارەزووی هیچ شتێک ناکات بە ئەندازەی لە دووبارەبوونەوەی هەمیشەیی ژیانی خۆی, ئەو کەسەی «سۆپەرمان»ە[1] کە دوای ئەم هەموو توانایە پێویستی بە بیرۆکەی باوەڕبوون بە خودا نییە، چونکە بە تەنیا خۆی کۆنترۆڵی تەندروستی و نەخۆشی و بەختەوەری و نەهامەتییەکانی دەکات.

ئەم ئەفکار و بیروباوەڕ و ئایین و ڕێبازانە بەشێکن لە سەرچاوەی ئەو تێکەڵەیەی کە فێرکاری و بەکارهێنانەکانی ڕاهێنانی هاوچەرخ لێیەوە داڕێژراون وەک: (بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانی دەماری - NLP) و «ماکرۆبایۆتیک»، «مێدیتەیشنی بەرزکەرەوە»، «ڕیکی» و «چی کونگ» و جگە لەمانەش، هەرچەندە ڕێژەی دروستبوونی ئەو تێکەڵەیە بەپێی جۆری فێرکاری و بەکارهێنانەکان جیاوازە. خوێنەری ئەو پەرتووکانەی لەسەر ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕێبازە فەلسەفییەکان و زانستەکانی ڕۆحانییەت و هەسارەکان نووسراون لەگەڵ بەکارهێنانی مۆدێرنیان لە هەموو وەرزش و چارەسەرییەکان، بۆی دەردەکەوێت کە پەیوەندی نێوانیان زۆر بەهێزە، بەڵکوو ڕووخساری جیاوازی یەک دراون، ئەمەش هیچ شوێنی سەرسووڕمان نییە لەبەرئەوەی هەموو کوفر یەک ڕێبازە، بەڵام ڕەوتە غەنوسییەکان ڕەنگاوڕەنگی دەکەن، کە تا ئێستاش بەدوای دەرفەتی گونجاودا دەگەڕێن بۆ دزەکردنە ناو موسڵمانان بە شێوە و فۆڕمی جیاواز.[2]

---

(١) وەرگیراوە لە وەرگێڕانی پەرتووکی (هکذا تکلم زرادشت) (ص:١٠٤ ـ ١٠٧)، وەرمگرتووە لە د. سارة آل سعود لە پەرتووکەکەی بە ناوی (قضية العناية والمصادفة في الفكر الإسلامي) (ص:١٢٠).

(٢) بڕوانە: الموسوعة الميسرة (١١١٥/٢).

# دەروازەی شەشەم

## هەڵوێستی ئیسلام لەبەرانبەر ئەم ڕێباز و ڕاهێنان و پراکتیزانە، و وەڵامدانەوەی دیارترین گومانەکان

# دەروازەی شەشەم

## هەڵوێستی ئیسلام لەبەرانبەر ئەم ڕێباز و ڕاهێنان و جێبەجێکارییانە، و وەڵامدانەوەی دیارترین گومانەکان

زانراو و جێگیرە لە ئاییندا گەورەترین شتێک خودا فەرمانی پێ کردووە تەوحید و خوداپەرستییە، گەورەترین شتێکش قەدەغەی کردووە شیرک و کوفرە، خودای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ ۚ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾ [النساء:١١٦] «بێگومان خودا هەرگیز لەوانە خۆش نابێت شەریک و هاوبەشی بۆ بڕیاردەدەن، بەڵام گوناه و تاوانی لە شیرک بچووکتر بۆ هەر کەسێک خۆی بیەوێت و شایستە بێت ئەوە خودا لێی دەبوورێت، دەسا بزانن هەرکەسێک شەریک و هاوەڵ بۆ خودا بڕیاربدات ئەوە ئێجگار گومڕا و سەرلێشێواوە» هەر شتێک شیرک بێت، یان بەرەو شیرک هەنگاو بنێت، ئەوە لە شەریعەتدا حەرامە. ئەم ڕێبازانەش فەلسەفەگەلێک دەگرنەبەر کە کوفر و شیرکن و خاوەنەکەی لە چوارچێوەی ئیسلام دەبەنە دەرەوە، هەروەها بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی لەسەر ئەو کوفر و شیرکە بونیادنراون، بە شێوازێک تێکەڵ بوون لەگەڵیدا کە ناتوانرێت جیا بکرێتەوە ئیللا لە خەیاڵی ئەو کەسانەی پێی سەرسامن و ئەوینی ئەم بەکارهێنان و فێرکارییانە لە دڵیان ڕواوە، یان بە فیتنەی پارەی بەدەستهێنراو هەڵخەڵەتێنراون کە بەهۆی خول و چارەسەرییەکانەوە بەئاسانی دەستیان دەکەوێت. بێگومان ئەمە بە واتای حوکمدان بەسەر ئەو کەسانە نییە کە تێیدا بەشدارن، لە «ڕاهێنەر و فێرخواز، بانگەشەکەر و ئەو کەسانەی فیعلەن مومارەسەی دەکەن»، لەبەرئەوەی جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان

ڕوونکردنەوەی حوکمی کردار و وتەکان، لەگەڵ حوکمدان لەسەر ئەو کەسەی کارەکەی ئەنجام داوە یان وتەیەکەی وتووە، حوکمدان لەسەر کەسەکان وردەکارییەکی زۆری تێدایە و جیاوازی دەکرێت لەنێوان نەزان و زانا و ئەو کەسەی لەبەر ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی هەڵە ئەو کارەی ئەنجامداوە، و جگە لەمانەش لە هەموو مەرج و ڕێگری و ڕێساکانی کە لە پەرتووکەکانی عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەدا بە درێژی باسکراون، بە تایبەت دۆزی ئەم فێرکاری و بەکارهێنانە هەناردەکراوانە لە زۆر کەسی زانا شاراوە بووە بەهۆی ڕووکەشی ڕاهێنان و چارەسەرییەکەی، لەبەرئەوەی ڕێبازی شاراوە(باطنی) پەیڕەو دەکات بۆیە حەقیقەتەکەی لەلای زۆربەی خەڵک شاراوەیەوە. شەیتانەکانیش بۆ هەموو گەلێک بە شێوازێک خۆیان دەردەخەن کە ئینکارییان لێ نەکرێت. بۆیە زانایان ڕاجیا بوون دەربارەی حوکمی ئەم پرسە، هەندێکیان پێیان وابوو بەشێکە لەو هاتوهاوارەی جەماوەر دەیکەن بەهۆی سەرسامییان بە هەموو شتێکی نوێ، دواتر خۆیان پشتی تێدەکەن بەبێ ئەوەی ئاسەوارێک لەسەر ژیانیان بەجێ بهێڵێت. هەندێکیشیان فەتوای دەرکرد کە دروستە لەسەر بنەمای فێڵ و ساختەکاری ڕاهێنەرەکانی بۆ سروشتی ئەم فێرکاری و ڕاهێنانانە و هەوڵدانیان بۆ گونجاندنی فەلسەفەی وزەی ئیلحادی لەگەڵ هەندێک لەو بابەتانەی کە باش لێی تێنەگەیشتبوون لە دەقەکانی قورئان و فەرموودە و ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلام.

پێشتریش ناتەباییەکی لەم شێوەیە لە هەڵوێستی زانایان بەرانبەر بە لۆژیکی یۆنانی ڕوویدا، پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "پەرتووکەکانی لۆژیکی یۆنانی باتڵ و چەواشەکاری و گومڕایی زۆری تێدایە، لەنێو موسڵماناندا خەڵکانێک شوێنی کەوتن لەگەڵ ئەوەی بانگەشەی ئیسلامیان دەکرد، ئەوانیش فەیلەسووفەکان بوون. لەنێو موسڵمانان ئەو کەسانەش هەبوون مەبەستیان نەبووە بەتێکڕا شوێنی بکەون بەڵام شتگەلێکی لێ

فێربوون و ئیتر پێیان وابوو هەمووی لەگەڵ ئیسلامدا دەگونجێت و پشتگیری لێ دەکات، بەڵام لە حەقیقەتدا زۆرێکی لەگەڵ ئیسلامدا ناکۆکە و پشتی تێ دەکەن و شکستی پێدێنن، وەک ئەهلی کەلام. بەشێکی دیکە بە موجمەلی پشتیان تێکرد و بەشێوازێک شوێنی قورئان و ئیسلام نەکەوتن بێپێویستیان بکات لەو حەقەی لە لۆژیکی یۆنانی هەیە، لەبەرانبەریشدا بتوانن بەرپەرچی باتڵ و گومڕاییەکەی بدەنەوە و جیهادی شەرعییان بەرانبەر بکەن، ئەمە حاڵەتی زۆرێک لە فەرموودەناس و فیقهیەکان بوو."[1] ئەو ئەرکەی پێویستە جێبەجێ بکرێت ئەوەیە: دەبێت کۆمەڵێک لە زانا و بانگخوازان تێبکۆشن و جیهادی شوێنکەوتووانی ئەم فەلسەفانە بکەن، ئەو جیهادە شەرعیەی کە باتڵ و گومڕاییەکانیان پووچەڵ دەکاتەوە و ساختەکاری فکر و بیرکردنەوەیان بۆ خەڵکی ئاشکرا دەکات. پێشەوای ئەم ڕێبازەش ئیمامی ئیبن تەمییە بوو (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) لە سەردەمی خۆیدا.

داوا لە خودای مەزن دەکەم پێشەواگەلێکی دامەزراو بەم ئوممەتە ببەخشێت بۆئەوەی بەرانبەر ئەم فەلسەفانە بوەستنەوە.

ئەم پەرتووکەش بەشدارییەکە بە ئامانجی ئاشناکردنی زانایان بە حەقیقەت و واقیعی ئەم فێرکاری و پراکتیزانە و پێکهێنانی تێگەیشتنێکی کامڵ بۆیان دەربارەیان، -پشتیوان بەخوا- پاڵپشتی دەکات لە ئەرکە مەزنەکەیان کە بەرگریکردنە لە بیروباوەڕی ڕاست و دروست، شتێکی زانراوە کە تێگەیشتنێکی تەواو سەبارەت بەم بەکارهێنان و فەلسەفانە زۆر پێویستە پێش حوکمدان بەسەریاندا؛ چونکە حوکمدان لەسەر شتێک لقێکە لە تێگەیشتنی تەواو لەو باسەی حوکمی لەسەر دەدرێت، بۆیە زانیاری وردی واقیعی ئەم عەقیدە و ڕێباز و بەکارهێنانەکانیان زۆر گرنگە بۆئەوەی ئاگادارکردنەوەکە لەسەر بنەمای ئەو

---

(١) مجموع الفتاوى، ابن تيمية (٢٦٦/٩) .

زانیاری و تێگەشتنە کاملە و لەژێر ڕۆشنایی ڕێسا گشتییەکان و مەبەستەکانی شەریعەتدا بێت.

**لە دیارترین مەترسییە ئایینییەکان کە دوای کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم فێرکاری و پراکتیزانە لەسەر واقیعی خەڵک دەرکەوتن:**

١. وەرگرتنی ئەم فەلسەفانە لەسەر دەستی بانگەشەکەرانی بتپەرستی نوێ (هۆنا ـ شامانیزم)ـەوە لە کاتی ڕاهێنان و لە حاڵەتەکانی هیپنۆزی(تنویم) و پێشنیار و دواڕۆژبینی (الإيحاء)، ڕابەرانی ئەم پراکتیزانە کە ڕاهێنان بە گەنجانی موسڵمان دەکەن لە وڵاتانی ئیسلامی یان لە وڵاتانی خۆیان بریتین لە «تاد جەیمس» کە شوێنکەوتووی ئایینی هۆنایە و ڕاهێنان لەسەر ئەپڵیکەیشنەکانی دەکات لە خولەکانی هۆنا بۆ چالاککردنی هێزی نەفس و «باندلەر» و «ودسمۆڵ»یش تەبەنی شامانیزمی مۆدێرن دەکەن «ئەنتۆنی ڕۆبینز»یش پێشەنگی ڕاهێنانی ڕۆیشتنە لەسەر ئاگر و جگە لەمانەش.

**کۆرسەکانیان بەرجەستەکردنی ڕەفتارییە بۆ سەرچاوەی ئەو باوەڕەی کە بانگەشەی بێپێویستبوون لە خودا و هەوڵدان بۆ چالاککردنی هێزە دەروونییە شاراوەکان(القوى النفسية الكامنة) دەکەن لە ڕێگەی پێشنیار و دواڕۆژبینی (الإيحاء)ـەوە.**

بەشداریکردنی ئەم کۆرسانە بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کاریگەری خراپیان لەسەر ئایین و عەقیدە شاراوە نییە، جگە لە مەترسی خلیسکان بۆ ناو ئەم خلیسکگە مەترسیدارە بەهۆی چەواشەکاری و سیحر و تەکنیکە بەهێزەکانی گۆڕینی قەناعەت.

٢. ڕاهێنان لەسەر ئەم فێرکاری و ئەپلیکەیشنانە دەبێتە هۆی باوەڕبوون بە فەلسەفەی «وزەی گەردوونی» تەنانەت ئەگەر ڕاهێنەرە موسڵمانەکانیش بانگەشەی ئەوە بکەن خۆیان لە ئیلحادەکەی بەدوور دەگرن، یان بە ئیسلامی

دەکەن، بەو پێیەی هەموویان بونیادنراون لەسەر بنەمای وەرگرتن و چالاککردنی ئەم وزەیە کە لێکدانەوەی مولحیدانە بۆ جیهانی غەیب و باوەڕی حەقی فێرخوازان لەگەڵ بۆچوون و فەلسەفەکان لە بابەتی غەیبدا تێکەڵ دەکات، دەیباتە سەر ڕێگایەک کە هاوەڵی ڕێزدار ئیبن عەبباس (ڕەزای خودایان لێ بێت) هۆشداریی لێ داوە و فەرموویەتی: "هەرکەسێک شوێن بۆچوونێک بکەوێت لە کتێبی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نەبێت، سەری لێ دەشێوێت و کاتێک بە لیقای خودا گەشت، نازانێت لەسەر چ ڕێگەیەک بووە.»[1]

٣. ئەم فەلسەفانە و بانگەشەی بە ئیسلامیکردن دەرگای خستووەتە سەر پشت بۆ ئەهلی بیدعە و ڕابەرانی گومان و چەواشەکاری، وای لێهاتووە لە ڕیزی ئەو هونەرانەی موسڵمانان ڕاهێنانی لەسەر دەکەن: هونەری سوودوەرگرتن لە وزەی تیشکەکانی (لا إله إلا اللّٰه)! هونەری سوودوەرگرتن لە وزەی «ناوە جوانەکانی خودا!» و خولەکانی بەدەستهێنانی کارە موعجیزەئاساکان! و خاوەندارییێتی چەند جۆرە کارێک کە بەکەرامات ناسراوە! هەروەها پەرەپێدانی توانای زانینی غەیب و بەدەستهێنانی «ئیلهام» و (فیراسەت - Physiognomy) لە ڕێگەی کۆرسی گرافۆلۆژی (Graphology) و کۆرسەکانی مێدیتەیشن و یۆگا. هەروەها خولی خوێندنەوەی ڕووناکی کە بەحیساب تواناییەکی وا دەدات بە فێرخواز وەک توانایی پێشەوا شافعی (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) لە بەهێزی لەبەرکردندا، بە شێوازێک لە ماوەی سێ ڕۆژدا دەتوانێت هەموو قورئان لەبەر بکات! و ئەو خولانەی کە توانای تێپەڕاندنی بەربەستەکانی کات و شوێن «گەشتکردن لە دەرەوەی جەستە» بە فێرخوازان دەبەخشێت، ئەو خولانەش کە تواناییەک بە فێرخواز دەبەخشن ئەوەی بیەوێت لە قەدەر و چارەنووسەکان بەدەستبهێنێت، جا هاوسەر بێت یان کوڕ، یان پارە یان سەرکەوتن، لە ڕێگەی ڕاهێنانی تایبەتەوە کە بۆ ماوەی (٢١) ڕۆژ ئەنجام دەدرێت پاشان موفاجەئە ڕوودەدات و

---

(١) پێشەوا داریمی لەسونەنەکەیدا گێڕاویەتییەوە بە ژمارەی (١٦٠) .

ئەنجامەکانی سەرسوڕهێنەر دەبن! هەروەها کۆرسی ڕاهێنان لەسەر لێهاتوویی پەیامە ڕۆحییەکان لە ڕێگەی هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ نائاگاهی(اللاواعي) بۆ پەرەپێدانی تواناکانی گفتوگۆکردن لە دوورەوە کە وا لە خاوەنەکەی دەکات بتوانێت پەیامێک بە درێژایی هەزاران کیلۆمەتر بنێرێت، وەک لە چیرۆکی «ئەی ساریە ئاگاداری شاخەکە بە» هاتووە![1]

هەرچەندە زۆرێکیان بڕە پارەیەکی ئێجگار زۆریان داوە و لەو خولانە هیچیان دەستکەوتن جگە لە بڕوانامەیەک، لەگەڵ تێکچوونی پڕۆگرامی هزری و دڵێک کە پڕ بووە لە شوبهە و گومان، بەڵام هێشتا ڕاهێنەران ئامۆژگاری سەبرگرتن لەسەر ڕاهێنانەکان بەپێی کات و ماوەی خۆیان دەکەن، لەگەڵ ئەو قەناعەتەی کە ئەوانە بیرۆکەی بەسوود و حیکمەت و دانانی ناوازەن! هەندێکیان پەشیمان بوونەتەوە دوای ئەوەی بە چاوی خۆیان پووچەڵی و باتڵییەکەیان بینی.

بانگەشەکەرانی ئەم ڕاهێنان و پراکتیزانە کە شتێک لە بەرهەمەکەیان بینیوە، پێیان وایە ئەوەی بەدەستیان هێناوە لە ئازایەتی و زیکرەکی خۆیان و بەهۆی دۆزینەوەی توانا شاراوەکانیان(القدرات الكامنة) بووە و بێئاگان لە کاریگەریی جیهانی فریشتە و جنۆکەکان و تاقیکردنەوەی خودا بۆیان، حاڵیان لەم دۆزەدا وەکوو حاڵی فەیلەسووفانی ئیسۆتێریک(باطنی) وایە ئەوانەی پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) دەربارەیان فەرموویەتی: "فەیلەسووفانی

---

(١) سەرنج بدەن، ئەوان وا دەزانن هەموو کارێکی موعجیزەئاسا بەدەست دەهێنرێت، بەڵکوو زیاتر و زیاتر بەلاڕێداچوون و توویانە دەکرێت: پێغەمبەرایەتی و خودایی (الألوهية) بە دەست بهێنرێت! گومانی تێدا نییە ڕەنگە هەندێکیان بگەنە بەشێک لەو شتانەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵام دەبێت بزانرێت هێزی سیحر و جنۆکە هێزگەلێکن کە نابێت بە کەم سەیر بکرێن. لەبەرانبەردا هەرکەسێک ژیانی دوای مردنی لەبەرچاو بێت، شەرعیش ڕێباز و مەنهەجی بێت، بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا ئامانجی بێت، پێویستە بەدوای بەردەوامبوون(الاستقامة) دا بگەڕێت نەک کەرامات، هیچ هۆکارێکیش بەکارنەهێنێت ئیللا ئەوە نەبێت پەروەردگاری بۆی دیاریی کردووە و پێی ڕازییە، لەسەر یاسای «جیاوازی کردن لەنێوان ئیرادەی کەونی و ئیرادەی شەرعی».

باطنی فریشتە و جنۆکە بە هێزی نەفسی لێکدەدەنەوە ... لێکدانەوەکانیان بە عەقیدەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) کۆتایی هات؛ لەم دەرگایە چوونە ژوورەوە و لە چوارچێوەی هەموو عەقڵ و ئایینێک چوونەدەرەوە."(١)

٤. ئەم خولانە وایکردووە زۆرێک لە بەشداربووانی پشت لە ڕێگەپێدراوەکان بکەن بەهۆی ئەم ڕاهێنان و فێرکارییە قەدەغەکراوانە پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) دەربارەیان فەرموویەتی: "حاڵی جەستە وایە ئەگەر برسی بێت پاشان لە خواردنێک پێویستی خۆی پڕکردەوە عادەتەن خواردنی دیکە ناخوات و لێی بێ پێویست دەبێت، خۆئەگەر لەبەر چڵێسی لێشی بخوات ئەوە بە ماندوویی و ئازارەوە دەیخوات، هەندێک جاریش ئەو خواردنە زیادەیە زیانی پێ دەگەیەنێت، یان بەلایەنی کەمەوە هیچ سوودێکی لێ نابینێت و نابێتە هۆی سوودگەیاندن بە جەستە، سروشتی مرۆڤ وایە ئەگەر بەشێک لە پێداویستییەکانی لە کارە ناشەرعیەکان وەربگرێت، ئەوە ئارەزووی بۆ کارە شەرعی و ڕێگە پێدراوەکان کەم دەبێتەوە بە ئەندازەی ئەوەی چەنێک لە شوێنگرەوە ناشەرعییەکە بەکاردێنێت، بەپێچەوانەی ئەوەی گرنگی و حەز و ئارەزووەکانی ڕووکردووەتە کارە شەرعی و ڕێگە پێدراوەکان، ئەم کەسە خۆشەویستی و مەحەبەتی بۆ کارە شەرعییەکان زیاتر دەبێت و تەواو سوودی لێ وەردەگیرێت، سەرئەنجام دینداری و ئیسلامەتی کامڵ دەبێت."(٢)

ئەگەر هیچ خراپەیەک لە پشت فێرکاری و بەکارهێنانی ئەم فەلسەفانەوە نەبێت جگە لە پشتکردن لە کارە شەرعی و ڕێگە پێدراوەکان و ڕووکردنە ناشەرعی و قەدەغە کراوەکان ئەوەندەی بەسە بۆ خراپی و ترسناکی، ئێمە لە خێر و سەلامەتیداین تا ئەو کاتەی بە چارەسەرەکانی قورئان و سوننەت چارەسەری جەستەمان بکەین -لەگەڵ ڕێگەپێدانی چارەسەرکردن بە هۆکارە

---

(١) مجموع الفتاوى، ابن تيمية (٢٣٩/١٣) .

(٢) اقتضاء الصراط المستقيم, ابن تيمية (٥٤٣/١) .

دونیاییەکان بە مەرجێک هۆکاری حەقیقی بن، شتێک بێت حەرامکراو بێت لەسەرمان- بە بەردەوامیش تاکە چارەسەر بۆ ڕۆح و ئەفکارمان ئەوەیە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، ئەوە دوای دڵمانە، ڕووناکی چاومانە، و بە بەردەوامی ڕێگاکانی دۆستایەتی و پەیوەندیکردن لە سەرچاوە سازگارەکانیانەوە وەردەگرین و چاوەڕوانی پاداشتی گەورەی شوێنکەوتنین.

لێرەوە حوکمدان لەسەر ئەم فێرکاری و ڕاهێنان و پراکتیزانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە، -دوور لە ساختەکاری ئەو کەسانەی کە سەرسامن بە هەناردەکراوەکان، تەنانەت ئەگەر چاکەکار و ئەهلی دەعوەش بن- یان بێدەنگییەک خاوەنەکەی ڕزگار بکات لە ڕۆژی دواییدا.

ڕێگاکە لەم ڕاهێنان و پراکتیزانەدا سەخت و مەترسیدارە، سەرەتاکەی چوار ئاستی (بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانی دەماری - NLP)یە، عادەتەن هەموو حەقیقەتەکە لەم ئاستانەدا دەرناکەوێت (بەتایبەت ئەگەر ڕاهێنەر موسڵمان بێت و پێداگربێت لەسەر بە ئیسلامیکردن)، بەڵام پاش ئەوەی نەفسەکان ڕاهاتن و ئارەزووی خۆیان لێ وەرگرت کۆتاییەکەی لە کۆرسەکانی «وزە» و «هۆنا» و «شامانیزم»ەوە سەر دەردەکات کە فێرخواز و بەشداربووان بەرەو دەرچوون لە هەموو عەقڵ و ئایینێک دەبات، وەک ئەوەی بەسەر فەلاسیفەی دێرین -یان هەندێکیان- دا هات.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم ئەفکارە هەناردەکراوانە لە سەرەتاوە ترسناکییەکەی دەرناکەوێت وەک هەموو بیدعە و گومڕاییەک، "شەیتانەکانیش بەشێوازێک خۆیان نمایش دەکەن کە ئینکارییان لێ نەکرێت"[1] یەکێک لە پێشینانی چاک (ڕەحمەتی خودایان لێ بێت) فەرموویەتی: "کاتێک لەگەڵ گومانسازێک (بیدعەچییەک) دادەنیشیت ئەگەر لەسەرەتاوە باسی بیدعەکەی

---

(١) بڕوانە: النبوات، ابن تیمیة (٢/٨٢١) .

بکات تۆ خۆتی لێ بەدوور دەگریت و لێی هەڵدێیت، بەڵام ئەو لەسەرەتای مەجلیسەکەدا فەرموودەکانت بۆ باس دەکات، پاشان بیدعەکەی دەخاتە ناو دڵت، ڕەنگە بە دڵتەوە بچەسپێت، باشە ئیتر کەی لە دڵت دێتەدەرەوە ؟"(١)

هەروەها تەکنیکەکانی ئەم ڕاهێنان و ئەپلیکەیشنانە بە وردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، وەک هەموو پرۆگرامەکانی بزووتنەوەی سەردەمی نوێ کە بازارگەرمییان بۆ دەکرێت، جگە لەمەش مەنهەجی باطنی پەیڕەو دەکەن، کە ئیمامی غەززالی (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) دەربارەی بنەماکانیان فەرموویەتی: "یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی مەنهەجی باطنییەکانە و بریتییە لە، تەقدیسکردنی دووڕوویی و درۆ و فێڵکردن! یەکێک لەو ڕێنمایە گرنگانەی کە هەموو بانگخوازێکی باطنی دەبێت پەیڕەوی لێ بکات ئەوەیە لەگەڵ هەر کەسێک قسەیکرد وای نیشان بدات هاوڕایەتی و بە تەواوی عەقیدەکەی پێ پەسەندە، بەڵکوو زیادەڕۆیی لەو عەقیدەدا بڕازێنێتەوە بۆ کەسی بەرانبەر، وای نیشان بدات ئەم زۆر پێداگرترە لە پابەندبوون پێیەوە."(٢)

بەو پێیەی سەرچاوە و بنەمای عەقەدیی ئەم ئەفکارە هاوردەکراوانە لای زۆربەی موسڵمانان نەزانراوە، بەو پێیەش ڕووکەشەکەی سەرنجڕاکێشە و لەخۆگری خێر و چارەسەرێکە بۆ کێشە تەندروستییە چارەسەرنەکراوەکان، کۆمەڵێک موسڵمان دەستیان کرد بە فێربوون و مومارەسە و پراکتیزەکردن و ڕاهێنان لەسەر ئەم فێرکاری و ڕاهێنان و ئەپلیکەیشنانە - ئەوانەی ڕووکەشیان خێر و سەڵاحە - بە بیانووی بەدەستهێنانی زانست و زانیاری زیاتر و بەدواگەڕانی حیکمەت و دانایی، بێئاگا لەو مەنهەجە حەقەی بە فەرموودەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئاماژەی پێ کراوە، کە تیایدا لە عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خودای لەسەر بێت) تووڕە بووە کاتێک هاوشێوەی ئەم گومانەی برد، لە چیرۆکە

---

(١) الإبانة الكبرى، ابن بطة (٢/٤٤٤) .

(٢) فضائح الباطنية، الغزالي (ص:٣٠) .

ناسراوەکەدا کە یەکێک لە هاوەڵان (ڕەزای خودای لەسەر بێت) دەیگێڕێتەوە و فەرموویەتی: "لەلای عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) دانیشتبووم، کابرایەکی هۆزی (عبد القیس) هێنرا بۆ لای کە خەڵکی «سوس» بوو، عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) پێی فەرموو: تۆ فڵانی کوڕی فڵانیت؟ کابراش وتی: بەڵێ. عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) بە گۆچانەکەی هەندێکی لێدا، کابرا وتی: ئەی پێشەوای باوەڕدارن چ هەڵەیەکم کردووە؟ عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) پێی فەرموو :دانیشە. کابراش دانیشت. عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) فەرمووی: بِسمِ اللَّهِ الرَّحمنِ الرَّحيمِ ﴿الر ۚ تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ ۞ إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ۞ نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَٰذَا الْقُرْآنَ وَإِنْ كُنْتَ مِنْ قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ﴾ [يوسف:١-٣] سێ جار بۆی خوێندەوە و سێ جار لێی دا، کابرا وتی: ئەی پێشەوای باوەڕدارن چ هەڵەیەکم کردووە؟ عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) پێی فەرموو: تۆ ئەو کەسەی کتێبەکانی «دانیال»ت کۆپی کردووە؟ وتی: فەرمانم پێ بکە با جێبەجێ بکەم، عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) پێی فەرموو: بڕۆ بە ئاوی گەرم و خوری سپی بیسڕیەوە، ئینجا خۆت مەیخوێنەوە و بۆ هیچ کەسێکی دیکەشی نەخوێنیتەوە، خۆ ئەگەر ببیستم جارێکی دیکە خۆت خوێندوودەتەوە یان کەسێکی دیکەت فێرکردووە ئەوە سزایەکی پشتشکێنت دەدەم. پاشان عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) پێی فەرموو: دانیشە. کابراش دانیشت. عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) فەرمووی: منیش کاتی خۆی نووسراوێکی ئەهلی کیتابم کۆپی کرد لەسەر پارچە چەرمێک پاشان بردم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: «مَا هٰذَا بِيَدِكَ يَا عُمَرُ؟» «ئەی عومەر ئەوە چییە بە دەستەوە؟» منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) پەڕاوێکی ئەهلی کیتابە کۆپیم کردووە بۆئەوەی زانیاری لێ وەربگرم. پێغەمبەر (ﷺ) تووڕە بوو هەتاکوو ڕوومەتی سووربوویەوە، پاشان خەڵکی بانگکرد بۆئەوەی لە مزگەوت کۆببنەوە، ئەنصارییەکان وتیان:

پێغەمبەر (ﷺ) تووڕە بووە، شمشێرەکانتان هەڵبگرن، پاشان هەموویان هاتن و لە دەوروبەری مینبەرەکەی دانیشتن، پێغەمبەر (ﷺ) چووە سەر مینبەر و فەرمووی: «يا أيها الناسُ إني أُوتيتُ جوامعَ الكَلِمِ وخواتيمَه واختُصِرَ لي اختصارًا ولقد أتيتُكم بها بيضاءَ نقيَّةً ولا تتهوَّكوا ولا يغرَّنَّكُم المُتهَوِّكونَ ؟» «ئەی خەڵکینە بێگومان وتەی پوخت و پڕواتام پێدراوە، گشت وتە جوانەکانم بە کورت و پوختی پێ بەخشراوە لەگەڵ واتای جوان و ڕازاوە، ئەم پەیامە جوانەم بە پاکی و دوور هەموو کەموکووڕتی و خەوشێک بۆ هێناون، سەرگەردان و هەڵەشە مەبن، هەڵەشە و سەرلێشێواوان لە خشتەتان نەبن.» عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) فەرمووی: منیش وتم: ڕازی تەنیا (اللّٰه) پەرستراو و مەعبودی من بێت، ئیسلامیش ڕێباز و دەستووری ژیانم بێت و تۆش پێشەوا و پێغەمبەرم بیت. پاشان پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر مینبەرەکەی هاتە خوارەوە.[١]

## گفتوگۆی دیارترین گومانەکان:

زۆرێک لە هەوادارانی پراکتیزەکردن و جێبەجێکاری ئەم ڕێبازە هەناردەکراوانە و چارەسەر و وەرزش و کۆرسەکانیان هەندێک بیانوو و گومان باس دەکەن، لێرەدا -لە کۆتایی ئەم پەرتووکەدا- بەکورتی لەسەریان دەوەستین، ڕوونکردنەوەی پێویست دەخەینەڕوو لەسەر دیارترین ئەو بیانووانەی کردوویانە بە پاساو بۆ شوێنکەوتنی ئەم ئەفکار و ڕێبازانە و ئەو پاساوانەی بوونەتە شوبهە و گومان لەلای موسڵمانانی ئاسایی.

---

(١) پێشەوا ئەبوو یەعلا لە خالیدی کوڕی عەرفطەوە گێڕاویەتیەوە، لە سەنەدەکەیدا لاوازییەک هەیە، بەڵام کۆمەڵێک شاهێدی دیکەی هەیە، هەموو ڕێگەکان وا دەخوازێت ئەم چیرۆکەبنەمایەکی سەحیحی هەبێت، ئەمە وتەی پێشەوا ئیبن حەجەرە(فتح الباري ٦٤٣/١٣) و لە(المطالب العالية بزوائد المسانيد الثمانية ٣٨٤٨)گێڕاویەتیەوە.

یەکەم: دەڵێین: ئەم زانستانە لە زۆر جێگەدا لەگەڵ ئەوەی لە دەقەکانی ئایینەکەمان یان لە ژیاننامەی هاوەڵان و پێشینان چەسپاوە، یەک دەگرنەوە:

حەقیقەتی بابەتەکە ئەوەیە ئەوان ئاڵاون بە کۆمەڵێک دەقی قورئان و فەرموودەوە کە بەشێوازێکی دروست لێی تێنەگەشتوون، ئەم فاکتەرە وای لێکردوون بکەونە ناو هەڵە گەورەیە کە یەکێکە لەو سێ هۆکارەی کە پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) باسی کردووە، و فەرموویەتی: ((بنەمای ئەو کەسانەی پێچەوانەی سوننەت دەکەن بەهۆی شتانێک کە وەک ئارگیومێنت و بەڵگە دەیبینن سێ هۆکارە: یان کردنە بەڵگەی قیاسێکی هەڵە و بێبنەمایە، یان ڕیوایەتێکی درۆ و هەڵبەستراو، یان ورتەورت و چەواشەکاری شەیتانییە."[١] وتەکانی خودای گەورە: ﴿أَفَلا يُبْصِرُوْنَ﴾ [السجدة:٢٧]، ﴿لا يَشْعُرُوْنَ﴾ [يوسف:١٠٧] و ﴿أَفَلا يَسْمَعُوْنَ﴾ [السجدة:٢٦] وەک بەڵگەیەک وەردەگرن لەسەر ئەوەی مرۆڤەکان لە سێ جۆرن، ئەوانیش: بیسەری (سمعيون)، بینەری (بصريون)، هەستەکی (حسيون) و هەر جۆرێکیان تایبەتمەندی دەروونی و سیفاتی کەسایەتی تایبەت بەخۆی هەیە!

لە حەقیقەتدا ئەوان تەنیا شوێن گریمانە و گومان کەوتوون، گومان و گریمانەش مرۆڤ لەڕاستی بێنیاز ناکا و جێی حەقیقەت ناگرێتەوە.

هەروەها وتەی پێغەمبەر (ﷺ): «لَيْسَ مِنَ امْبِرِّ امْصِيامُ فِي امْسَفَر» «لە خێر و چاکە نییە ڕۆژوو گرتن لە سەفەردا.» لە وەڵامی کەسێکی دەشتەکی کاتێک پرسیاری لێ کرد (هَلْ مِنَ امْبر امْصِيامُ فِي امْسَفَر؟) "ئایا ڕۆژووگرتن لە سەفەردا خێرە؟" دەکەنە بەڵگە لەسەر تەکنیکی پرۆگرامسازی لێکنزیبوونەوە (تقنية الألفة البرمجية) کە بە هاوتابوون و ڕێککەوتنی کەسەکێک لە زمان و جووڵە و بەرزیی دەنگی و خێراییی هەناسەدانی دەست پێ دەکات، بۆئەوەی

---

(١) مجموع الفتاوى، ابن تيمية (٢٥٩/١٣) .

لەم ڕێگەیەوە بچێتە ناو عەقڵی شاراوەیەوە(العقل الباطن) و بەنهێنی کاریگەری لەسەر دروست بکات، ئیتر لێرەوە ڕێبەرایەتی بکات و ئاراستەی بکات بەبێ بەرهەڵستیی عەقڵ بەهۆی کاریگەری لە عەقڵی شاراوەی.

چیرۆکی سەبر و خۆڕاگریی بیلال (ڕەزای خودای لێ بێت) و دووبارەکردنەوەی (أَحَدٌ، أَحَدٌ) وەک بەڵگەیەک وەردەگرن بۆ شەرعیەتدان بە مێدیتەیشنی زاڵ (التأمل التجاوزي) و کاریگەری »مانترا»!

هەروەها چیرۆکی عورەوەی کوڕی زوبەیر (ڕەزای خودای لێ بێت) کاتێک چووە ناو نوێژەوە و قاچیان بڕییەوە [ئەویش لەبەر سەرقاڵی بە نوێژەکەیەوە ئاگای لەوە نەبوو قاچیان بڕیوەتەوە] دەکەنە بەڵگە بۆ شەرعیەتدان بە مێدیتەیشنی باڵا و بەرزبووەوە (التأمل الارتقائي(!

چیرۆکی ئەبوو دوجانەش (ڕەزای خودای لێ بێت) کاتێک لە کاتی جیهاد و تێکۆشاندا پەڕۆیەکی سووری دەبەستە نێوچاوانیەوە دەکەنە بەڵگە لەسەر ئەوەی هاوەڵان (ڕەزای خودایان لێ بێت) پراکتیزەی فەلسەفەی «چاکراکان» و «کاریگەریی ڕەنگەکان لەسەر نەفس»یان کردووە! جگە لەمانەش، لەم شێوازە بەڵگەهێنانەوەیە لە کۆرسەکانی ڕاهێنەرانی موسڵمانی هەڵخەڵەتاو ئێجگار زۆرن و لێکۆڵینەوە و پووچەڵکردنەوەی هەموویان . لەم پەرتووکە کورتەدا . کارێکی گرانە، خۆئەگەر بە تێڕوانینێکی ئایینی و پاشخانێکی شەرعییەوە لێیان بڕوانی سەرت سوڕدەمێنێت لەو زێدەڕۆیی و تێگەیشتنە ناسازە بۆ دەقەکانی قورئان و فەرموودە و ژیاننامەی پێشینان.

بەڵام حەقیقەتەکە ئەوەیە بەشێکی زۆری ئەو بابەتانەی لەناو ئەم ئەفکارە هەناردەکراوانە و ڕاهێنان و بەکارهێنانەکانیاندا هەیە، پێچەوانەی ئایینن و دژایەتی دەکەن، ئەگەر لە هەندێک کەسیش تێکەڵ ببن بەهۆی ئاوێتەبوونیان بە هەندێک لەو شتانە لەگەڵ ئاییندا دەگونجێت و عەقڵی سادەش پەی

پێ دەبات، وەک زانراوە عەقڵ لە جیهانی بینراودا بە حەقیقەت دەگات، ئەم ڕاهێنان و بەکارهێنانانەش تێکەڵن بە تیۆر و حەقیقەتە زانستییە ڕاستەکان کە لە سەرچاوە زانستییە دروستەکانیان لە زانستی دەروونناسی و بەڕێوەبردن و ئەوانی تردا هەن. ئەوەی لەم فێرکاری و بەکارهێنانەدا گونجاو بێت لەگەڵ ئایین، ئەوە ئەو بەشەیە کە عەقڵی سادە پێی دەگات لە جیهانی بینراودا.

ئەو موسڵمانەی شانازی بە ئایینەکەی دەکات و بەهۆیەوە شکۆدار و مەزنە، لە بابەتی ژیان و جیهانی بینراودا عەقڵی خۆی دەخاتەکار، بەتایبەت لەو بابەتانەی وەحی وەردەکارییەکەی باس نەکردووە و هانی داوە عەقڵی بخاتە کار و بیری لێ بکاتەوە، بەڵام لانادات لەو وەحییەی لەلای خوداوە بۆی نێردراوە، نەقڵ -دەقەکانی قورئان و فەرموودە- لەلای ئەو پێشخراوە بەسەر عەقڵدا، لەبەر ئەگەری لاوازیی عەقڵ و تێکچوونی دەلالەت و گوزارشتەکەی. لێرەوە خۆشحاڵیی باوەڕدار بە نیعمەتی پەیامی خودایی ئێجگار گەورەیە، ناردنی پێغەمبەران عەقڵ بێپێویست دەکات لە مەترسییەکانی ئەزموون بینین لە واقیعدا، لە ئەزموونکردن و زانینی ئەوەی چ شتێک زیانبەخشە و چ شتێک سوودبەخشە، هەر بۆیە ئەم ئایەتە پیرۆزە وەک ڕێنمایی ئیلاهیی دابەزی: ﴿فَاسْتَمْسِكْ بِالَّذِي أُوحِيَ إِلَيْكَ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ [الزخرف:٤٣] «بەتوندی دەست بگرە بەو پەیامەی بۆت ڕەوانەکراوە، بێگومان تۆ لەسەر ڕێباز و ڕێگەی ڕاستی» هەروەها ڕێنمایی پێغەمبەر (ﷺ): «تَرَكْتُ فِيكُمْ مَا إِنْ تَمَسَّكْتُمْ بِهِ لَنْ تَضِلُّوا بَعْدِي أَبَداً: كتابَ اللّهِ وَسُنَّتِي» «دوو شتم بۆ بەجێهێشتوون، ئەگەر دەستی پێوە بگرن، هەرگیز گومڕا نابن، ئەوانیش: قورئان و سوننەتی منن»[1]، لە نووری ئەم فەرموودەیەوە پێشینانی چاک فەرموویانە: "پێویستە موسڵمان پابەند بێت

---

(١) پێشەوا مالیک لە(الموطأ)ـدا گێڕاویەتییەوە بە ژمارەی (٢٦١٨)، ئەلبانیش لە(السلسلة الصحيحة) بەژمارەی (١٧٦١) هێناویەتی، لە(صحيح الجامع الصغير)دا بەژمارەی (٢٩٣٧) سەحیحی کردووە.

بە قورئان و سوننەتەوە، هەوڵ بدات بە دڵنیاییەوە بزانێت پێغەمبەر(ﷺ) چی فەرمووە و فەرمانی بە چی کردووە؟ لەو کاتەشدا نابێت واز لە بابەتە ڕوون و چەسپاوەکان(المحکم المعلوم) بهێنێت بۆ بابەتە ناڕوون و گوماناوییەکان (المتشابە المجهول)، نموونەی ئەوەی واز لە ڕوون و چەسپاوەکان دێنێت لەپێناو ناڕوون و گوماناوییەکان، وەک کەسێک وایە بچێت بۆ شاری مەککە لەسەر ڕێگایەکی ناسراو کە بێگومان دەیباتە ناو مەککە -ئەگەر ئەو ڕێگەیە بیگرێتە بەر-، بەڵام لەو ڕێگەیە لابدات بۆ ڕێگایەکی نادیار کە نە شارەزایەتی و نە کۆتاییەکەشی دەزانێت. ئەمە نموونەی ئەو کەسانەیە کە لە ڕێبازی قورئان و سوننەت لایانداوە بۆ قسەی کەسانێک کە نازانن لەگەڵ قورئان و سوننەت کۆکن یان پێچەوانەن. سەبارەت بە ئەو کەسانەی پێچەوانەی قورئان و سوننەت دەکەن، ئەوە وەک کەسێک وایە لەسەر ڕێگەیەکی زانراو بۆ شاری مەککە بچێت، دواتر بچێتە سەر ڕێگەی قوبرس بە ئومێدی ئەوەی بگات بە مککە! ئەمە حاڵی کەسێکە پشتی کردووە لە بابەتە ڕوون و چەسپاوەکان لە قورئان و سوننەت لەپێناو وتەی فڵان و فیسار جا هەر کەسێک بن، هەموو کەسێک لە وتەکانی وەردەگیرێت و لێشی ڕەد دەکرێتەوە ئیللا پێغەمبەر (ﷺ) نەبێت، ئا لەم بابەتە ئەوەندە شتی سەرسوڕهێنەرم بینیوە مەگەر خودا خۆی بزانێت چەندە!"[1]

ئەگەر وادابنرێت فێرکاری و پراکتیزەکردنی ئەم عەقیدە و ڕێبازانە لەگەڵ ئیسلامدا دەگونجێت، خۆ وەرگرتن و قەبووڵکردنیان بریتییە لە گۆڕینەوەی شتی ڕەسەن و باش بە شتی بێبایەخ و ناڕەسەن و خراپ و پشتکردنە لە بابەتە شەرعی و ڕێگە پێدراوەکان، خودی ئەم کارەش خەسارتەمەندییەکی ڕوون و ئاشکرایە، پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "حاڵی جەستە وایە، ئەگەر برسی بێت پاشان لە خواردنێک پێویستی خۆی پڕکردەوە، عادەتەن خواردنی دیکە ناخوات و لێی بێپێویست دەبێت. خۆ ئەگەر لەبەر

---

(١) مجموع الفتاوى، ابن تيمية (٢٥٩/١٣) .

چڵێسی لێشی بخوات، ئەوە بە ماندوویی و پێناخۆشبوونەوە دەیخوات. هەندێک جاریش ئەو خواردنە زیادەیە زیانی پێ دەگەیەنێت، یان بە لایەنی کەمەوە هیچ سوودێکی لێ نابینێت و نابێتە هۆی سوودگەیاندن بە جەستە، سروشتی مرۆڤ وایە ئەگەر بەشێک لە پێداویستییەکانی لە کارە ناشەرعییەکان وەربگرێت، ئەوە ئارەزووی بۆ کارە شەرعی و ڕێگە پێدراوەکان کەم دەبێتەوە بە ئەندازەی ئەوەی چەندێک لە شوێنگرەوە ناشەرعییەکە بەکاردێنێت، بەپێچەوانەی ئەوەی گرۆتین و حەز و ئارەزووەکانی ڕووکردووەتە کارە شەرعی و ڕێگە پێدراوەکان، ئەم کەسە خۆشەویستی و مەحەبەتی بۆ کارە شەرعییەکان زیاتر دەبێت و تەواو سوودی لێ وەردەگیرێت، سەرئەنجام دینداری و ئیسلامەتی کامڵ دەبێت."[١]

دووەم: ئەم ڕاهێنان و فێرکاری و جێبەجێکاریانە لە بابەتی دونیاییە، شوێنکەوتن و بەکارهێنانی لەژێر بابەتی «أَنْتُمْ أَعْلَمُ بِأُمُورِ دُنْيَاكُمْ- خۆتان شارەزاترن بە کاروباری دونیاتان»[٢] شوێنی دەبێتەوە:

ئەم ڕستەیە بەشێکە لە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە چیرۆکە ناسراوەکەی پیتێنکردنی دارخورما هاتووە، تێگەیشتنەکەی دەبێت لە ژێر ڕۆشنایی چیرۆک و سیاق و کۆنتێکستی گونجاوی خۆیدا بێت نەک بەپێی حەزو و ئارەزوو. بابەتی دونیامان بریتییە لە بابەتی پیشەساز و کشتوکاڵ و هەموو ئەو پرسانەی تر کە پەیوەندییان بە بابەتە دونیاییەکانەوە هەیە وەک: بەڕێوەبردن، پلاندانان، تەکنەلۆژیا، گواستنەوە، پەیوەندییەکان، تەکنیک و هاوشێوەکانی، ئەمما بابەتەکانی پەروەردەی نەفس، بژاری دەروون، پاکژکردنی ئاکار و ئەخلاق و گرنگیدان بە ڕۆحمان، ئەمانە لەو بابەتە ئایینیانەن کە خودا بە ڕێبازێکی کامڵی گشتگیری سوودبەخش موحەممەدی (ﷺ) پێ ڕەوانە کردووە. هەر وتەیەکی تر جگە لەمە، یان لە بێئاگایی لە گەنجینەکانی دوو وەحییەکە (قورئان و فەرموودە)

---

(١) اقتضاء الصراط المستقيم, ابن تيمية (ص:٤٨٣).

(٢) بەشێکە لە فەرموودەیەکی درێژ پێشەوا موسلیم بە ژمارەی (٢٣٦٣) گێڕاویەتییەوە.

سەرچاوەی گرتووە، یانیش سنووردارکردنی مەفهوومی ئایینە لە ڕێوڕەسمی پەرستشدا. پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "هەندێجار زانست لە غەیری پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەدەست دێت، بەڵام لە بابەتە دونیاییەکانی وەک: پزیشکی و ژمێریاری و کشتوکاڵ و بازرگانیدا. ئەمما بابەتی ئیلاهی و زانستی ئایینی، ئەم پرسانە تەنیا لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەردەگیرێت، پێغەمبەر (ﷺ) شارەزاترینی خەڵکە لەو بارەیەوە، ئەو پێداگرترین کەسە خەڵک لەو بارەیەوە ئاگادار بکاتەوە و شارەزاترن کەسە و توانای ڕوونکردنەوەی لە هەمووان زیاترە."[1] خودای پەروەردگار منەت بەسەر بەندەکانیدا دەکات بەهۆی نیعمەتی کامڵکردن و کۆتاییهێنان بە دواهەمین ئایین: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ [المائدة:٣] «ئەمڕۆ ئایینی ئیسلامم بۆ کامڵکردن، هەرگیز پێویستتان بە زیادە نابێت بیهێننە ناو ئایینەکەتانەوە، نیعمەت و بەخششی خۆم تەواو ڕژاند بەسەرتاندا، بەوەی ئایینەکەم بۆ کامڵکردن و زاڵم کردن بەسەر بێباوەڕاندا، ئیسلامیشم بە بەرنامە و ئایین بۆ هەڵبژاردوون و نابێت هیچ کاتێک لێی لابدەن.» پێشینان (خودا لێیان ڕازی بێت) لەژێر ڕۆشنایی بنەما نەگۆڕەکاندا لە هەموو زانستەکان دەکۆڵییەوە، تەنانەت ئەو زانستانەش کە لە بنەڕەتدا بێلایەنن؛ لە زانستی کشتوکاڵدا ئەوەی پەیوەندی بە چاندن و تۆوکردن و گەشە و پێگەیاندن و هاوشێوەکانەوە هەبوو وەریانگرت، لەبەرانبەردا پشتییان لە هەموو ئەو شتانە کرد کە پەیوەست بوو بە تایبەتمەندییە ڕۆحییەکان کە گوایە پەیوەندی بە ڕووەک و خۆراک دەکەن لە شێوەی ڕۆحانییەتی هەسارەکان، بەم شێوازە مامەڵەیان لەگەڵ هەموو زانستە بێلایەنەکانی دیکەدا کرد، بەڵام هەرگیز لە بەختگرتنەوە و فاڵچییێتی و سیحردا دەرنەکەوتن، هەوڵیان نەدەدا سوودێکی لێ وەربگرن و لەگەڵ ئایینددا

---

(١) مجموع الفتاوى، ابن تيمية (١٣/١٣٥).

بگونجێنن.[١]

سێیەم: کردنە بەڵگەی ئەم وتە بەربڵاوە (اطْلُبُوا العِلْمَ وَلَوْ فِي الصِّيْنِ) بەدوای زانستدا بگەڕێن ئەگەر لە چینیش بێت:

ئەم وتەیە یەکێکە لە وتە جوان و دانسقەکان و واتاکەیشی ڕاستە؛ عیلم و مەعریفەت لە هەر شوێنێک بێت وەردەگیرێت، گەشت (الرِّحْلَة)یش بۆ گەڕان بەدوای عیلم و مەعریفەدا گەشتێکی پیرۆزە، بەڵام پێویستە پێوەرێک دابنرێت کە زانست و مەعریفەت ڕێک بخات. هەموو عیلمێک ناخوێنرێت و وەرناگیرێت، بەڵکوو دەبێت عیلمێکی بەسوود و ڕاست و دروست بێت، نابێت

---

(١) جەنابی مامۆستا «عبدالرحمان ئەلمەحموود» وەڵامی ئەم گومانەی داوەتەوە لە دیبەتێکی گشتی لەنێوان لایەنگرانی (NLP) و ڕەخنەگرانی کە لە ناوەندی بانگەواز لە ئەلنەسیم لە ڕیاز لە شەعبانی ساڵی ١٤٢٤ی کۆچی بەڕێوەچوو، لە بەشێک لەوتەکانیدا دەڵێت: "ئێمە دەزانین ئەم پرۆگرامە لە بنەمای لادانی «فرۆید» و فلان و فلان سەرچاوەی گرتووە کە بە فێڵبازی و چەواشەکاری ناسراون، بۆیە دەبێت سەرلەنوێ پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت. نابێت ئەم وتەیەمان لێ تێکەڵ بێت "ڕاستی وەربگرە تەنانەت ئەگەر لەلای کافریشەوە بێت"، بەڵێ وەری دەگرین بەمەرجێک ئەگەر حەق بێت، پێغەمبەر(ﷺ) لە چیرۆکە ناسراوەکەی شەیتان فەرموویەتی: «ڕاستی پێی وتی، بەڵام خۆی زۆر درۆزنە.» چونکە شەیتان ڕاستی بە ئەبوو هورەیرە (ڕەزای خودای لەسەر بێت) وت و ئایەتەلکورسی ئایەتێکە لە قورئانی پیرۆز. بەڵام کاتێک عومەر (ڕەزای خودای لەسەر بێت) پارچەیەک لە تەوراتی بەدەستەوە بوو و هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) کە لەناویدا حەق هەبوو بە هەمان شێواز باتڵیشی تێدابوو، وەک لە ڕیوایەتەکانی بەنی ئیسرائیلدا زانراوە، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: «أَفِي شَكٍّ أَنْتَ يَا ابْنَ الْخَطَّابِ ؟! وَاللَّهِ لَوْ كَانَ مُوسَى حَيًّا مَا حَلَّ وَسِعَهُ إِلَّا أَنْ يَتْبَعَنِي» «ئایا گومانت هەیە ئەی کوڕەکەی خەتتاب؟! سوێند بە خودا ئەگەر مووسا زیندوو بووایە هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نەبوو ئیللا دەبوو شوێنم بکەوێت.» چیرۆکەکە ڕوونە لە بابەتی سوود وەرگرتن لە زانستە ڕۆژئاواییەکان، وەک: دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ئەوەی کە ڕەنگە (NLP)دا هەبێت، بەڵام نابێت قبووڵ بکرێت، پێغەمبەر(ﷺ) بە عومەری نەفەرموو: لە تەوراتەدا فلان و فلانە شتی حەقی تێدایە، تۆش ئەو حەقانە بخوێنەوە. نەخێر، وای پێ نەفەرموو، بەڵکوو بەیەکجاری ڕێگری لێ کرد، (NLP)یش پرۆگرامێکی گشتگیری تەواوکارە هەرکەسێک ئاستی یەکەمی بخوێنێت، ئاستی دووەم و سێیەمیش دەخوێنێت، پاشان هەنگاو دەنێت بۆ کۆتاییەکی مەترسیدار.

زانستێکی حەرام بێت لە خودی خۆیدا وەک: سیحر و فاڵچییێتی و بەختگرتنەوە و ئەستێرەناسی و ئەوەی پێی دەوترێت میتافیزیکی (الماورائیات) -کە غەیبیە و سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەی نییە- ئەو تایبەتمەندی و سروشتانەی کە بۆ بەرد و شێوەکان و نموونەی ئەمانە ئیدیعای دەکەن، یان زانستەکە حەرامە بەهۆی ئەو زەرەر و زیانەی کە سەری بۆ دەکێشێت، یان دەبێتە ڕێگر لە یاد و زیکری خودای مەزن، هەندێک لە زانایان فەرموویانە: "باش بزانە زانستێک ئەمڕۆ لە گوناهـ و تاوان دوورت نەخاتەوە و هانت نەدات بۆ عیبادەت و خواپەرستی، سبەی [لە ڕۆژی دواییدا] لە ئاگری دۆزەخ دوورت ناخاتەوە."[١]

واقیعی زۆرێک لەم زانستە هەناردەکراوانە دەرناچێت لەوەی باس کرا: ئەوەی پێی دەوترێت وزە و بەکارهێنان و لقەکانی ئەوەیە لە واقیعدا جگە لە جەهل و نەزانی و چەواشەکاری و گومڕایی و قسەی بێبنەما هیچی تر نییە، ئەگەر شتێکی سوودبەخشیشی تێدا بێت، ئەوە زۆربەی پێچەوانەی نەقڵی -قورئان و فەرموودە- سەحیح و عەقڵی سەلامەتە، ئایا دوای ئەمە پێی دەوترێت زانست؟! "بەشێک لە عیلم و زانست نەزانییە، بەشێک لە وتە لاڵییە، بەشێک لە بەیان و ڕوونکردنەوە سیحر و جادوویە."[٢]

چوارەم: بیانوو هێنانەوە بەم وتەیە "حیکمەت [مەعریفەت و خۆشارەزاکردن] موڵکی ونبووی باوەڕدارە، جا لە هەر شوێنێک بیدۆزێتەوە، ئەو لەپێشترە بۆیان لە هەرکەسێک دیکە".

ئەم وتەیە ڕاست و حەقە، بەڵام بەڵگە نییە لەسەر ڕێگەپێدان و پەسەندکردنی ئەم عەقیدە و ڕێبازانە و جێبەجێکارییانە، بەڵکوو پێویستە ئەمانە بە واتای دروستی حیکمەت لە ئایینەکەماندا بپێورێن، هەر شتێکی هاونەوابوو لەگەڵ

---

(١) أيها الولد, الغزالي (ص:٤٦) .

(٢) الاستقامة، ابن تيمية (١٦٠/٢) .

قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنێکی سەلامەت و قیاسێکی ڕاست و دروست، نەک بەزۆر پێوەنووساندن و تەئویلی ئارەزوومەندانە و باتڵ، ئەوە بێگومان حیکمەتێکی حەقە. حیکمەت وتە و کردارێک نییە کە بە ناوی حیکمەتەوە بڵاوبوونەتەوە لە نێو ئەو کەسانەی پێیان دەگوترا حیکمە یەکەمینەکان (الحكماء الأوائل) لە گۆشەگیر و ڕەبەنەکان!

بێگومان حیکمەت ونبووی ئیمانداره، بەدڵنیاییەوە لە تەواوترین شێوەی خۆیدا دەیدۆزێتەوە ئەگەر ڕوو لە سەرچاوەکانی ڕاستەقینەی حیکمەت بکات کە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرە (ﷺ).

ئەمما گومڕایی، بە هیچ شێوەیەک موڵکی ونبووی ئیماندار نییە، بەڵکوو سڵی لێ دەکاتەوە و خۆی لێ بەدوور دەگرێت. ئەوەی گرنگە حەقیقەتی شتەکانە نەک ئەو ئیدیعایانەی کە بۆی دەکرێت، گومڕایی و چەواشەکارییش تەنیا بە ناونانیان بە «حیکمەت» و لەبەرکردنی پۆشاکی حیکمەت نابن بە حیکمەت، حیکمەت ئەو شتەیە کە نەقڵ -قورئان و فەرموودە-ی سەحیح یان عەقڵی تەندروست بە حیکمەتی داناوە، بەڵام خاشاکی بیری خەڵک و ڕا و بۆچوونی سەرلێشێواوان و فەلسەفەی نەفرەت لێکراوان هەرگیز حیکمەت نییە، ساڵحان و چاکەکاران پێشەوای ئێمەن، پێشەوا ئەبوو سولەیمانی دارانی (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "جاری وا هەیە وتەیەکی گومڕایان دەکەوێتە دڵمەوە، بەڵام من وەریناگرم ئیللا بە شاهیدی دوو شاهیدەکە (قورئان و سوننەت) نەبێت.[١]

پێنجەم: دەڵێن: گرتنەبەری هۆکارەکان عیبادەتە، ئەم شتانەشی ئێمە بەکاریان دێنین تەنیا هۆکارگەلێکن:

ئەم وتەیە بەشێکە لە یاسایەکی دروست کە بریتییە لە «گرتنەبەری هۆکارەکان عیبادەتە و پشت بەستن بە هۆکارەکان شیرک و کۆیلایەتییە»،

---

(١) الفرقان بين أولياء الرحمان وأولياء الشيطان، ابن تيمية (٧٤/١) .

بێگومان ئەم وتەیە ڕاستە و یاسایەکی دروستە، بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی دروست ئاوڕێک لە هۆکار و بزوێنەری هۆکارەکان (الأسباب و المسببات) بدرێتەوە؛ لەبەرئەوەی زۆر کەس لەم بابەتەدا بەهەڵەدا چوون و گومڕا بوون. ئەوانەی ڕێنماییکراون تیایدا و حەقیان پێکاوە هۆکارێک ناچەسپێنن ئیللا لە ڕێگەی نەقڵێکی سەحیح یان عەقڵێکی تەندروستی صەریحەوە نەبێت، هۆکارە شەرعییەکانیش پێش دەخەن بەسەر ئەوانی تردا بەهۆی ئیمان و پشتبەستنی تەواویان بە پەروەردگاریان. پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) دەربارەی ئەم کەسانە فەرموویەتی: "باوەڕیان وایە خودا بەو شتە وەڵام دەداتەوە کە فەرمانی پێ کردوون لە کردەوەی چاک و نزا و پاڕانەوەی شەرعی و کردوویەتی بە هۆکاری هێز و توانای جەستە و ڕۆحەکان، گرنگی بەو وەهمانە نادەن کە بەڵگەی عەقڵی یان شەرعی ئاماژە بە پووچی و ناڕەواییان دەکات، هەرگیز کار بەو شتانەش ناکەن کە شەریعەت قەدەغەی کردووە، تەنانەت ئەگەر واش بیر بکرێتەوە کاریگەریان هەیە. بە گشتی: زانینی ئەوەی کە ئەو شتە هۆکارە، یان بەشێکە لە هۆکار، یان مەرجی هۆکارە، ئەم بابەتە زۆرێکی زانراوە، زۆرێکی تەنیا گومان و گریمانەیە، زۆرێکیش تەنیا وەهمە و هیچ بنەمایەکی دروستی نییە ئیللا لاوازی عەقڵ نەبێت."[(١)]، هەروەها فەرموویەتی: "هەموو ئەو شتانەی وا گومان دەکرێت کاریگەرییان لەسەر جیهان هەیە و لە شەریعەتدا قەدەغەکراون؛ وەکوو ڕێڕەوی فەلەکناسی (میریدانی فەلەکی) و ئاڕاستە دەروونییەکانی وەک: چاو، نزای ناشەرعی، ڕوقیەی ناشەرعی، سروشتی جەستە و هاوشێوەکانی، زیانەکانیان زیاترە لە قازانجەکانیان تەنانەت لە خودی هەمان شتدا. چونکە زۆرجار ئەم بابەتانە تەنیا بۆ کاروباری دونیا بەکاردێت، دەگمەنە کەسێک بەهۆیەوە بابەتی دونیای بەدەستبێنێت، ئیللا دەرئەنجامێکی خراپی هەیە لە دونیادا، جگە لە قیامەت، شکستی ژمارەی ئەو خەڵکەی ئەم هۆکارانە

---

(١) اقتضاء الصراط المستقيم, ابن تيمية (ص:٢٣٤) .

بەکاردێنن چەند هێندەی ئەو کەسانەن سەرکەوتوو دەبن، پاشان ئەندازەیەک نارەحەتی و زیانی تێدایە خودا خۆی دەزانێت چەندە، ئەم هۆکارانە لە خودی خۆیاندا زیانبەخشن و ئەنجامیش بەدەست نایەت لە ڕێیانەوە زۆر بەزەحمەت نەبێت. ئەگەریش بەدەستبێت، ئەوە زیانەکانی زۆر زیاترە لە سوودەکەی."[١]

ئەو هۆکارانەی لەم ڕاهێنان و جێبەجێکارییانە ئیدیعایان بۆ دەکرێت، زۆربەیان لەوە دەرناچن کە هۆکارگەلێکی شاراوەن و قەدەغەکراوە لێمان شوێنیان بکەوین، یان هۆکارگەلێکی شیرکیی حەرامکراون. ئەوەی خودا لە هۆکارە شەرعییەکان دایناوە و ئەوەی ڕێگەی پێ داوین لەو هۆکارانەی کە ناسراون بە عەقڵێکی ساغ و میتۆدێکی زانستی تاقیکاری بێپێویستمان دەکەن لەم هۆکارە شاراوە و شریکییانە. پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) سەبارەت بە کاریگەریی هەندێک ئەم هۆکارە شاراوانە دەفەرمووێت: "دەکرێت فیتنە و تاقیکردنەوە بێت بۆ ئەو کەسانەی عەقڵ و دینیان لاوازە، بە جۆرێک عەقڵیان بڕفێنرێت، سەرئەنجام بێهیوا بین ئەگەر ئەوەندە زانست و ئیمانیان پێ نەبەخشرابێت کە ببێتە هۆی بەرچاوڕوونی و هیدایەت و یەقین. مرۆڤ ئەوەندەی بەسە بزانێت هەر شتێک جگە لە هۆکاری شەرعی و ڕێگەپێدراو بە هیچ شێوازێک کاریگەریی حەقیقی نییە، بۆیە هیچ سوودێکی تێدا نییە، خۆ ئەگەر کاریگەریشی هەبێت، ئەوە زیانەکەی زیاترە لە سوودەکەی."[٢]

شەشەم: بیانوو هێنانەوە بەوەی هەندێک سوودیان دەستکەوتووە یان لەسەر دەستیان خەڵکی هەندێک سوودی بینیوە، هەروەها دەڵێن: سوودی ئەم ڕاهێنان و جێبەجێکارییانە بە ئەزموون سەلمێنراوە.

ڕەنگە لە کاتی پراکتیزەکردنی ئەم ڕاهێنان و ئەپڵیکەیشنانە کەسی مەشقکەر

---

(١) اقتضاء الصراط المستقيم، ابن تيمية (٢/٢١٠).

(٢) بڕوانە: اقتضاء الصراط المستقيم، ابن تيمية (ص:٢١٣).

سوودی جەستەیی، یان دەروونی، یان ڕۆحی ببینێت، بەڵام بە کۆدەنگی زێرەکان ناکرێت ئەم جێبەجێکارییانە بکرێتە تاکە هۆکاری هاتنەجێبوونی ئەو سوودە، وەک پێشتریش ڕوونکرایەوە، هەروەها ناکرێتە پاساو بۆ وەرگرتن و قەبووڵکردنیان. بابەتی هاوکار و بزوێنەری هۆکارەکان (الأسباب والمسببات) زۆرێک لە خەڵکی بەهەڵەدا دەچن تیایدا و سەرگەردان دەبن، پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "بەدەستهێنانی سوودێک کە وا بیر دەکرێتەوە هۆکارێکی ناشەرعی هەیە، ڕەنگە هۆکاری حاڵی کەسەکە و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی بێت لەو کاتەدا، یان ڕەنگە تەنیا بەهۆی ڕەحمەتی خوداوە بێت، یان ڕەنگە بابەتێک بێت خودا بڕیاری لەسەر دابێت نەک لەبەر هۆکارێک، یان ڕەنگە تاقیکردنەوە بێت، ئەگەر گەیشتن بە خوازراو هاوکات بێت لەگەڵ هۆکاری ناشەرعی، ئەوە تاقیکردنەوەیە. چونکە دەزانین کافران وەڵامیان دەدرێتەوە و بارانیان بۆ دەبارێت، سەردەخرێن ، یارمەتی دەدرێن، ئازار دەچێژن و ڕۆزی دەدرێن هەرچەندە هاوار لە بتەکان دەکەن و عیبادەتیان بۆ دەکەن: ﴿كُلًّا نُمِدُّ هَٰؤُلَاءِ وَهَٰؤُلَاءِ مِنْ عَطَاءِ رَبِّكَ ۚ وَمَا كَانَ عَطَاءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا﴾ [الإسراء:٢٠], هۆکارەکانی هاتنەجێبوونی خوازراوەکان شتگەلێکن ژماردنیان درێژە دەکێشێت، بەڵام ئەوەی واجبە ئەوەیە دەبێت خەڵک شوێن ئەو شتانە بکەون کە خودا پێغەمبەرانی پێ ناردووە و دەبێت بزانن کە سوود و خۆشبەختی دونیا و قیامەت لەخۆدەگرێت.[1] بە هەمان شێواز شەیتان باتڵ جوان دەکات و بەو شتانە ئارایشی بۆ دەکات کە وەک سوود دەردەکەوێت. هەندێجار لە ڕێگەی هۆکاری ناشەرعی و باتڵەوە سوودی ڕووکەش بەدەستدەهێنرێت. لە نموونەی ئەم بابەتە، ئەو چیرۆکەیە کە هاوەڵی بەڕێز ئیبن مەسعوود (خودا لێی ڕازی بێت) بۆ هاوسەرەکەی ڕوون کردەوە کاتێک لە ڕووکەشدا سوودی بینی لە شێوەیەکی ناشەرعی ڕوقیەکردن، ئیبن مەسعوود (خودا لێی ڕازی

---

(١) اقتضاء الصراط المستقيم, ابن تيمية (ص:١٨٦) .

بێت) پێی فەرموو: "ئەو سوودە بە هۆکاری شەیتانەوەیە، ئەو بە دەستی چاوتی ئەزیەتدا، هەر کاتێک ڕوقیەت بەسەردا خوێند ـواتە ڕوقیە ناشەرعییەکە- وازی لێ دەهێنێت، ئەوەندەت بەسە بڵێیت: (أذْهِبِ البَاسَ، رَبَّ النَّاسِ، اشْفِ وأَنْتَ الشَّافِي، لا شِفَاءَ إلَّا شِفَاؤُکَ، شِفَاءً لا يُغَادِرُ سَقَمًا)"[١]

پاشان پێویستە سوودی هەر شتێک بە مەنهەجێکی زانستی بسەلمێنرێت و پاش تێگەیشتنێکی ورد بێت لە یاسای هۆکاربوون(قانون السببية)، چونکە هاتنەجێبوونی سوودێک داوی جێبەجێکردنی بابەتێک بەس نییە بۆئەوەی بڵێین ئەوە تاکە هۆکاری هاتنەجێبوونی ئەو سوودە بووە، پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "شەیتان بۆیانی ڕازاندووەتەوە تا کاریگەرییەکە بدەنە پاڵ شتانێک کە کاریگەرییان نییە نە وەک جۆر و نە وەک وەسف، بۆیە دانەپاڵی کاریگەرییەکە بۆ وەسفێک کاریگەریی جێگیر بووە، ئەمەیان زیاتر شوێنی ئەوەیە شەیتان بۆیان بڕازێنێتەوە."[٢]

هەروەک چۆن پێوەری سوود لەلای موسڵمان کورتهەڵنەهاتووە لە سوودی دونیایی، لەبەرئەوەی باوەڕی بە ڕۆژی دوایی وای لێ دەکات هەموو سوودێکی دونیای بە سوود نەزانێت ئیللا سوودێک نەبێت کە زیانێکی بۆ ئایینەکەی تێدا نەبێت، پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) ڕوونی کردەوەتەوە کە ئەوەی بە ئەزموون سەلمێنراوە، سوودی حەقیقی هەیە و ئەم بەشەی سوودە لەگەڵ نزا و پاڕانەوەی ڕێگەپێدراو دێتەجێ، بۆیە فەرموویەتی: "نزا و پاڕانەوە لە خوای گەورە وەحی خودا و عەقڵی سەلامەت بەڵگەن لەسەر سوود و قازانجەکەی، پاشان ئەزموونەکان کە ژمارەیان خودا خۆی نەبێت کەس نازانێت چەندن، ئیمانداران داوای زۆر شتیان لە خودا کردووە کە هۆکارەکانیان لەلای موسڵمان وجوودیشی نەبووە، دەبینیت خودا داواکاریانی بۆ بەجێهێنان بەو

---

(١) پێشەوا ئەحمەد لەموسنەدەکەیدا بە ژمارەی (٣٦١٥) گێڕاویەتییەوە.

(٢) اقتضاء الصراط المستقيم, ابن تيمية (٢/٢٣٣) .

شێوەیەی کە داوایان کرد بوو."[١]

بابەتێکی دیکەش هەیە: ئەویش ئەوەیە هەر شتێک کە سوودی هەبێت، مەرج نییە ڕێگەپێدراو بێت، سوود و قازانج پێوەری قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە نییە، بەڵکوو شەرعی خودا پێوەری قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەیە. زانراوە کە سیحر بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی هەندێک مەبەست و سوودی دونیای کە شوێنی دڵنیاییە لەلای ساحیران، لە شەریعەتدا حەرامکراوە. هەروەها مەی و قوماریش، بنەمای ئەمەش جیاکارییە لەنێوان قەدەری کەونی و قەدەری شەرعی، پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "هەندێک شت هەن خودا وەک قەدەری کەونی ویستوویەتی ڕوویدەن، لەکاتێکدا خۆشی ناوێن و لێشیان ڕازی نییە و دەبنە مایەی تاقیکردنەوە بۆ هەندێک لە دروستکراوەکان، وەک: هۆکارە حەرامکراوەکان کە دەبنە هۆی هاتنەجێبوونی جۆرێک لە سوود و قازانج، بەکارهێنانی ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی سزا و تووڕەیی خودا. لەبەرانبەردا هەندێک شتی دیکە هەن خودا وەک قەدەری شەرعی ویستوویەتی ڕوویدەن، خودا ئەم شتانەی خۆش دەوێت و لێیان ڕازییە، وەک: نزا و دوعای ڕێگەپێدراو، نوێژ، ڕۆژوو و هاوشێوەکانی."[٢]

حەوتەم: بیانوو هێنانەوە بە بانگەشەی «بەئیسلامیکردن»، دەڵێن: ئێمە ئەم تازەهاتووانە فلتەر دەکەین و پاکیان دەکەینەوە، ڕاستەکەیان لێ وەردەگرین و بەڵگەشی بە ئایەت و فەرموودە بۆ دێنینەوە:

دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان ئەوەی کە دەکرێت «بەئیسلامی بکرێت» و ئەوەی «بەئیسلامیکردنی» مومکین نییە، هیچ موسڵمانێکی ژیر ناڵێت: دەتوانین ئاینی مەسیحی، جوولەکە، بودایی، یان تائۆیزم بەئیسلامی بکەین.

---

(١) اقتضاء الصراط المستقيم, ابن تيمية (ص:٢٢٤) .

(٢) اقتضاء الصراط المستقيم, ابن تيمية (ص:٢٢٤) .

نالێت: دەتوانین عەقیدەی سێ خوایی(التثليث) لە شیرک پاک بکەینەوە و هەندێک لە بەکارهێنانەکانی عەقیدەی دوو خواپەرەستی قبووڵ بکەین. نالێت: ماسۆنییەت قبووڵ دەکەین، چونکە بانگەشەی برایەتی و یەکسانی و ئازادی لەخۆدەگرێت و هەوڵی پاککردنەوەی دەدەین! بەڵکوو حەق ئەوەیە کە هەموویان ڕەت بکەینەوە سەرەڕای ئەو حەقە یان ئەو سوودە کەمەی کە لە خۆیان دەگرن، لەبەرانبەردا وتە باشەکان لە سەرچاوە ڕەسەنەکانیانەوە وەردەگرین، جا نەقڵی بن یان عەقڵی.

بیروباوەڕە لارێکان و ئەو ڕاهێنان و بەکارهێنانانەی لەسەریان دامەزراون، بەیەکجاری ڕەتدەکرێنەوە و وەرناگیرێن، بەڵکوو تەنیا ئیسلامی ڕەسەن قەبووڵ دەکرێت. بە پێچەوانەی ئەو زانستە گشتییانەی کە لە بنەڕەتدا بێلایەنن، وەک دەروونناسی و بەڕێوەبردن و کەرەستەکان و تەکنەلۆژیاکانی سەردەم، وەک: کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێت، دەتوانین سوودیان لێ ببینین، بۆنموونە: ئێمە سوود لە تەکنەلۆژیای پەخشی ڕاستەوخۆ وەردەگرین بۆ بڵاوکردنەوەی هزر و مەنهەجی ئیسلام بەپێی ڕێساکانی ئیسلام، وەک چۆن دەتوانین سوود لە تیۆرییەکانی بەڕێوەبردن و تەکنیکەکانی قەناعەتکردن بە خەڵکی وەربگرین بەپێی مەنهەج و سەرچاوەی ئامانجەکەمان، بۆیە ئەوەی دژایەتی ئایین بکات ڕەتی دەکەینەوە. ئەوەیشی لەگەڵ ئاییندا هاونەوا و گونجاوە، قبووڵی دەکەین، بەنموونە: لەوانەی ڕەتدەکرێنەوە لە تەکنیکەکانی بەڕێوەبردندا، ئەو تیۆری و میتۆدانەیە کە فەرمانبەران بەروە کۆیلایەتیی بەڕێوەبەران پەلکێش دەکەن، یان ئامرازەکانی قەناعەت پێکردن و کاریگەری دروستکردن کە لە ئەنجامدا بەکاربەران و دانوستانکاران فریو دەدەن، هەر بۆیە زۆرێک لە زانایانی موسڵمان لە بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ئابووری و ... هتد، داوای ئەوە دەکەن کە ناویان ناوە بە ئیسلامیکردنی بەئیسلامیکراوەکان(أسلمة المؤسلمين) کاتێک بێباکی هەندێک کەسیان بینی بەرانبەر بە بەڵگەهێناوە بە دەقەکان پێچەوانەی

مەبەستی حەقیقییان، دواتر بانگەشەکردن بۆ گومڕایی و چەواشەکاری بە بیانووی «بە ئیسلامکردن».

زۆرێکیان -خوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوە- هەوڵیاندا بە شێوازێکی زانستی لە ئەفکار و تیۆرییە هاوردەکراوەکان بڕوانن بە چاوی بونیادی دروست و نەک(بەئیسلامکردنی بێبنەمایانە)، هەرچییەک بە حەقیقی بنەمای لە ئایینەکەماندا هەبوو، ئەو بنەمایەیان وەرگرتووە و دەریانخستووە و بناغەکانیان دامەزراندووە[1]، ئەوەشی بنەمایەکی لە ئاییندا نەبووە، بەو مەبەستە لێیان ڕوانیوە تا جیاوازی بکەن لەنێوان ئەوەی ناکۆکی لەگەڵ ئاییندا نەبووە و ئەوەی ناکۆکی هەبووە و دژایەتی ئایین دەکات.

مرۆڤەکان لە کۆنەوە هەڵخەڵەتاون و فریویان خواردووە بەو بەشە حەقەی لەناو باتڵدا هەبووە، بەشێک لە ورووژاوەکان لە ڕووی متمانەبوون بە توانای خۆیان هەوڵیان داوە حەقەکە دەربهێنن یان باتڵەکە بە ئیسلامی بکەن، وەک چۆن لەگەڵ ئەفکارە هاوەردەکراوەکانی ناو لۆژیکی یۆنانی ڕوویدا، پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) فەرموویەتی: "پەرتووکەکانی لۆژیکی یۆنانی باتڵ و چەواشەکاری و گومڕایی زۆری تێدایە، لەنێو موسڵماناندا خەڵکانێک شوێنی کەوتن، لەگەڵ ئەوەی بانگەشەی ئیسلامییان دەکرد، ئەوانیش فەیلەسووفەکان بوون. لەنێو موسڵمانان ئەو کەسانەش هەبوون کە

---

(١) ئەمەش لەلایەن جەنابی (د. عبدالعەزیز النغمشی) مامۆستای دەروونناسی و یەکێک لە پێشەنگەکانی تەئسیلی ئیسلامی پشتڕاستکرایەوە لە وتارێکدا کە دوای دیبەتێکی زانستی لەسەر (NLP) لەنێوان لایەنگرانی و ڕەخنەگران لێی کە لە ناوەندی بانگەواز لە ئەلنەسیم لە ڕیاز لە شەعبانی ساڵی١٣/٨ /١٤٢٤ی کۆچی بەڕێوەچوو: "دەبێت بە هەموو هێزێکەوە داوا بکرێت کە پسپۆڕانی شەرعی کار لەسەر بەرهەمهێنانی پرۆگرامێکی ڕەسەنی بەسوودی چەسپاو بکەن بێ ئەوەی لەژێر ناوی (NLP) و بارگراوەند و چوارچێوەکەیدا بێت، قەدەغە نییە دوای تەواوکردنی ئامادەکردنی دەربکەوێت پرۆگرامەکە ١٠٪ یان ٦٠٪ی واتای (NLP) لەخۆدەگرێت، بە مەرجێک لە بنەڕەتدا لە سەرچاوە شەرعییەکان و بنەما نەگۆڕەکانی عەقیدە و عەقڵیەتی ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتبێت."

مەبەستیان نەبووە بەتێکڕا شوێنی بکەون، بەڵام شتگەلێکی لێ فێربوون و ئیتر پێیان وابوو هەمووی لەگەڵ ئیسلامدا دەگونجێت و پشتگیری لێ دەکات، بەڵام لە حەقیقەتدا زۆرێکی لەگەڵ ئیسلامدا ناکۆکە و پشتی تێ دەکەن و شکستی پێدێنن، وەک ئەهلی کەلام. بەشێکی دیکە بە موجمەلی پشتیان تێکرد و بە شێوازێک شوێنی قورئان و ئیسلام نەکەوت بێپێویستی بکات لەو حەقەی لە لۆژیکی یۆنانیدا هەیە، لەبەرانبەریشدا بتوانن بەرپەرچی باتڵ و گومڕاییەکەی بدەنەوە و جیهادی شەرعییان بەرانبەر بکەن، ئەمە حاڵەتی زۆرێک لە فەرموودەناس و فیقهیەکان بوو."[١] کاری دروست ئەوەیە جیهادی شەرعی و ئامۆژگاریی خەڵکی بکەن کە دەستبەرداری باتڵ بن و ڕوو بکەنە سەرچاوەی سازگاری قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ).

هەشتەم: دەڵێن: (إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ ـ کار و کردەوەکان بەپێی مەبەست و نیەتە) بۆیە ئەگەر ڕاهێنان و ئەپلیکەیشنی ناشەرعیش پراکتیزە بکەین، یان خۆمان بشوبهێنین بە بێباوەڕانەوە، مادام نیەتمان چاکە و نامانەوێت وەک ئەوان بین، ئیتر خۆشوبهاندنمان پێیانەوە هیچ زیانێکمان پێ ناگەیەنێت:

بێگومان ئەو فەرموودەیە فەرموودەیەکی سەحیحە، بەڵام ئیستدلال و بەڵگەهێنانەوەکە هەڵەیە و ئەو قیاسکردنەش باتڵە. زانراوە کە بنەمای کردارەکان لەسەر نیەت و مەبەست بونیادنراوە و نیەت و مەبەستیش کارێکی شاراوەیە، بۆیە پێویستی بە ڕاستگۆیی و بەرچاوڕوونی هەیە، هەروەک چۆن پەیوەندی نێوان کردارەکانی دڵ -لە پێش هەموویانەوە مەبەست و نیەت- و وتە و کردارە دەرەکییەکان زۆر کەس لێی تێناگەن، بەنموونە هیچ کەسێکی عەقڵ ناڵێت: وتنی وشەی کوفر یان ئەنجامدانی کردارە شیرکییەکان -بەبێ زۆرلێکردن- ڕێگەپێدراوە ئەگەر نیەت و مەبەستی کوفر و شیرکی لەگەڵ نەبێت.

---

(١) مجموع الفتاوى، ابن تيمية (٢٦٦/٩).

وتنی ئەمە دەروازەی شیرک دەخاتە سەر پشت بۆ خەڵکی و پشتگیری لە وتەی داهێنراوە جەماوەرییەکە دەکات کە دەڵێن: "ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لە دڵدایە، ئەوەی ڕوکەشە توێکڵە"، خۆ هەندێک لە موشریکەکان نیازێکی باشیان هەبووە کاتێک غەیری خودایان دەپەرست و دەیانگوت : ﴿مَا نَعبُدُهُم إلا لِيُقَرِّبونا إِلَى اللَّهِ زُلفى﴾ [الزمر:٣] «تەنیا لەبەرئەوە ئەم بتانە دەپەرەستین کە لە خوامان نزیک بکەنەوە» ئایا کارە شیرکییەکانیان لێ قبووڵ کرا لەسەر بنەمای باشی مەبەست و نیازیان؟!

کردەوەی دەرەکی لە وتە و کردارەکان، لە شەریعەتدا گرنگی و حوکمی خۆیان هەیە، هەروەک چۆن ناخ و کردارەکانی دڵ گرنگی و حوکمی خۆیان هەیە، لێرەوە گرنگیی ڕەچاوکردنی تێگەیشتنی پێشینانی چاک بۆ دەقەکان و شێوازی جێبەجێکردنیان دەردەکەوێت بۆئەوەی بابەتەکان تێکەڵ نەبن، بە تایبەت ئارەزووەکانی نەفس و ژەنگی سەر دڵەکان کەوا دەکەن بە پێچەوانەی ئەو مەبەستانە کە دەقەکان گوزارشتی لێ دەکەن خەڵک پەلکێش بکەن. لە یادمان نەچێت زۆرێک لە ئەهلی بیدعە دەقەکانی قورئان و سوننەتیان کردووە بە بەڵگە بۆ بیدعەکانیان بەڵام بە تێگەیشتنی ناسازی خۆیان.

نۆیەم: دەڵێن: هەندێک لە مامۆستایان و ئەهلی عیلم فەتوایان داوە لەسەر دروستی ئەم ڕاهێنان و پراکتیزانە، بەڵکوو بەشێک لەو کەسانەی لە ڕواڵەتدا ئەهلی خێر و سەلاحن بەشدارییان تێدا کردووە:

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم گومانە، پێویستە ئەوەمان لەبەرچاو بێت بەتەنیا دەچینەوە بەردەست خودای گەورە: ﴿إِذْ تَبَرَّأَ الَّذينَ اتُّبِعوا مِنَ الَّذينَ اتَّبَعوا وَرَأَوُا العَذابَ وَتَقَطَّعَت بِهِمُ الأَسبابُ﴾ [البقرة:١٦٦] «ئەوانەی خەڵکی شوێنیان کەوتبوون خۆیان بەری دەکەن لە شوێنکەوتووانیان و حاشایان لێ دەکەن، بەتایبەت کاتێک ئەو سزا توند و بەئازارە دەبینن و هەموو پەیوەندییەکان دەبچڕێت کە

لە نێوانیاندا هەبوو، هیچ بەڵگە و بیانوییەکییان بەدەستەوە نامێنێت تا بتوانن خۆیانی پێ ڕزگار بکەن.» هەموو کەسێک لە وتەکانی وەردەگیرێت و لێشی ڕەد دەکرێتەوە ئیللا پێغەمبەر نەبێت (ﷺ) وەک لەیادمانە پێغەمبەر (ﷺ) لە چەواشەکار و گومڕایان ئاگاداری کردووینەتەوە، لەوانەیە گومڕا و چەواشەکار هەبن کە بە نیەتی خراپەوە ئەو کارە ناکەن، بەڵکوو دوای خۆیان بەلاڕێداچوون و خەڵکیشیان بە لاڕێدا برد. زۆرجار باتڵ پۆشاکی حەق لەبەر دەکات، ئەمە وا دەکات لە خەڵکی شاراوە بێت و لێیان تێک بچێت، پێشتریش زۆرێک لە ئەهلی عیلم و سەڵاح چوونەتە ناو هەڵدێری لۆژیکی یۆنانی و ڕێگا و سلووکی سۆفیگەری زێدەڕەو و جگە لەمانەش. هەندێکیان لەو ڕێگایانەدا لەناو چوون، هەندێکیان گەڕانەوە و تەوبەیان کرد، هەندێکیان ڕزگاریان بوو، بەڵام لەگەڵ بەشێک لادان.

پاشان فەتواکان حەرام حەڵاڵ ناکەن و حەڵاڵیش حەرام ناکەن، بەڵکوو حوکمەکان لە ژێر ڕۆشنایی تێگەشتن و تێڕوانینی دروست بۆ مەسەلەکان ڕوون دەکەنەوە. پرسی ئەم عەقیدە و ڕێباز و پراکتیزانە تا ئێستادا بۆ زۆربەی خەڵکی جێی گومانە، تێکەڵ و ناڕوونە لەلایان، ئەمەش وایکردووە دەرکردنی فەتوایەکی یەکگرتوو سەبارەت بەم هاوردەکراوانە لە لایەنە متمانەپێکراوەکانی فەتوا دوابخات.

# کۆتایی

# کۆتایی

دوای ئەم گەشتە بەناو فەلسەفەی ئەم عەقیدە و ڕێبازانە و ڕاهێنان و جێبەجێکاریەکانیان بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی حەقیقەت و مەترسییەکان، لە کۆتاییدا دووپاتی دەکەمەوە کە فریوخواردن پێیان لەم سەردەمەدا ئێجگار گەورەیە، ئەو شەڕ و خراپەیەی لە خۆیان گرتووە و خەڵکی بۆ پەلکێش دەکەن جۆراوجۆر و هەمە ڕەنگن. سەرەڕای هەوڵی زۆرێک لەوانەی پێداگری دەکەن لە دەرهێنانی ئەو بەشەی پەسەندە و جیاکردنەوەی لە لادانە عەقەدییەکان؛ بەڵام ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون و لەمەودواش هەر شکست دێنن -تەنانەت ئەگەر هەوڵدەران و ڕاهێنەرانیش دان بەم حەقیقەتەدا نەنێن- لەبەرئەوەی پێکدادانی ئەم ڕێباز و عەقیدانە و فێرکاری بەکارهێنانەکانیان لەگەڵ عەقیدەی تەوحیددا لە ئوسووڵ و بنەماکاندایە، نەک لە بەشێک مومارەسەی لاوەکیدا کە هەندێک لە ڕاهێنەران ئیدیعای ئەوە بکەن کە ئەوان خۆیانی لێ بەدوور دەگرن، بەڵکوو بونیادیان لەسەر بنەمای باوەڕی ئیلحادی دامەزراوە کە پوختەکەی بریتییە لە: "بوونی وزەیەکی گەردوونی نەبینراو کە هێزی ژیانمان پێ دەبەخشێت، دەبێت ڕاهێنان بکەین بۆ بەدەستهێنان و پەیوەندیکردن پێیەوە."، ئەگەر بە ڕاستگۆیانە بگەڕێنەوە بۆ قورئان و سوننەت، ئەوەندەیان دەستدەکەوێت بێپێویستیان بکات لەم هەوڵە نەزۆک و بێبەرهەمانە.

مێژووش شایەدی ئەوە دەدات کە پێشتر هاوشێوەی ئەم ڕێباز و زانستانە چی کرد بە باوەڕی کۆمەڵێک لە خەڵکی، پێشەوا ئیبن تەمییە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) سەبارەت بە مامۆستایانی ئەو زانستانە و هێزە شاراوەکانیان لە سەردەمی خۆیدا دەفەرمووێت: "بە هەمان شێوەش لەناو ئیسلامدا شیرکیان قەدەغە

نەدەکرد و تەنیا تەوحیدیان واجب کرد، بەڵکوو ڕەوایەتییان بە شیرک داوە، یان فەرمانیان پێ کردووە، یان تەوحیدیان واجب نەکردووە... هەموو شیرکێک لە دونیادا بەهۆی هاوشێوەی ئەم بۆچوونانە هاتووەتە بوون، چونکە کارەکەیان بونیادناوە لەسەر ئەوەی لە ڕۆح و جەستەدا هێز و سروشتی تایبەت هەیە و دروستکردنی تەڵاسیم و بت و پەرەستنیان سوود دەگەیەنێت و زیانەکان دوور دەخاتەوە. بۆیە ئەمانە لە حەقیقەتدا فەرمان بە شیرک دەکەن و خۆشیان ئەنجامی دەدەن، هەریەکێک لەوان فەرمانی بە شیرک نەکات، لەبەرانبەردا قەدەغەشی ناکات[1]." هەروەک چۆن بزووتنەوەی ڕۆحیی سەردەم لە شێوەی «کۆمەڵەی ئامادەکردنی ڕۆحەکان» کە لە شەستەکانی زایینیدا جیهانی ئیسلامیی گرتەوە و بووە هۆی جەنجاڵییەکی گەورەی میدیایی لە میسر و شام، زۆرێک لە خەڵکی موسڵمان کەوتنە ناو تۆڕەکەیەوە، لەوانەش خوێندکارانی زانستی شەرعی و بانگخوازانی ئەو کاتە، ئەمانە وامان لێدەکات ئێستا بەوپەڕی هێز و توانامانەوە ڕووبەڕووی ڕاهێنان و ئەپلیکەیشن و بەکارهێنانە مۆدێرنەکان ببینەوە؛ موسڵمانیش نابێت لە یەک کونەوە دوو جار بگەزرێت.[2]

ئەگەر ئێمە بمانەوێت بارودۆخی دونیامان باش بێت و دوارۆژمان سەلامەت بێت، ئەوە ڕێگاکەمان ئەوەیە ڕوو لە قورئان و سوننەت بکەین بە تێگەیشتن و تێڕامان و شیفاوەرگرتن و ڕێنمایی دەستخستن لێیان و کردنە مەنهەجێک بۆ بەختەوەریی دونیا و قیامەت. هیچ خێر و چاکەیەک نییە ئیللا لەم دوو سەرچاوە ڕەسەنەدا هەن و ئاماژەیان بۆی کردووە. هیچ شیرک و لادانێکیش نییە ئیللا ئاگاداریان کردووینەتەوە لەبەرانبەریدا، یەقینبوون بەمە یەکێکە لە داخوازی و پێویستییەکانی تێگەیشتن لە کامڵبوونی دین و بە کامڵی گەیاندنی ئایینە لەلایەن پێغەمبەرانەوە، پێشەوا ئیبن قەیم (ڕەحمەتی خودای لێ بێت)

---

(١) مجموع الفتاوى، ابن تيمية (٣٤/٩) .

(٢) بڕوانە: الروحية الحديثة، د. محمد محمد حسين ،

فەرموویەتی: "بەگشتی پێغەمبەر (ﷺ) هەموو خۆشی و کامەرانی دونیا و دوارۆژی بۆ هێناون، خودا مرۆڤەکانی بێپێویستکردووە لە غەیری ئەو (ﷺ) ، باشە چۆن وا گومان دەبردرێت ئەو شەریعەتە کامڵەی کە هاوشێوەی نەهاتووەتە دونیاوە کەموکووڕی تێدابێت و پێویستی بە سیاسەتێکی دەرەکی بێت کامڵی بکات، یان پێویستی بە قیاس و عەقڵ بێت کامڵی بکات؟! هەرکەسێک ئەم گومانە ببات وەک ئەو کەسە وایە گومان دەبات خەڵکی پێویستییان بە پێغەمبەرێکی دیکەیە جگە لە پێغەمبەر (ﷺ)! هۆکاری ئەمەش بریتییە لەوەی حەقیقەتی ئەو ئایینەی پێغەمبەر (ﷺ) هێناویێتی شاراوە بووە لەوانەی ئەو گومانەیان بردووە، هەروەها لاوازییان لەو فەهم و تێگەیشتنەی کە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری بوون و ئیکتیفایان پێ کردووە و بێپێویست بوون لە هەر شتێکی دەرەکی، ئەو فەهم و تێگەیشتنەی بەهۆیەوە دڵ و وڵاتانیان پێ ئازاد کرد، و پێیان فەرمووین: ئەمە پەیمانی پێغەمبەرمانە (ﷺ)، ئەمە پەیمانی ئێمەیە بۆ ئێوە."[١]

لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکەم کە: بانگەشەکردن بۆ ئەم جێبەجێکارییە هاوردەکراوانە بە شێوازێکی شاراوە لەسەر مەنهەجی باطنی بەڕێوە دەچێت، نزیک لەو تەکنیک و هەنگاوانەی ئیمامی غەزالی (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) لە (فضائح الباطنية)دا ئاماژەی پێ کردووە، ئەوانیش: بژێوی و ژیان (الرزق)، پاشان بانگەشەی ڕووناسی و فیراسەت (التفرس)، پاشان پێکهێنان (التأسيس)، پاشان گومانکردن (التشكيك)، پاشان هەڵپەساردن (التعليق)، پاشان بەستنەوە (الربط)، پاشان ساختەکاری (التدليس)، پاشان پێکهێنان (التأسيس)، پاشان شلبوونەوە و لابردن (الخلع)، پاشان شێواندن و گۆڕین (المسخ) یان دارنین (السلخ)، لە پلەبەندییەکدا کە بە پەلە ڕوونادات، بەڵکوو وردە وردە بەنهێنی گرادێنتی دەکەن، لەسەر بنەمای تەکنیکەکانی هۆگری و دڵڕاگرتن و

---

(١) إعلام الموقعين، ابن القيم (٣٧٦/٤) .

سەرکردایەتی (الألفة و المجاراة والقيادة)، هەروەها نابێت وا تێبگەیت کە ئەم فەلسەفانە ڕاستەوخۆ و بەڕوونی ئاراستەی ڕاهێنراوان دەکرێن؛ بەڵکوو تێکەڵ بە حەق پێشکەش دەکرێن، هەندێکجار فێرخوازەکە بۆ ماوەیەکی درێژ یان کورت بەپێی ئارەزوو و زیرەکی و قبووڵکردن و جێبەجێکردن لەگەڵیان دەمێنێتەوە، پاشان ئەم بابەتانەی پێ دەڵێن، هەر بۆیە دڵسۆزی و بەرگریکردن لێی بەهێزتر دەبێت بەتایبەت کاتێک بەتەواوی تێکەڵی دڵی دەبێت.

هەر لەبەر ئەمەیە زانایان تەحزیر و ئاگادارکردنەوەی زۆریان هەیە دەربارەی وەرگرتن و شوێنکەوتنی فیکر و بۆچوونێک کە لەو دوو سەرچاوە سازگارەدا نەبێت (قورئان و سوننەت)، هاوەڵی ڕێزدار عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (ڕەزای خودایان لێ بێت) فەرموویەتی: "هەر کەسێک شوێن بۆچوونێک بکەوێت کە لە کتێبی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نەبێت، لە ڕۆژی دواییدا بەسەرلێشێواوی بە لیقای خودا دەگات و نازانێت لەسەر چ ڕێگەیەک بووە."[١]

بەدڵنیاییەوە پڕوپاگەندەی چەواشەکارانەی ئەم پراکتیزە و ڕێوڕەسم و طقووسانە بەشێکی زۆری خەڵکییان پەلکێش کردووە؛ بەڵکوو هەندێک لە خوێندکارانی زانستی شەرعی بەرەو وابەستەیی و ملکەچی و شوێنکەوتنی قێزەون بردووە، پاشان پاڵیانداون بۆ هەستکردن بە دۆڕان و بەزیوی، بێئاگا لە واتای وتەی خودا: ﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: ١٣٩] «سست و کز و لاواز مەبن و خەم مەخۆن، هەر ئێوە شکۆمەند و باڵادەستن ئەگەر ئیمانداری ڕاساڵ و گوێڕایەڵ بن.» هەروەها وتەی پێغەمبەر (ﷺ): «لَتَتْبَعُنَّ سَنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، حَذْوَ الْقُذَّةِ بِالْقُذَّةِ، حَتَّى لَوْ دَخَلُوا جُحْرَ ضَبٍّ لَدَخَلْتُمُوهُ» «هەنگاو بە هەنگاو شوێن ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون، تاوەکوو ئەگەر بچنە کونی بزنمژەوە، ئێوەش دەچینە ناویەوە.»[٢]

---

(١) پێشەوا هەرەوی لە(ذم الكلام ص:٣٦)ـدا گێڕاویەتیەوە.

(٢) پێشەوا بوخاری گێڕاویەتییەوە بە ژمارەی(٧٣٢٠) و مسلیم بە ژمارەی (٢٦٦٩).

لەخوای گەورە داواکارم حەقیقەت جێگیر بکات و باتڵ پووچەڵ بکاتەوە، دڵمان لەسەر ئایینەکەی دامەزراو بکات و لە وەسوەسە و خلیسکەی گومڕایی بمانپارێزێت. ئەی خوایە حەقیقەتمان وەک حەقیقەت پیشان بدە و وامان لێ بکە شوێنی بکەوین، باتڵیشمان وەک باتڵ نیشان بدە و وامان لێ بکە خۆمانی لێ بەدوور بگرین.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

## سەرچاوەکان[١]

١. أديان الهند الكبرى: الهندوسية، الجينية، البوذية: أحمد شلبي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ط. ١١ ، ٢٠٠٠م.

٢. الاستقامة: ابن تيمية، تحقيق: محمد رشاد سالم، جامعة الإمام محمد بن سعود، المدينة المنورة، ط. ١، ١٤٠٣هـ.

٣.أضواء على الروحية: علي راضي، القاهرة لجنة نشر الثقافة الروحية، ١٩٦١م.

٤. إعلام الموقعين عن رب العالمين: محمد بن أبي بكر ابن قيم الجوزية، تحقيق: محمد عبد الحميد، المكتبة العصرية ،بيروت، ط. ١، ١٤٢٤هـ ـ ٢٠٠٣م.

٥. اقتضاء الصراط المستقيم لمخالفة أصحاب الجحيم: ابن تيمية، تحقيق: ناصر العقل، دار عالم الكتب الرياض، ط . ٧، ١٤١٩هـ ـ ١٩٩٩م.

٦. الإنسان الحائر بين العلم والخرافة: عبد المحسن صالح، سلسلة عالم المعرفة، مطابع الرسالة، الكويت، ط. ٢، ١٩٧٨م.

٧. البوذية تاريخها وعقائدها وعلاقة الصوفية بها: عبد الله نمسوك، أضواء السلف الرياض، ط. ١، ١٤٢٠هـ ـ ١٩٩٩م.

---

(١) پشکنینێکی تەواوم کردووەبۆ هەموو ئەو پەرتووکانەی توانیومە دەستم پێیان بگات سەبارەت بەم ڕێباز و فەلسەفە و جێبەجێکارییان، بەزمانی عەرەبی و ئەوانەش وەرگێڕاونەتەسەر زمانی عەرەبی، جگە لە ماڵپەڕە زانستییەکان، چەندین جار گفتوگۆ و دیداریم سازکردووە لەگەڵ پسپۆڕان و توێژەران و ئەوانەی گرنگی بەم جێبەجێکارییە نوێیانە دەدەن، هەروەها بەشداری زۆرێک لەخول و ڕاهێنانەکانیانم کردووە.
ئەوەی لەم لیستەدا ئاماژەی پێ کراوە، تەنیا ئەو سەرچاوانەن کە ڕاستەوخۆ زانیاریم لێ وەرگرتوون.

٨. تناسخ الأرواح أصوله وآثاره وحكم الإسلام فيه محمد أحمد الخطيب، مكتبة الأقصى، الأردن، ط. ١، ١٤١٤هـ ـ ١٩٩٤م.

٩. الحركات الباطنية في العالم الإسلامي: محمد أحمد الخطيب، ط. ٢، دار عالم الكتب، المملكة العربية السعودية، ١٤٠٦ هـ - ١٩٨٦م.

١٠. خارقية الإنسان: الباراسيكولوجي من المنظور العلمي: صلاح الجابري، دار الأوائل سورية، ٢٠٠٤م.

١١. خوارق الشعور: علي الوردي، الوراق للنشر، لندن، ط. ٢، ١٩٩٦م.

١٢. دليل المستخدم لفن التنويم: صلاح الراشد، مركز الراشد للتنمية الاجتماعية والنفسية، الكويت، ط. ١، ٢٠٠١م.

١٣. الروحية الحديثة دعوة هدامة: محمد محمد حسين دار الإرشاد، بيروت، ط.٢، ١٣٨٨هـ ـ ١٩٦٩م.

١٤. سلسلة الأحاديث الصحيحة: محمد ناصر الدين الألباني، المكتب الإسلامي، بيروت ط.٤، ١٤٠٥هـ ـ ١٩٨٥م.

١٥. سلسلة الأحاديث الضعيفة، محمد ناصر الدين الألباني، المكتب الإسلامي، بيروت، ط. ٤، ١٣٩٨م.

١٦. صحيح البخاري: محمد بن إسماعيل البخاري، تحقيق: أبو صهيب الكرمي، بيت الأفكار الدولية، الرياض، ط. ١، ١٤١٩هـ - ١٩٩٨م.

١٧. صحيح مسلم: مسلم بن الحجاج النيسابوري، تحقيق: أبو صهيب الكرمي، بيت الأفكار الدولية - الرياض، ط.١، ١٤١٩هـ ـ ١٩٩٨م.

١٨. الطاقة الخفية والحاسة السادسة: شفيق رضوان، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت ،لبنان، ط. ١، ١٤٢٥هـ ـ ٢٠٠٤م.

١٩. علم الطاقات التسع: ميتشو كوشي، أعده بالعربية: يوسف البدر، شركة المطبوعات، بيروت، ط. ٢، ٢٠٠٢م.

٢٠. فضائح الباطنية: أبو حامد الغزالي، دار البشر الأردن، ط. ١، ١٤١٣هـ -١٩٩٣م.

٢١. الفلسفة في الهند: علي زيعور، عز الدين للنشر، بيروت، ط. ١، ١٤١٣هـ -١٩٩٣م.

٢٢. قضية العناية والمصادفة في الفكر الغربي المعاصر: سارة آل سعود، مكتبة العبيكان، الرياض، ط. ١، ١٤١٥هـ ـ ١٩٩٥م.

٢٣. قوة عقلك الباطن: جوزيف ميرفي، ترجمة مكتبة جرير، ط. ٥ ٢٠٠٢م.

٢٤. الماكروبيوتيک، خالد التركي، دار الكتاب الحديث، بيروت، ط . ٢، ٢٠٠٢م.

٢٥. مجموع الفتاوى: ابن تيمية، جمع وترتيب : عبد الرحمن بن قاسم النجدي وابنه محمد، تصوير الطبعة الأولى، ١٣٩٨هـ .

٢٦. المقدمة: عبد الرحمن ابن خلدون، تحقيق: درويش الجويدي، المكتبة العصرية، بيروت، ط. ١، ١٤١٥ هـ - ١٩٩٥م.

٢٧. مقدمة بين الطب النبوي والماكروبيوتيک: أسامة صديق، الدار العربية للعلوم، القاهرة، ط. ١، ١٤٢٣ هـ - ٢٠٠٢م.

٢٨. الملل والنحل: أبي الفتح محمد بن عبد الكريم بن أبي بكر أحمد الشهرستاني، تحقيق: عبد الأمير علي مهنا، علي حسن فاعور، دار المعرفة، بيروت، لبنان، ط. ١، ١٤١٠هـ ـ ١٩٩٠م.

٢٩. منواسمرتي كتاب الهندوس المقدس تعريب: إحسان حقي، دار اليقظة العربية، ط.١ .

٣٠. الموسوعة الميسرة في الأديان والمذاهب والأحزاب المعاصرة: مانع الجهني إشراف: دار الندوة العالمية الرياض، ط. ٣، ١٤١٨هـ.

٣١. النبوات: ابن تيمية، تحقيق: عبد العزيز الطويان، أضواء السلف، الرياض، ط. ١، ١٤٢٠هـ- ٢٠٠٠م ، طبعة أخرى: دار الفكر، بيروت.

٣٢. مذكرات دورات البرمجة العصبية والطاقة والماكروبيوتيک والريكي لمستويات مختلفة لجمع من مدربي البرمجة أو الطاقة منهم(مريم نور، إبراهيم الفقي، نجيب الرفاعي، طلال خياط، حسن البشل).

٣٣. كتب وألبومات سمعية ونشرات نادي السعادة (فواصل) د. صلاح الراشد.

## سەرچاوە بیانییەکان

34. Drury, Nevill, The New Age: The History of a Movement, Thames & Hudson, London, UK, 2004.

35. Anderson, Walter T., The Upstart Spring: Esalen and the Human Potential Move- ment, iUniverse, Lincoln, NE, USA, 2004.

36. Horn, Irmhild Helene, The Implications of New Age Thought for the Quest for Truth: A Historical Perspective, Unpublished Ph. D theses.

# ناوەڕۆک

دەروازەی یەکەم

ناساندنی ئەم ڕێبازانە و ڕوونکردنەوەی حەقیقەتیان

دەروازەی یەکەم ---------------------------------------- ١٤

ناساندنی ئەم ڕێبازانە و ڕوونکردنەوەی حەقیقەتیان --------------------- ١٤

دەروازەی دووەم

ڕوونکردنەوەی سەرەتای سەرهەڵدان و ڕیشە هزرییەکان

دەروازەی دووەم ---------------------------------------- ٢٢

ڕوونکردنەوەی سەرەتای سەرهەڵدان و ڕیشە هزرییەکان ----------------- ٢٢

دەروازەی سێیەم

ڕوونکردنەوەی دیارترین ئەفکار و بیروباوەڕەکان

دەروازەی سێیەم ---------------------------------------- ٣٤

ڕوونکردنەوەی دیارترین ئەفکار و بیروباوەڕەکان ------------------------- ٣٤

دەروازەی چوارەم

ڕوونکردنەوەی هەندێک لە شێواز و بەکارهێنانەکانی سەردەم

دەروازەی چوارەم ---------------------------------------- ٤٨

ڕوونکردنەوەی هەندێک لە شێواز و بەکارهێنانەکانی سەردەم ------------- ٤٨

١ـ خولەکانی ماکرۆبایۆتیک: ---------------------------------- ٥٣

٢ـ خولەکانی ڕیکی: ---------------------------------------- ٦١

٣ـ خولەکانی چی کۆنگ: ---------------------------------- ٦٣

٤ـ خولەکانی وزەی مرۆیی: ---------------------------------- ٦٦

٥ـ خولەکانی مێدیتەیشنی زاڵ و بەرزبوووەوە: ---------------------------- ٦٧

٦ـ خولەکانی بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانی دەماری (NLP): ------------------- ٦٩

دەروازەی پێنجەم

ڕوونکردنەوەی پەیوەندییان بە ئایین و ڕێبازە لادەرەکانی دیکەوە

دەروازەی پێنجەم ---------------------------------------------------- ٨٠

ڕوونکردنەوەی پەیوەندییان بە ئایین و ڕێبازە لادەرەکانی دیکەوە ------------- ٨٠

دەروازەی شەشەم

هەڵوێستی ئیسلام لەبەرانبەر ئەم ڕێباز و ڕاهێنان و پراکتیزانە، و وەڵامدانەوەی دیارترین گومانەکان

دەروازەی شەشەم --------------------------------------------------- ٨٨

هەڵوێستی ئیسلام لەبەرانبەر ئەم ڕێباز و ڕاهێنان و جێبەجێکارییانە، و وەڵامدانەوەی دیارترین گومانەکان ------------------------------------------------ ٨٨

گفتوگۆی دیارترین گومانەکان: ------------------------------------ ٩٨

کۆتایی

کۆتایی------------------------------------------------------------- ١٢٠

سەرچاوەکان------------------------------------------------------- ١٢٥

سەرچاوە بیانییەکان--------------------------------------------- ١٢٨




ئەم بەرهەمە توێژینەوەیەکی زانستییە لەسەر ڕێبازە فەلسەفییە ئیلحادییە ڕۆحییەکان و جێبەجێکارییەکانی هاوچەرخیان، لەم پەرتووکەدا کۆمەڵێک پرسی گرنگ و هەستیار خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، لەوانە:

- ناساندنی ئەم ڕێبازانە و ڕوونکردنەوەی حەقیقەتیان و سەرەتای سەرهەڵدان و ڕیشە هزرییەکان.
-باسکردنی دیارترین ئەو ناوەند و ڕێکخراو و لایەنانەی کاردەکەن بۆ بەبازاڕکردنی پرسی ئیلحادی ڕۆحی.- ڕوونکردنەوەی؛ عەقیدەی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود)، دۆنادۆن (تناسخ الأرواح)، کارما، نیرڤانا، چاکراکان، فەلسەفەی یین و یانگ، جەستەی ئەسیری، وزەی گەردوونی، مێدیتەیشن، پرانا، یۆگا و، چەندان چەمکی دیکە. -قسەکردن لەسەر دیارترین شێواز و جێبەجێکارییەکانی هاوچەرخ و کۆرسەکانی وەک: ماکرۆبایۆتیک، ریکی، چی کۆنگ، وزەی مرۆیی، مێدیتەیشن و، بەرنامەڕێژکردنی زمانەوانی دەماری (NLP).- ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەم ڕێبازانە و ئایینەکانی وەک: هندۆسی، تائۆیست، بودا، شینتۆ، مەهاریشی، هۆنا، شامانیزم، ئاینەکانی هیندییە سوورەکان و، کۆمەڵەی ئایینە مۆدێرنەکانی ڕۆژئاوا و ...هتد.

- هەڵوێستی ئیسلام بەرانبەر ئەم ڕێباز و جێبەجێکارییانە و وەڵامدانەوەی دیارترین گومانەکان.

ئەمانە و چەندین بابەتی هەستیاری دیکە لەم پەرتووکەدا توێژینەوەی لەبارەوە کراوە، ئەم پەرتووکە بەرچاوڕوونی بە خوێنەر دەدات لەسەر شێوازی مامەڵەی دروست لەگەڵ پرسی ڕێبازە فەلسەفییە ئیلحادییە ڕۆحییەکان و جێبەجێکارییەکانی هاوچەرخیان.

ASTANA

نرخ : ٤٠٠٠ دینار

9 783385 986695